# ڕۆژنامە ٧

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات


No.562 Tue 29/ 12/ 2009 | نرخ 750 دینار | ژمارە 562 سێشەممە 29 /12/ 2009







٥



**جەمال عەبدول:**


## دەیانویست دەستەی نەزاهە دەستەمۆ بکەن

# «تیرۆری سیاسیی دەستپێکردووە»

# بارودۆخی ئەمنیی سلێمانی دەشڵەقێت


ل ٥ – ١٧ – ٢٠

## پیرەمەگروون چی پێوتین؟









**ڕۆژنامە**

بارودۆخی ئەمنیی سنووری پارێزگای سلێمانی گەیشتووەتە دۆخێک، کە مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت هێزە ئەمنییەکانی ئەو پارێزگایە نەتوانن پارێزگاریی لە ئاسایشی هاوڵاتییان بکەن‌و بەوهۆیەشەوە لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردووەوە چەندین حاڵەتی کوشتن‌و تەقەلێکردن‌و فەلاقەکردنی هاوڵاتییان ڕوویداوە.

لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا چەندین حاڵەتی کوشتن‌و تەقەکردن‌و ڕفاندنی هاوڵاتییان لە سنووری پارێزگای سلێمانی ڕوویانداوە، کە بەشی زۆری ئەو کەسانەی ڕووبەڕووی ئەو حاڵەتانە بوونەتەوە پەیوەندییان بە بزووتنەوەی گۆڕانەوە هەیە، یان کاریان بۆ گۆڕان کردووە.

ئەو کەسانەی کە لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا هەوڵی کوشتن‌و بریندارکردنیان دراوە بریتین لە (ڕۆژنامەنووس بەختیار سەعید، کە ئۆتۆمبێلەکەی سووتێنرا، ڕۆژی (١١/٧) لە گەڕەکی بەختیاری دوو چەکدار بە بۆری هێرشیانکردە سەر فەریق داراو دوای ئەوەی سەری لە چەند لایەکەوە شکێنرا، دواتر هەڵاتن، سەردار قادر لە (٢٠٠٩/١٢/٤) لە ماڵی کەسێکی نزیکی خۆی لەناوجەرگەی سلێمانیدا، درایە بەر دەستڕێژی گوللە، هەروەها (١١)ڕۆژ لەمەوبەر پێشمەرگەیەک بەناوی یاسین عەبدوڵڵا لە گەڕەکی مامۆستایانی سلێمانی تەقەی لێکرا، جگە لەوەی بورهانی حەمەی حەمەڕەمەزان لە گوندی شانەدەری شارەزوور لە نیوەشەوی (١٢/٢٢)دا، تەقەی لێکراوەو گوللە بەر ورگی کەوتووە، هەروەها کۆتایی هەفتەی ڕابردووش ڕەئوف زەڕایەنی لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لە هەڵەبجەی تازە کوژرا، بەبێ ئەوەی ئەنجامدەری ئەم کارانە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە بدۆزرێنەوە، هەروەها نیوە شەوی پێری (١٢/٢٧)، چەند چەکدارێک دەستڕێژی گوللەیان لە ماڵی بەختیار شێخ عوسمان کرد، کە زۆرینەی ئەو قوربانییانە لەوکەسانەن کە لایەنگری بزووتنەوەی گۆڕانن، ئەمەش بووەتە جێگەی گومان لای هاوڵاتییان‌و چاودێرانی سیاسیی.

جگە لەوەی چەند حاڵەتێکی دیکەی کوشتنی نادیار لە قەزاو ناحیەکانی سلێمانی ئەنجامدراون.

د.جەعفەر عەلی ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەو بارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: لەکاتی سەردانی مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دەڤەری پشدەرو بتوێن، ئەو بارودۆخە ناسەقامگیرە ئەمنییەیان بە سەرۆکی هەرێم ڕاگەیاندووە، کە لەدوای ئەوەی لە سەرەتاوە سزای سیاسیی بۆ نانبڕینی کارمەندی حکومەت دەستپێکرد، ئێستا گۆڕاوە بۆ تیرۆری سیاسیی لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتیی.

د.جەعفەر وتیشی: «کاک مەسعود پێی ڕاگەیاندین؛ کە تەلەفۆن بۆ جەنابی مام جەلال دەکات‌و ئەو بارودۆخە قبوولناکات».

لەلایەکی دیکەوە، ژمارەیەک لەو پێشمەرگە دێرینانەی کە لە ساڵانی ڕابردوودا پێشمەرگەی لایەنە سیاسییەکان بوون، لە یاداشتێکدا باس لەوە دەکەن، کە لە ئێستادا بە مەرامی سیاسیی هەوڵی تیرۆرکردنیان دەدرێت، هاوکات داواکارن لە دەزگا ئەمنییەکان کە بەجدییەوە بەدوای تاوانبارانادا بگەڕێن‌و بیاندەنە دادگا.

لەو یاداشتەدا ئەو پێشمەرگە دێرینانە باس لەوە دەکەن: «لەکاتێکدا هێرشدەکرێتە سەر ئەو پێشمەرگە دێرینانە، کە لە ڕابردوودا زۆر لە تەمەنی خۆیان کردە سووتەمەنی شۆڕشی میللەتەکەیان‌و هەوڵی تیرۆرکردنیان دەدرێت، کە لە ڕاستیدا ئەمە کارێکە دوورە لە هەرجۆرە بیرکردنەوەیەکی مەسئولانەو دڵسۆزانەی وا کە داهاتووی میللەتەکەمانی بە وردیی لەبەرچاوگرتبێت‌و عەقڵی هەر دەستەو کەسێک بێت پێویستە ڕیسوا بکرێت، چونکە بەردەوامبوون لەسەر ئەم دیاردەیەو خەمساردیی لە ئاستیدا دوور نییە ببێتە مایەی خوڵقاندنی داهاتوویەکی لێڵ وا لەماوەیەکی کورت‌و ئاساندا خاوەنی ئەمجۆرە بیرکردنەوانەو ئەنجامدەرانیشی (کە بە دڵنیاییەوە خۆیان بە خاوەنی ئەم میللەت‌و خاکە نازانن) بەڕێکەوت‌و تورەیی مێژوو لە ناویان بەرێت.

# غەدر لە دهۆکی بووکی کوردستان دەکرێت

١٩

## ئۆپۆزسیۆن داوای کورتکردنەوەی پشووی پەرلەمان دەکات

**پشتیوان سەعدوڵڵا**

هەرسێ فراکسیۆنی گۆڕان، کۆمەڵ، یەکگرتوو لە پەرلەمانی کوردستان داوای دواخستنی پشووی پەرلەمان‌و درێژکردنەوەی ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان دەکەن.

ئارام قادر، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامیی لە پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئێمە وەکو هەرسێ فراکسیۆنی (کۆمەڵ‌و گۆڕان‌و یەکگرتوو) یاداشتێکمان ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردووە بۆ درێژکردنەوەی دەوامی پەرلەمان تا (٢٠١٠/١/١٥)، ئەم داخوازییەشمان لە سۆنگەی ئەوەوە هات، بەداخەوە لەم خولەیدا پەرلەمان نەیتوانی کۆمەلە پرۆژەیاسایەک پەسەند بکات، کە پەیوەندییان بە کاروباری خەڵکەوە هەیە، ئەویش کەموکورتی‌و کەلێنی نێو پەرلەمانی کوردستانە.

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ پشووی پەرلەمانی کوردستان لە (١/١وە، تا ٣/١) دەستپێدەکات، دوێنێ دووشەممەش هەرسێ فراکسیۆنی گۆڕان، یەکگرتووی ئیسلامیی، کۆمەڵی ئیسلامیی (خاوەنی (٣٥) کورسی پەرلەمان) یاداشتێکیان پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان کردو داوای درێژکردنەوەی کارەکانی ئەم خولەی پەرلەمان دەکەن تا (٢٠١٠/١/١٥).

## دەسەڵاتداران بەکۆمەڵێک شکستەوە کورد دەخەنە ٢٠١٠-وە

**ڕۆژنامە**

شارەزایانی سیاسیی پێیانوایە بەهۆی سیاسەتە هەڵەکانی بڕیاربەدەستانی کوردەوە، هەرێمی کوردستان بەکۆمەڵێک کێشەوە دەچێتە ناوساڵی نوێوە.

چوونە ناوساڵی تازەوە لەکاتێکدایە کە بارودۆخی خزمەتگوزاریی‌و کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان تادێت بەرەو خراپبوون دەڕوات‌و کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمیش هیچ ئەولەویاتێکی دانەناوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی هاوڵاتییان. هەروەها لەڕووی سیاسیشەوە ساڵی داهاتوو بۆ کورد وێستگەیەکی مەترسیدارەو ڕووبەڕووی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقی دەبێتەوە کە پێگەکەی لەبەغدا لاواز دەکات.

د.بورهان یاسین لێکۆڵەری سیاسیی کورد بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کورد بەرەو ڕووی هەڵبژاردنێک دەبێتەوە، کە لەوێدا ئەگەرەکان بەشێوەیەکن هاوسەنگییەکان بە زیانی کورد بشکێنەوە، وتیشی: «پێدەچێت ئەوەی لە موسڵ بەسەر کورددا هات، لە بەغدا بەشێوەیەکی گشتیی ڕوویداتەوە، بەو مانایەی کورد بەرەو ڕووی حاڵەتێکە، کە عێراق وەک موسڵێکی گەورەی لێبێت، واتە وەکچۆن کورد لە موسڵ پەراوێزخرا، لەسەر ئاستی عێراقیش ئەو هەوڵە بەرامبەر کورد کارا بکرێت».

**لە ل (١٠)دا ڕاپۆرتێک بڵاوکراوەتەوە**

٦–٧



**قادری حاجی عەلی:**

## پێویستە تاڵەبانی‌و بارزانی پرس بە پەرلەمانی کوردستان بکەن

# مایکڵ ڕۆبن: هەتا حکومەتی هەرێم هەوڵی جدیی بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیی نەدات، توندوتیژیی بەردەوامدەبێت

**شاڵاو فەتاح**

مایکڵ ڕۆبن، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی ئاماژە بەوەدەکات، کە ئەگەر حکومەتی هەرێم هەوڵی جدیی بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیی نەدات توندوتیژیی بەردەوامدەبێت و خۆپیشاندانی ئەم دواییەی پیرەمەگروون بە وێنەدانەوەی خۆپیشاندانی ساڵی ٢٠٠٦ی هەڵەبجە دەبینێت و دەشنووسێت: «لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕووداوانـــە ڕوودەدەن، کەچی حکومەتی هەرێم مەنسوبییەت ڕووی تێدەکات».

خـۆپـیـشـانـدانـەکـەی شـارۆچـکـەی پیرەمەگروون گرنگییەکی سیاسیی مێژوویی هەبوو، بەڵام ئـەوەی ئەم خۆپیشاندانەی جیاوازکرد لە خۆپیشاندانەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە ئەوە بوو، کە خۆپیشاندانەکە لەسەر یەک «وشە» بوو، ئەمەش دەکرێت بە هۆشیاربوونەوەیەکی باڵای جەماوەریی لێکبدرێتەوە بەرەو هێنانەدی ئازادییەکانی خۆیان، ئەمە جگە لەوەی ئەم خۆپیشاندانە دەنگدانەوەیەکی فراوانی هەبوو لە میدیای ناوخۆیی و جیهانیدا، بەجۆرێک کە مایکڵ ڕۆبن، ڕۆژنامەنووسی ئەمریکی لە کورتەوتارێکدا لە سایتی ناشناڵ ڕیڤیو بڵاویکردووەتەوە، خۆپیشاندانەکەی پـیـرەمـەگـروون بە «وێنەدانەوەی ڕووداوەکـەی هەڵەبجە»و تووڕەبوونی جەماوەری ئەو شارەی ساڵی (٢٠٠٦)ی ناوزەدکرد.

مایکڵ ڕۆبـن ڕووداوەکـــە بە ئاکامی کەمبوونەوەی خزمەتگوزاریی و نەبوونی هەوڵی جدیی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی گەندەڵیی لە ناوچەکە لەقەڵەمدەدات و دەنووسێت، «هەتا حکومەت کاری جدیی نەکات بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵیی لە کـوردسـتـان، توندوتیژیی و ناجێگیریی بەردەوامدەبێت»، بەڵام ڕۆبن ڕەشبینیی خۆی بەرامبەر بارودۆخەکە پیشاندەدات، چونکە وەک خۆی دەڵێت، لەگەڵ ئەوەی ئەم ڕووداوانە ڕوودەدەن، کەچی حکومەتی هەرێم مەنسووبیەت ڕووی تێدەکات.



# هەڵبژاردن بارودۆخی بزووتنەوەی ئیسلامیی دەشڵەژێنێت

**بەهادین یوسف**

بێ ئاگاداریی مەکتەبی سیاسیی و شـــوورای بـزووتـنـەوەی ئیسلامیی کوردستان، جێگۆڕکێ لە ناوی کاندیدەکانی بـزووتـنـەوە لـە چـوارچـێـوەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستاندا لە هەولێر و سلێمانی دەکرێت، ئەمەش بەشێکی زۆری مەکتەبی سیاسیی و شورای بزووتنەوە تووڕەدەکات و هەڕەشەی ئەوەش دەکەن ئەگەر یەکێتی و پارتی ڕازیـی نەبن بە گۆڕینەوەی ناوی کاندیدەکانیان، ئەوا لە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی دەکشێنەوە.

بـەپـێـی سـەرچـاوەیـەکـی بـاڵا لە بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بۆ دانانی کاندیدەکانی بزووتنەوە لە هەولێر و سلێمانی، سەرەتا بزووتنەوە سێ کاندیدی بۆ سلێمانی هەبووە (محەمەد مەلا عەلی، نازدار ئیبراهیم تاهیر و عەتا لەتیف فەرەج ناسراو بە مامۆستا ئالان)، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو دووکەسەی دیکە بە دڵی یەکێتی نەبوون، ناچار مامۆستا ئالان دانراوە بە کاندیدی یەکەمی بزووتنەوە، بەڵام ئێستا محەمەدی کوڕی مەلا عەلی کە لە دوبەی نیشتەجێیە لەم چەند ڕۆژەدا دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و هەڵەبجە، هەڕەشەی کردووە ئەگەر ناوی ئەو لەبری ئالان نەخرێتە ڕیزبەندی یەکەم لەنێو پاڵێوراوەکانی بزووتنەوە، ئەوا لە لیستی هاوپەیمانیی دەکشێنەوە.

لە هەولێریش بزووتنەوە سێ کاندیدی هـەبـووە (عـەبـدوڵـڵا وەرتـــێ، نەجات خزر، د.محەمەد بازیانی)، بەڵام بەهۆی نزیکیی لە پارتی دیموکراتی کوردستان و بەشداریکردنی لە مەراسیمی ڕاگەیاندنی لیستی هاوپەیمانیی د.محەمەد بازیانی گـۆڕاوە بە ڕیزبەندی یەکەم و عەبدوڵڵا وەرتێ کراوە بە سێیەم.

لەوبارەیەوە کەمال ڕەحیم، ئەندامی مـەکـتـەبـی سیاسیی بـزووتـنـەوەی ئیسلامیی کوردستان، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە پشتڕاستکردەوە، کە بێ ئاگاداریی مەکتەبی سیاسیی گۆڕانکاریی لـە ڕیزبەندی ناوی کاندیدەکانی بزووتنەوە لە لیستی هاوپەیمانیی کـراوە و لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «کاندیدی بزووتنەوە لە لیستی هاوپەیمانیی بۆ سلێمانی محەمەد کوڕی مامۆستا عەلییە، بەڵام لەبەرئەوەی مامۆستا ئالان خۆی نوێنەری بزووتنەوەیە لە کۆمسیۆن ناوی خۆی لە یەکەمەوە دانابوو، بۆیە ڕابـەری گشتیی نامەیەک ئـاراسـتـەی کۆمسیۆنی بـاڵا دەکـات و لەگەڵ وەکیلەکەی خۆی لە کۆمسیۆن کە حاجی بیلالە کار لەسەر ئەوە دەکات ناوەکان بخرێنەوە جێگای خۆیان، ئێمە ڕاستیدەکەینەوە نەک ناوەکان بگۆڕین».

ئـەنـدامـەکـەی مەکتەبی سیاسیی بـزووتـنـەوە ئـەوەشـی بـۆ ڕۆژنـامـە ئاشکراکرد: «قسەیان لەگەڵ جەعفەر ئیبراهیم، بەرپرسی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی کردووە سەبارەت بە گۆڕینی شوێنی ناوی کاندیدەکانی پارێزگای هەولێر و ئەویش پێیڕاگەیاندوون، کە بزووتنەوە خۆی ڕیزبەندی ناوەکانی دادەنێت و ئەوان گۆڕانیان لە ناوەکان نەکردووە».

سەبارەت بە ڕیزبەندی کاندیدەکانی بزووتنەوەش لە هەولێر، بیلال ڕەحیم وتـی: «لـەو ڕیزبەندییەی کە مەکتەبی سیاسیی ئاراستەی کۆمسیۆنی کردووە د.محەمەد بازیانی سێیەمە، عەبدوڵڵا وەرتێ یەکەمە، خوشکێک بەناوی نەجات خزر دووەمە، بەڵام ئێستا ڕیزبەندییەکە دەستکاریی کراوە، پێشتر بازیانی داوای لە حاجی بیلال، نوێنەری ڕابەری گشتیی بزووتنەوە لە کۆمسیۆن کـردووە، کە ناوەکەی بهێنێتە پێشەوە، بەڵام ڕازیی نەبووە، بـەڵام دوایـی د. بازیانی خۆی چووە دەستکاریی کردووە و ناوی خۆی کردووەتە ڕیزبەندی یەکەمەوە و ئێمەش ئەوەمان ڕاستکردووەتەوە، سەرمان لەوە سوڕماوە چۆن بێ ئاگاداریی مەکتەبی سیاسیی ئەو گۆڕانانە کراون».



# یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتدا بە دوور دەزانرێت

**ڕۆژنامە**

بە سەرپەرشتی سەرۆکی هەرێم لیژنەیەک بۆ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان پێکدەهێنرێت، عوسمان بانیمارانی، هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان، یەکگرتنەوەی ئەو دوو فەرماندەییەو یەکخستنەوەیان لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگەدا بە دوور دەزانێت.

لە (٢٠٠٧/٧/٢) پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (١٩)ی یاسای وەزارەتی پێشمەرگەی دەرکردو لە (١٢)ی هەمان مانگدا یاساکە لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە پەسەند کراوە، پێویست بوو لەدوای ئەم بەروارەوە دەست بە یەکگرتنەوەی فیعلی وەزارەت‌و هێزەکان بکرێت، بەڵام دوای دوو ساڵ یەکگرتنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە ڕاگەیەنرا، لە ئێستاشدا کار بۆ یەکگرتنەوەی فیعلی هێزی پێشمەرگەی کوردستان‌و یەکخستنەوەی یەکەکان دەکرێت.



کۆبوونەوەی بارزانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای پێشمەرگە ٢٠٠٩/١٢/٢٧ فۆتۆ: KRP

جەبار یاوەر ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە بۆ ڕۆژنامە تەئکیدی کردەوە؛ لە کۆبوونەوەی ڕۆژی (٢٧)ی ئەم مانگەدا، کە بەسەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم‌و ئامادەبوونی وەفدی باڵای فەرماندەیی گشتیی‌و فەرماندەیی لەشکری کوردستان بەڕێوەچوو، بڕیاردرا کە بەجدیی کار بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بکرێت‌و بۆ ئەو مەبەستەش لیژنەیەکی باڵا لە هەردوو فەرماندەییەکە پێکهێنرا تا لەماوەی (٢-٣) مانگدا کارەکان ئەنجام بدەن.

لە گرنگترین ئەو کارانەی بڕیاروایە لیژنەکە ئەنجامی بدات، چۆنێتی دانانی یەکەکان‌و تەشکیلەی نوێی هێزەکانی نوێی پاسەوانی هەرێم‌و بەستنەوەیانە بە وەزارەتی پێشمەرگەوە، کە بە وتەی ئەنــوەری حاجی عوسمان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە، ئەوە کارێکی ئاسان نییە، چونکە «ئەو دوو فەرماندەییە چەندین ساڵ دژ بەیەک شەڕیان کردووەو ناکرێت لە شەو و ڕۆژێکدا یەکبخرێنەوە»، بەڵام کاری جدیی بۆ یەکخستنەوەیان دەکرێت، وەک یەکەم هەنگاویش بڕیاردراوە، کە دوو لیوای یەکگرتوو بۆ پاراستنی ناوچەکانی خۆرهەڵات‌و باکووری کەرکوک پێکبهێنرێت، کە وەک بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە ئاماژەی پێکرد؛ ئەو دوو لیوایە بە ڕێکەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ پارێزگاریی ئەو ناوچەیە دەکەن‌و ناوچەکانی خۆرئاواو باشووری کەرکوکیش لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە دەپارێزرێت.

لە بەرامبەردا عوسمان بانیمارانی هەڵسووڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە بە دووریزانی، کە کورد هێزێکی یەکگرتووی هەبێت کە ببنە هێزی گەل‌و بتوانرێت ئەو دوو عەقڵیەتی بەڕێوەبردنە یەکبخرێن‌و ببنە هێزێکی نیزامیی.

بە وتەی بانیمارانی ئەگەر وەزیری پێشمەرگە توانی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە زاخۆ تا خانەقین لەژێر دەسەڵاتی وەزارەتدا کۆبکاتەوەو کەس نەتوانێت دەست لە کاروباری وەزارەت وەربدات‌و هێزەکانی پێشمەرگە، کە پاسەوانی مەسئول‌و کۆمپانیای شەخسی دەکەن لەناو شارەکاندا، ئەوانە هەموو کۆکرانەوەو لە دەرەوەی شار سەربازگەیان بۆ کرایەوە، ئەوکات دەتوانین بڵێین؛ کە هێزێکی نیزامیی یەکگرتوومان هەیە، کێشەی هێزی پێشمەرگەش لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ چارەسەر دەبێت‌و هێزێکی نیزامیی پێکدەهێنرێت، بەڵام ئەگەر ئەم کۆبوونەوانەش تەنیا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بێت‌و وەزارەتی پێشمەرگە بە یەک وەزارەتی بمێنێتەوە، تەنیا بەشێوەو لە ناوەخندا دوو عەقڵیەت‌و دوو هێز بێت، ئەوا باسنەکردنی ئەو کۆبوونەوانە باشترە، چونکە خەڵک چیتر باوەڕ بە کۆبوونەوەو بڕیارەکانی ناکات کە کرداری لەگەڵ نەبێت.

ژمارەی هێزەکانی فەرماندەیی گشتیی‌و فەرماندەیی لەشکری کوردستان لە ئێستادا پێویستە کەمبکرێنەوە بۆ ئەو ڕێژەیەی، کە لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ لەسەری ڕێکەوتبوون، کە پێویستە هەرێم نزیکەی (٧٠) هەزار پاسەوانی هەرێمی هەبێت، ئەمەش لە کاتێکدا کە زیاتر لە (٢٥٠) هەزار پێشمەرگە لە کوردستاندا هەیە، لەمبارەیەوە ئەمینداری گشتیی وەزارەتی پێشمەرگە ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو؛ کە لەگەڵ یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە ئەو هێزانە پوخت دەکرێنەوە، بە شێوەیەک هێزەکان مەرجی سەربازییان تێدا بێت‌و ئەوانەشی کە ئەو مەرجانە نایانگرێتەوە خانەنشین دەکرێن‌و ئەوانەشی کە کەمئەندامن حسابێکی دیکەیان بۆ دەکرێت، لەبەر ئەوەی پێویستە هێزەکان لەگەڵ یەکگرتنەوەیان وایان لێبکرێت، کە لەگەڵ میلاکاتی وەزارەت‌و توانای حکومەتی هەرێمدا بگونجێت.

# لەترسی هێزە ئەمنییەکان خۆپیشاندانەکەی سەیدسادق دواخرا

**ئارام نەجیم**

بڕیاربوو دوێنێ بەهۆی نارەزایی دانیشتووانی قەزای سەیدسادق لە نەبوونی خزمەتگوزاریی لە قەزاکەیاندا، خۆپیشاندانێکی جەماوەریی ڕێکبخرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش هێنرابوونە قەزاکەوە، خۆپیشاندانەکە دواخرا بۆ کاتێکی نادیار.

ئەندامێکی دەستەی باڵای خۆپیشاندانەکە، کە نەیویست ناوی ئاشکرابکرێت بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی هێزەکانی پۆلیس‌و ئاسایش، کە لەدەرەوەی قەزای سەیدسادقەوە هێنرابوون بۆ سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرەکان، بڕیارماندا بۆ سەلامەتی گیانی خۆپیشاندەران خۆپیشاندانەکە دوابخەین بۆ کاتێکی نادیار».

ئەرکان حەسەن قایمقامی قەزای سەیدسادقیش ئاماژەی بەوە کرد؛ کە بیستوویانە دانیشتووانی قەزاکە بەنیازی خۆپیشاندانن، «بەڵام بە فەرمی هیچ کەسێک داوای مۆڵەتی لە ئێمە نەکردووە بۆ خۆپیشاندان».

سەبارەت بەهێنانی هێزی پۆلیس‌و ئاسایش بۆ ناو قەزای سەیدسادق، قایمقامی سەیدساق وتی: «ئەو هێزانە تەنیا هێزی پۆلیس‌و ئاسایشی ناوخۆی قەزاکەمانن‌و هیچ هێزێکی سەربازیمان لەدەرەوە نەهێناوە».

بەڵام وێڕای قسەکانی قایمقامی قەزاکە، سەرچاوەیەکی ئاگادار لە پۆلیسی سەیدسادقەوە ئەوەی بۆ ڕۆژنامە پشتڕاستکردەوە، هێزێکی زۆری پۆلیس‌و ئاسایش لەدەرەوەی قەزاکەوە هێنراون‌و بەناو شاردا بڵاوکراونەتەوە بۆ ڕێگرتن لە ئەنجامدانی خۆپیشاندان، بۆ سەلماندنی ڕاستییەکەش ئاماژەی بەو (٧) ئۆتۆمبێلە فۆردە پۆلیسییە کرد، کە دوێنێ لەبەردەم پۆلیسی سەیدسادقدا بینراون، «چونکە پۆلیسی سەیدسادق خۆی دوان لەو ئۆتۆمبێلانەی هەیە».

سەرچاوەکە ئەوەشی درکاند؛ کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی پێشمەرگە لەدەرەوەی سەیدسادقدا لە ئامادەباشیدان بۆ ئەوەی لە حاڵەتی خۆپیشاندانەدا بهێنرێنە ناو سەیدسادقەوەو ڕێگە لە خۆپیشاندەران بگرن.

# چەندین پڕۆژەیاسای گرنگی لەبەردەستدایە دوو هەفتەیە پەرلەمان هیچ دانیشتنێکی ئەنجامنەداوە

**شارا عەبدولڕەحمان**

ماوەی دوو هەفتەیە پەرلەمانی کوردستان هیچ دانیشتنێکی ئەنجامنەداوە، ئەمە لەکاتێکدا لەلایەن فراکسیۆن‌و لیژنەکانییەوە چەندین پڕۆژەیاسای ئاراستەکراوەو ژمارەیەک پڕۆژەیاسای خولی ڕابردووش ماون‌و حکومەتیش (٤) پڕۆژەیاسای نوێی بۆ پەرلەمان ناردووە.

دوا کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان، کە لە ڕۆژی (١٢/١٥)دا ئەنجامدرا، تایبەت بوو بە گفتوگۆکردن لەسەر ئەنجامی ئەو سەردانەی کە وەفدی پەرلەمانی کوردستان بۆ بەغداو تایبەت بە تاووتوێکردنی یاسای هەڵبژاردنەکان ئەنجامیاندابوو، لەدوای ئەو کۆبوونەوەیەشەوە کە دوو هەفتە لەمەوبەر بوو پەرلەمانی کوردستان هیچ دانیشتنێکی دیکەی ئەنجامنەداوەو چەندین پڕۆژەیاساش بە هەڵپەسێردراوی لە پەرلەماندا ماوەتەوە.

تاریق جەوهەر، ڕاوێژکاری ڕاگەیاندنی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەوبارەیەوە بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: کۆبوونەوەی پەرلەمان پەیوەندیی بە سەرقاڵیی لیژنەکانەوە هەیە بەو پڕۆژەیاسایانەی کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو ئاراستەیان کراوەو لەو ماوەیەدا خەریکی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانیان بوون لەسەریان».

لە سەرەتای خولی سێیەمی پەرلەمانەوە فراکسیۆن‌و لیژنەکانی پەرلەمان چەندین پڕۆژەیاسایان ئاراستەی پەرلەمان کردووە بۆ تاووتوێکردنی‌و ژمارەیەک پڕۆژەیاسای خولی ڕابردووش ماونەتەوەو هاوکات حکومەتی هەرێمیش هەر چوار پڕۆژەیاسای (دامەزراندنی دەستەی نەزاهە، ئەنجومەنی بەرگریی لە مافی مرۆڤ، پاراستنی ژینگە، فەرمانگەی بەڕێوەبردنی کارەکانی ناوچە جێناکۆکەکانی هەرێم)ی ئاراستەی پەرلەمان کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی پەرلەمان دانیشتنەکانی ئەنجام نادات، تێپەڕاندنی ئەو پڕۆژەیاسایانە دواکەوتوون.

# دوای بڕینی قاسەکەی، تائێستا خەزنەداری پۆلیسی سلێمانی دەستگیرنەکراوە

**ڕۆژنامە**

دوای ئەوەی کە خەزنەداری سندوقی بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی سلێمانی بڕێک پارەی بەڕێوەبەرێتییەکەی بردو ماوەی ١٥ ڕۆژە هەڵاتووە، تائێستا لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە نەکراوەو نازانرێت بڕی چەند پارەی بردووە.

عەمید نەجمەدین قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ئەو ئەفسەرە جگە لە بردنی پارەی بەڕێوەبەرێتیی پۆلیس، کۆمەڵێک پارەی لە هاوڕێ پۆلیسەکانیشی قەرزکردووەو هەڵاتووە، بەڵام تائێستا نازانین چەندێک پارەی بردووەو ناشزانین لە کوێیە، بەڵام ئەوەندە دەزانین کە لە شاری سلێمانیدا نییەو ژن‌و منداڵەکەیشی بردووە.

عەمید نەجمەدین، وتیشی: «لە پۆلیسی سلێمانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر پێکهێنراوەو داوامان لە بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی گشتیی هەرێم کردووە بۆ شکاندنی قاسەکە، چونکە قاسەکە بڕێکی زۆر پارەی تێدایەو لە دادگا سکاڵا لەسەر ئەو خەزنەدارە تۆمارکراوەو بڕیاری دەستگیرکردنی دراوە».

# جەمال عەبدول: کە زانییان دەمەوێت دەستەیەکی نەزاهەی کاریگەر دروستبکەم، دەیانویست دەستەکە ئەڵقە لەگوێو دەستەمۆ بکەن

سازدانی: ڕۆژنامە

**ساڵی ڕابردوو مامۆستا جەمال عەبدول، کەسایەتیی ناسراو، لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە تەکلیفی لێدەکرێت کار بۆ پێکهێنانی دەستەیەکی نەزاهە لە هەرێمی کوردستان بکات، بەڵام دوای (٦)جار چوونی بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمو هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی ئەو دەستەیە، سەرەنجام کارەکان جۆرێک لەساردو سڕی تێدەکەوێت. جەمال عەبدول لەم چاوپێکەوتنەی ڕۆژنامەدا دەڵێت: «لە سەرەتاوە پێشوازییەکی گەرمم لێکرا، بەڵام بەداخەوە هەر کە زانرا من بە ڕاستمەو بە موو لەو مەرجانە نایەمە خوارەوە کە دەستەبەری سەرکەوتنی پڕۆژەکەو بنەمای گێڕانەوەی باوەڕو متمانەیە بۆ دڵی کۆمەڵانی خەڵک، هەستم کرد لەوە دەچێت کە کارەکە بەرەو ئەوە بڕوات لە دەزگایەکی کاراو باوەڕپێکراوو متمانەپێدراوی هەمووانەوە، ببێتە (یان بکرێتە) دەستە یان لیژنەیەکی دەستەمۆو ئەڵقە لەگوێی وەک ئەو سەدان دەستەو دەزگاو ئەنجومەنانەی کە دروست کران.**

**ڕۆژنامە: لەم ڕۆژانەدا مەسەلەی پێکهێنانی دەستەی نەزاهە لە هەرێمی کوردستان، بە گەرمی قسەو باسی لەسەر دەکرێتو پڕۆژەیاسایەکیش لەو بارەیەوە گەڵاڵەکراوە، بەڕێزتان چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانن و گرنگیی پێکهێنانی دەستەی نەزاهە لەچیدا دەبیننەوە، لەکاتێکدا (١٨)ساڵە ئەزموونی حوکمڕانی لە کوردستان بەدەربووە لە بوونی لایەنێکی گرنگ کە لەگەندەڵی ئیداریی بکۆڵێتەوە؟**

_بێگومان، دیاردەی گەندەڵی، بەهەموو بابەتەکانیەوەو لەهیچ کۆمەڵێکدا نوێو ناکاو نییە، بەڵکو ئەنجامی چەند هۆیەکی جیاوازە کە لەکۆمەڵێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت بەپێی جیاوازیی پێشکەوتنو بارودۆخی مێژوویی‌و سیستمی سیاسیی‌و ئابووریی‌و ڕووناکبیریی‌و کۆمەڵایەتی‌و دابونەریتو چەمکو بەهاکان پەیدا دەبێت.

بۆیە پێویستە مرۆڤ بزانێت چۆن ڕەفتاری لەگەڵ دەکاتو ڕێبازو بەرنامەیەکی تایبەتو تۆکمەو گونجاو بۆ بەرەنگاربوونەوەو بەرهەڵستی‌و هەوڵی نەهێشتنی دادەنێت، دیارە ڕێگاکانی کارتیاکردنی تا ڕادەیەکی زۆر لەیەک دەچنو شوێنەوارو کاریگەریی وێرانکەری بۆ هەموان چونیەکە، بۆیە هەموو هەوڵێک بۆ بنەبڕو لەناوبردنو ڕیشەکێشکردنی گەندەڵی، دەبێت بەهاوکاری‌و هەرەوەزی هەموان بێتو ئەرکێکی نیشتمانی‌و نەتەوەیی‌و مرۆڤایەتیی ئەستۆی هەموانە.

بەباوەڕی من، ئەگەر حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان بەخۆیاندا نەچنەوەو پەند لەو هەموو ئەزموونە کردەیی‌و کارەساتو مەینەتییانەی هەژدەساڵی ڕابوردوو وەرنەگرنو لەجیاتی درێژەدان بەلایەنبازیی تەسکو ئەزموونی پەرلەمانێکی حیزبێنراوو ئیفلیجکراوو سەپێنراو، بە بڕیارێکی بوێرانەی سیاسیی‌و ڕەچاوکردنی ئەو بارودۆخە هەژیو و پڕ ناڕەزایی‌و بێزاریی‌و بەرەو ئاڵۆزی چووەی کوردستانو لە ڕوانگەی چاکەی گشتی‌و بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەوە ڕوانینە هەموو شتێکو باوەڕهێنان بە دیموکراسی‌و دەسەڵاتگۆڕکێو دەستاودەستی دەسەڵات ڕەفتار نەکەن، هەموو شتێکمان لەدەست دەچێتو مێژوویش ڕەحم بە کەس ناکات...!

بێگومان، بەخۆداچوونەوەو هەر بیرکەوتنەوەو بیرکردنەوەیەک لە پێویستیی بوونی دەزگایەکی خاوێنی‌و بەرهەڵستپێکردنێکی ڕاستگۆیانەو دڵسۆزانەی هەموو جۆرە گەندەڵییەک لەم بەشە نیمچە ئازادەی باشووری کوردستاندا، خۆی لەخۆیدا ڕووداوێکی گرنگو وەرچەرخانێکی گەورەو مێژووییە لە ڕەوتی کاروبار بەڕێوەبردنو ملکەچیی هەموان بۆ سەروەریی یاساو ڕێزگرتنی بنەماکانی مافی مرۆڤ لە هەموو بوارێکی ژیانو گێڕانەوەی باوەڕو متمانەی نێوان تاکەکانی کۆمەڵو کۆمەڵو دەسەڵاتە کە بنەمای ئاشتی‌و ئارامی‌و گەشەو پێشکەوتنەو تا ڕۆژێک زووتر دروست بکرێت درەنگە.

**ڕۆژنامە: تا چەند ئاگاداری ئەو پڕۆژەیاسا ئامادەکراوەی ئەنجومەنی وەزیرانیتو ڕۆڵی بەڕێزتان لە دروستکردنی ئەو دەستەیەدا چییە کە لە ڕابردوودا وا بڵاوکرایەوە کە یەکێکن لەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن؟**

_ئەوپڕۆژەیاساو پێڕەوەی کە بۆ دەستەی خاوێنی ئامادەکرا، شەش حەوت کۆبوونەوەی تێروتەسەلی بۆ کراو لەهەموو ڕوویەکەوە تاوتوێ کراوە، لەسەرەتاوە پێشوازییەکی گەرمی لێکرا، بەڵام بەداخەوە هەر کە زانرا من بە ڕاستمەو بەموو لەو مەرجانە نایەمە خوارەوە کە دەستەبەری سەرکەوتنی پڕۆژەکەو بنەمای گێڕانەوەی باوەڕو متمانەیە بۆ دڵی کۆمەڵانی خەڵکو هیچ دەستەبژێری‌و پەڕاندنو هەڵاوێردنێکی تێدا نابێت بۆ کەس‌و دوورە خاترانەو چاووڕاوە، ئەو گەرموگوڕی‌و پەرۆش‌و بەپیرەوەچوونەی نەماو هەستم کرد لەوە دەچێت کە کارەکە بەرەو ئەوە بڕوات لە دەزگایەکی کاراو باوەڕپێکراوو متمانەپێدراوی هەموانەوە کە دەستەبەری بەرهەڵستی کردنێکی ژیرانەو هێمنانەو یاساپارێزی‌و بێجیاوازی‌و بەچاوی چاکەی گشتییەوە ڕوانینە هەموو شتێکەوە، ببێتە (یان بکرێتە) دەستە یان لیژنەیەکی دەستەمۆو ئەڵقەلەگوێی وەک ئەو سەدان دەستەو دەزگاو ئەنجومەنانەی کە دروست کرانو دەکرێنو پاش ماوەیەک، هەر ناوو قەوارەیەکی بوودەڵەو کزۆڵەی بێدەسەڵاتو هیچ لەباردا نەبووو هیچ پێنەکراوو فەرامۆشکراو دەمێنێتەوەو هیچی تر...!!

**ڕۆژنامە: پێویستە جۆری ئەو خەڵکانەی ئیش لەو دەستەیەدا دەکەن لە ڕووی نەزیهی‌و شارەزاییەوە چۆن بێت؟ چی بکرێت بۆ ئەوەی ئەو دەستەیە بە تەواوەتی خاوەنی دەسەڵاتی لێکۆڵینەوە بێت لە کەموکورتی‌و گەندەڵییەکان؟**

_ ئاشکرایە، بەرەنگاری‌و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، لەم بارودۆخە ئاڵۆزو تایبەتەی کوردستاندا بەهیچ دەزگاو لایەنو دەسەڵاتێک بەتەنیا ناکرێت، دەبێت ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیە، مەبەستو ئامانجو کارو هەوڵو کۆششی یەکبینەو بەردەوامو بەکۆمەڵو هاوکارییەکی دڵسۆزانەو بەشداری‌و هەرەوەزی هەموان بێت.

بۆیە دەبێت هەموو ئەندامانی ئەو دەزگایە خەڵکی تا ئەوپەڕی توانست خاوێنو ڕاستگۆو بوێرو لەخۆبوردوو و بەهەڵوێستو دنیادیدەو شارەزاو بەئەزموونو لە پسپۆڕیی خۆیاندا کارامەو سەرڕاستو دڵسۆزو هەتەرو ناوبانگ جوانو خووڕەوشتبەرز خەمخۆرو بەتەنگەوەبووی ڕابوردوو و ئێستاو ئایندەی نەتەوەو نیشتمانەکەی بێتو هیچ پەڵەیەکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئاکاریی پێوە نەبێتو ئەو دەزگا یان دەستەیەیش بەمجۆرە بێت:

(١) لەژێر سایەی هیچ یەکێک لەسێ دەسەڵاتەکان (یاسادانانو کارگێڕی‌و داوەری)دا نەبێت.

(٢) بە بڕیارێکی سیاسیی گشتی دابمەزرێنرێتو هەموو سەرکردەو ڕێبەرە سیاسییەکانی کوردستان، ملکەچی‌و پێبەندیی خۆیان بۆ یاساو بڕیارە یاساییەکانی ئەو دەزگایە لە ڕێی میدیا هەمەجۆرەکانی کوردستانەوە بەخەڵکی کوردستان ڕابگەیەنن.

(٣) ئامانجی سەرەکیی دەزگاکە، بەرهەڵستی‌و ڕێگرتنو بوارنەدان بێت بەگەندەڵی، پێش لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەو بەپێی یاسا سزادانی خەڵکی.

**ڕۆژنامە: چەند پێویستە ئەم دەستەیە سوود لە ئەزموونی دەستەی نەزاهەی بەغدا وەربگرێت؟**


_ئەو دەستەیە، پێویستە سوود لەئەزموونی هەموولایەک (دوورو نزیک) وەربگرێت لەپێناوی سەرکەوتنی ئەو هەوڵە سەختو گرنگو پیرۆزەدا.

**ڕۆژنامە: چەند گرنگە ئەو دەستەیە قەزییەی سیاسیی تێکەڵ نەکرێتو حیزبەکان نەتوانن دەست بخەنە ئیشو کارەکانیانەوەو ئاڕاستەی نەکەن؟، چونکە خۆتان دەزانن لە ڕابردوودا و تائێستاش حیزب دەستی خستووەتە ناو هەموو کایەکانی حکومەتەوە؟**

_ سەرکردەی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدارو هەموو حیزبە دەسەڵاتدارو بێدەسەڵاتەکانی کوردستان، ویستو خواستی چاکسازی‌و پاکسازی‌و ڕیشەکێشی گەندەڵی، لەقسەوە بکەنە ویستی کارپێکردنو جێبەجێکردنو نەهێڵن مەکتەبی سیاسیی‌و ڕێکخستنو مەڵبەندو لقو کۆمیتەو لیژنە ناوچەکانیان، بەهیچ جۆرو بڕوبیانوو و پاساوێک دەست بخەنە کاروباری دامودەزگاکانی هەرسێ دەسەڵاتەکەوە، سزا دابنرێت بۆ هەموو ئەوانەی لەو بڕیارە دەردەچنو سەرپێچی دەکەن، هەر کەسێکو لەهەر پلەیەکدا بن. هەموو مەڵبەندە کۆمەڵایەتی‌و ئەو دەزگا حیزبییانەی هەموو حیزبەکان کە بوونەتە هۆی ڕیسواکردنو بێدەسەڵاتکردنی دەزگا حکومەتییە هاوشێوەکانیانو باوەڕپێنەمانی خەڵک پێیانو بوونەتە هەوێنو ماکی گەندەڵی، دابخرێن...!و زۆری تریش...!؟

**ڕۆژنامە: پەرلەمانی کوردستان چەند دەتوانێت ڕۆڵببینێت لە هاوکاریکردنی ئەو دەستەیەدا؟**

_ با پارلەمان چاکسازیی‌و بیرازبکرێت، ئەوسا بواربدرێت سەربەخۆو ئازادانە کارەکانی بکاتو خۆی لەکۆتو پێوەندی لایەنبازیی تەسک ڕزگار بکاتو ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی جێبەجێ بکاتو لە وەزیرەکان بپرسێتەوەو هەرکاتێک پێویستی کرد متمانەیان لێبسێنێتەوەو بودجەی هەرێم تاوتوێ بکاتو بە ڕوونی ئاشکرای بکاتو خەڵکی کوردستانیان لێئاگادار بکاتەوە. هەروەها دەسەڵاتی داوەری، بژاربکرێت لە خەڵکی گەندەڵو ناشایستەو دەرگای دادگاکان بخرێتە سەرپشت بۆ بەرەنگاربوونەوەی ستەمو بێدادی‌و سکاڵای هاوڵاتییانو بوارنەدات هیچ کەسێک دەستی تێکدان بخاتە کاروبارو بڕیارەکانیەوە.



جەمال عەبدول

---

# دەسەڵاتو خۆپیشاندان



فرمان عەبدولڕەحمان

ڕێکەوتێکی سەیرەو پێدەچێت ژیان لەم کۆمەڵگەیەدا لەسەر بازنەیەکی داخراو هەمیشە ئەزموونەکانی خۆی لەگەڵ هەردووپارتی دەسەڵاتداردا دووبارە بکاتەوە، لە هەموو دووبارەکردنەوەیەکیشدا یەک لۆژیک لەلایەن دەسەڵاتەوە ڕووداوەکانی پێ تەفسیرکراوە. لەساڵی (٢٠٠٦)دا چەند مانگێک دوای هەڵبژاردنەکانی کوردستانوعێراق،وەرزێک خۆپیشاندانی ناڕەزایی چەندین شارو شارۆچکەی هەرێمی گرتەوەو دواتر بەهۆی مامەڵەی خراپی هێزەکانی ناوخۆوە توندوتیژیی سەریهەڵداو چەندان هاوڵاتی برینداربوون، لەو وەرزی خۆپیشاندانانەدا بوو کە خۆپیشاندەرە نیگەرانو توڕەکانی هەڵەبجەی شەهید لە داخی فەرامۆشکردنی شارەکەیان لەلایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێمەوە مۆنۆمێنتی هەڵەبجەیان سووتاند، ئەوێ ڕۆژێ ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسیی ڕێکخراو لە کوردستاندا نەبوو، بەڵام لۆژیکی دەسەڵات هەر ئەوەبوو کە خۆپیشاندەران تێکدەرنو دەستیان لە پشتەوەیە، میدیای دەسەڵاتیش چەندی پێکرا لە ناشرینکردنی وێنەی خۆپیشاندانەکان کردی، تاڕادەی ئەوەی وێنەی ئەوانەی لە خۆپیشاندانەکەدا بەشدارییان کردبوو، کە لەلایەن پەیامنێرەکانیانەوە گیرابوو، بەخشیانە ئاسایشو دواتر زۆربەیان دەستگیرکران.

دوای ئەو هەموو ساڵە، دەسەڵات خاوەنی هەمان لۆژیکە لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییانەدا، کە هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان دەزانێت چەند خاڵیسو بێ خەوشنو تەنیا ئامانج لێی داواکردنی مافە سەرەتاییەکانی ژیانە، ئایا چ دەستێک لە پشت ئەو خۆپیشاندانەوە هەبێت کە گەنجێکی نیگەران داوای ئەوە دەکات لە (٢٠١٠)دا کارەباو ئاوو خزمەتگوزاریی هەبێت، دەسەڵاتو میدیاکەی زۆر بێباکانە شوناس بە پرۆسەکانی کۆمەڵگە دەدەنو وێنەی جۆراوجۆریان بۆ دادەتاشن بێئاگا لەوەی کە لەدوای ئەم شوناس بەخشینەوە چ کارەساتێک خۆی حەشار دەدات.

بە بڕوای من ئەمجۆرە خۆپیشاندانانە کە لەدوای هەردوو هەڵبژاردنەوە ڕوودەدەن، ماکی دووڕوویی دەسەڵاتە بەرامبەر بەڵێنەکانی، ئاخر وا (١٨) ساڵە دوو حیزبی زەبەلاح سێ پارێزگا بەڕێوەدەبەن، مانای نییە مرۆڤەکانی نائاسوودەو بێبەش بن لە سەرەتاییترین ماف، سەرباری ئەو هەموو بودجە زەبەلاحەی کە لە بەردەست هەردوو حیزبدایە، دەزانم قەڵەم بەدەستەکانی دەسەڵات هەمیشە دەڵێن «چۆن چی نەکراوە، شت کراوە، بەڵام دەبوایە باشتر بێت، دڵنیاشین باشتر دەبێت، بەڵام پەلە مەکەن».

ئایا (١٨) ساڵ مێژوویەک نییە بۆ تۆمارکردنی مێژوویەک کە مرۆڤ شانازیی پێوە بکات؟ چما هەرێم هێندەی ئەڵمانیا وێران ببوو لە جەنگی دووەمی جیهاندا، کە تەنیا شارێکی وەکو هامبورگ (٨٠٪)ی لەگەڵ زەویدا تەختکراو لەماوەی (٢٥) ساڵدا توانرا بکرێتە شاجوانی ئەوروپا.

دەبێت بەرپرسانی حکومەتو حیزبی دەسەڵاتدار تێبگەن کە ئەو خۆپیشاندانانە تەعبیرو پەرچەکردارێکی سروشتی‌و نۆرماڵی ئەو بارودۆخە ناهەموارەیە کە تەنیاوتەنیا دەسەڵات لێی بەرپرسیارە، بەوپێیەی لە ماوەی ڕابردوودا هیچ پلانێکی بۆ پێشخستنی وڵات نەبووەو هاوکات دەستەوسانە لە چارەسەرکردنی ئەو گەندەڵییەی کە جەستەی دەزگاکانی حکومەتی هەڵا هەڵا کردووە، چونکە هەمیشە بە چاوی موئامەرەوە دەڕوانێتە پرۆسەکان، حیزب پێی شەرمە کاربەدەستێکی لەسەر گەندەڵیی بدرێتە دادگا، بەڵکو ئەگەر کوڕێکی بە ئاشکرا لە گەندەڵییەوە گلا، دەبێت ئەو پاکانەی بۆ بکات، چونکە کوڕی حیزبە لە بری ئەوەی لێی بپرسرێتەوەو دادگایی بکرێت، ئەمەیە کارەساتی گەورەی ئەم وڵاتە.

پێموایە هەتا ناعەدالەتی‌و فەرامۆشکردنو نائاسوودەیی‌و گەندەڵیی لەم هەرێمەدا بوونی هەبێت، بەم تەرزە بێماناو سوریالییەی ئێستا هەیە، خۆپیشاندانی خەڵک گەرمترو بەتینتر دەبێت، دەشبێت چاوەڕێی کارەساتی گەورەتر بکەین.

هەربۆیە ئەرکی پەرلەمانی ئێستای خاوەن ئۆپۆزسیۆنە، کە فەرامۆشکردنی شارۆچکەکانی هەرێم لەلایەن دەسەڵاتەوە بکاتە وێستگەیەکی گرنگی کارکردنی داهاتووی خۆی، بەشێوەیەک دەسەڵات ناچاربکرێت بڕوا بەو ڕاستییە بهێنێت، کە ژیانیش لەم کۆمەڵگەیەدا مانایەکی هەیەو مرۆڤەکانیشی خاوەن ئیرادەیەکی گەورەو بەرزن هێندەی چیای پیرەمەگروون.

# دەستەی نەزاهەی کوردستان، چی پێدەکرێت؟

ڕۆژنامە

**شارەزایانو پسپۆڕان تێبینییان لەسەر پێکهێنانی دەستەی نەزاهەی هەرێمی کوردستان هەیەو پێیانوایە، بەهۆی هەیمەنەی حزبو سەربەخۆنەبوونی دادگاو کاریگەریی حزب بەسەر پەرلەمانەوە ڕێگریی دەکرێتو بەوتەی سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانیش: «کۆمەڵێک کەس هەن کە زەرەرمەند دەبن لە بوونی دەستەی نەزاهە، هەربۆیە ڕێگریی دەکەن لە کارەکانیدا».**

دوای ئەوەی ٢٠٠٩/١٢/٢١ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم پرۆژە یاسای پێکهێنانی دەستەی نەزاهەی هەرێمی پەسەندکرد، ڕەوانەی پەرلەمان کرا.

عەدنان عوسمان، ئەندامی لیژنەی نـەزاهـە لـە پـەرلـەمـانـی کـوردسـتـان لـەو بـڕوایـەدایـە کەسەربەخۆبوونی دەستەی نەزاهەی هەرێم یەکێکە لە کێشە گەورەکان، چونکە ئینتمابوون لە کوردستان کێشەیە، ئەمەش وادەکـات کە نەتوانیت کەسێکی بێلایەنو شارەزا بدۆزیتەوە بۆ ئەو دەزگایانەی وەک دەستەی نەزاهەو سەربەخۆبوونی ئەو دەزگایە بپارێزرێت.

لە بەرامبەردا ئازاد چالاک، ئەندامی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی عێراق بۆ ڕۆژنامە ئاماژەی بـەوەدا، کە جۆری یاساکەو بڕگەکانی ئەوە دەستنیشان دەکـەن کە ئـەودەسـتـەی نەزاهەیەی پێکدەهێنرێت، کارا دەبێت یان دەبێتە دەزگایەکی کارتۆنیی، ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانیش بەتایبەت ئەندامانی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانیش بەرپرسن لەوەی یاسایەک لە پەرلەمانەوە دەربچێت کە هیچ کەسو یاسایەکی دیکە لەسەروو ئەو یاسایەوە نەبێتو بە جۆرێک کەس بەدەر نەبێت لە لێپرسینەوەو ئامادەبوون لە بەردەم پەرلەمانی کوردستاندا.

لە پرۆژەیاسای دەستەی نەزاهەدا هاتووە، کە ئەو دەستەیە ڕاستەوخۆ پـەیـوەسـت دەبـێـت بـە پـەرلـەمـانـی کوردستانەوە، هەرچەندە ئەم خاڵە بە ئیجابیی دادەنـرێـت، بـەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یاساناسان پێیانوایە، کە بوونو کارکردنی دەستەی نەزاهە بەندە بە سەربەخۆبوونی هـەردوو دەسەڵاتی جێبەجێکردنو یاسادانانەوە کە «لە ئێستادا ناتوانرێت بوترێت، ئەو دوو دەسەڵاتە سەربەخۆن».

د. لەتیف شێخ مستەفا، پسپۆڕی یاساییو دەستووریی لەوبارەیەوە بۆ ڕۆژنامە دواو وتی: «سەربەخۆبوونی دەستەکە خەونێکە هیوادارین بێتە دی، کە لە بارودۆخی ئێستای کوردستاندا کارێکی گرانە، چونکە ئەگەر سەر بە پەرلەمان بێت، ئـەوا پەرلەمان خۆی لەبەردەم حیزبدا سەربەخۆیی نییەو ئەگەر پشتیش بە سەربەخۆبوونی دادگا ببەستێت، ئەوا دادگاش لە کوردستان نەیتوانیوە بەرامبەر بە حیزب سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت، وتیشی: «ئەگەر دەستەی نەزاهە کەسانێکی لەسەر گەندەڵیی ئاشکراکردو دانی بەدادگاو دادگاش بڕیار بدات بە دەستگیرکردنیانو بڕیارەکەی دادگا جێبەجێ نەکرێت، کەواتە ئەو دوو دەزگایە بۆ هەبن؟».

بە بۆچوونی ئەو پسپۆڕە یاساییە، لە ئێستادا پێکهێنانی دەستەی نەزاهە، هێندەی کاراکردنی دەستەی داواکاری گشتییو سەربەخۆکردنی گرنگ نییە کە زیاتر لە (٢٠٠)ئەندامی هەیەو مووچەیەکی زۆر وەردەگرنو لەهەمانکاتدا دەسەڵاتەکانیان کەمکراوەتەوەو کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نییە.

د.محەمەد ڕەئوف سەعید، پسپۆڕی ئابووریی ئاماژەی بەوەکرد، کە هەرێمی کوردستان شێوازی خەرجکردنێکی ڕوونو یەکگرتووی نییە، چونکە دوو دەزگـای چاودێریی دارایـی هـەن کە پێویستە ئەوان یەکبگرنەوەو یەک لایەن هەبێت کە چاودێریی حکومەتو بودجە بکات، چونکە بوونی دوو دەزگـای چاودێریی دارایـیو دەستەی نەزاهە پەرشوبڵاویی دەدات بـە کـارەکـان، هەربۆیە ئەگەر کار بۆ یەکخستنەوەی هـەردوو دەزگـای دیوانی چاودێریی دارایی بکرێتو ئەو دەزگا گشتییە کارا بکرێت، ئەوا پێویست بە بوونی دەستەی نەزاهە ناکات.

لە بـەرامـبـەردا، عەدنان عوسمان ڕەخنەی لە پێکهێنانی دەستەی نەزاهەی هەرێم ئەوەبوو کە ئەگەر مەبەست لە پێکهێنانی دەستەی نەزاهە تەنیا بۆ ئەوە بێت کە بوترێت دەستەی نەزاهە لە کوردستان هەیەو دەزگایەکی دیکە بێت لەپاڵ ئەو دەستەو دەزگایانەی لە هەرێمدا هەنو بۆ ئەوەبێت کە مووچە بە ژمارەیەک کەس بدەنو بە پلەی وەزیر دایانبمەزرێنن، ئەوا نەبوونی باشترە، هەربۆیە لەبری ئـەوەی کە دووسـاڵ سەرقاڵی پێکهێنانی دەزگـایـەک بنو کارمەندی بۆ دیاری بکەن، دەکرا سوود لە دەستەی نەزاهەی عێراق وەربگیرایەو لقی ئـەو دەسـتـەیـە لـە کـوردسـتـان بکرایەتەوە، بـەڵام بە سەرپەرشتی کارمەندانی کورد وەک کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان.

وتیشی: «کورد بە بیانووی نەتەوایەتیو ئەوەی کە دەزگای سەربەخۆمان هەبێت، وەختە پاشەکشە لە دەزگا فیدراڵیەکان بکات، چونکە ژمارەیەک دەزگای فیدراڵی هەن لە عێراقداو لە بودجەی گشتیی عێراقیش بودجەیان بۆ سەرفدەکرێت کە کوردیش بەشدارە تێیاندا، ئەمانەش دەزگای فیدراڵینو بۆ هەموو عێراقنو کوردیش پێویستە بەشێک بێت تێیاندا، نەک ئەو دەزگایانە تەنیا بۆ بەشێکی عێراق دروستکرابن، جگە لەوەی کە ئەو دەستەیەی عێراق بەندە بە پەرلەمانی عێراقەوە، کە کوردیش بەشێکە لەو پەرلەمانەو نوێنەری هەیە».

بە هـۆی بوونی ئـەو گومانانە لە سەربەخۆبوونی دەستەی نەزاهەی هەرێم، لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان باشترین چاودێر دەبێت بەسەر کارەکانی دەستەی نەزاهەی کوردستانەوە، چونکە ئەو لیژنەیە مافی لێپرسینەوەی ئەو بەرپرسو لایەنانەی هەیە کە بە گەندەڵیی تۆمەتباردەکرێنو مافی لێپێچینەوەی لە سەرۆکی دەستەی نەزاهەش هەیە.

لەوبارەیەشەوە د.ڕەفـیـق سابیر، سەرۆکی لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستانیش، پێکهێنانی دەستەی نـەزاهـەی لە کوردستان بە پێویست زانی، ئەوەشی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو کە چـاوەڕوان ناکرێت پێکهێنانی ئەو دەستەیە ڕێگریی لێنەکرێت، بەڵکو کۆمەڵێک کەس هەن کە زەرەرمەند دەبن لە بوونی دەستەی نەزاهەدا، هەربۆیە ڕێگریی دەکەن لە کارەکانی، لەبەرئەوە پێویستە لیژنەی نەزاهەی پەرلەمان بە وردی چاودێریی ئەو دەستەیەو کارەکانی حکومەتیش بکات، چونکە ئەگەر لیژنەی نەزاهە کارا نەبێت، هەست بە سستی دەستەی نەزاهە ناکەین.

**د.ڕەفیق سابیر**
**کۆمەڵێک کەس هەن کە زەرەرمەند دەبن لە بوونی دەستەی نەزاهەدا، هەربۆیە ڕێگریی دەکەن لە کارەکانی**

**د.محەمەد ڕەئوف سەعید:**
**بوونی دوو دەزگای چاودێریی داراییو دەستەی نەزاهە پەرشوبڵاویی دەدات بە کارەکان**

**د. لەتیف شێخ مستەفا:**
**سەربەخۆبوونی دەستەکە خەونێکە هیوادارین بێتە دی کە لە کوردستاندا کارێکی گرانە**

# داوادەکرێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لەگەڵ هەڵبژاردنەکەی عێراقدا ئەنجامبدرێت

شارا عەبدولڕەحمان

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمو چاودێرانی بواری هەڵبژاردن، داوادەکەن کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەنجامبدرێتو پێیانوایە «دواخستنی ئەو هەڵبژاردنە زیان بە ڕەوتی دیموکراسیی هەرێم دەگەیەنێت».

ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم کە لە (٢٠٠٥/١٢/٣١)دا هەڵبژاردنیان بۆ کراوە، لە (٢٠٠٨/١٢/٣١)دا مـاوەی یاساییان تەواوبوو، بەڵام بە بڕیاری ژمارە (١)ی پەرلەمانی کوردستان کە لە (٢٠٠٩/١/٢١)دا دەرچوو، ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان درێژکرایەوە تا ئەوکاتەی هەڵبژاردن دەکـرێـت بـەو مەرجەی نەگاتە کۆتایی ساڵی (٢٠٠٩)، بەڵام بەپێی یاسای ژمارە (٤)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، کە لە (٢٠٠٩/٦/٢)دا دەرچـوو، بڕیاردرا بەوەی کە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم شەرعیەتیان هەیە تا ئەوکاتەی کە هەڵبژاردنی نوێ دەکرێت، بەوهۆیەشەوە لە ئێستادا هەڵبژاردنەکە دواخراوە بۆ کاتێکی نادیار.

فەرهاد مەلا ساڵح، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر، پێی باش بوو کە هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هـەرێـم ئەنجامبدرێت، هـەروەک وتی: «چەندینجار جەختمان لەوە کردووەتەوە کە باشترین فرسەت لەئێستادا ئەوەیە کە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی عێراقدا بکرێت، چونکە پێداویستی هەڵبژاردنەکە ئامادەیەو هەموو لایەنەکانیش دەچنە ململانێی هەڵبژاردنەوە، ئەمە جگەلەوەی کە ئـەو ئەنجومەنانە بەهەموو پێوەرێک کاتیان تەواوبووە».

ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر دواخستنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی بۆ خۆدزینەوەی دەسەڵات لەو هەڵبژاردنە گێڕایەوە، وتیشی: «هەڵبژاردنو دەستکەوتەکانی، مافێکی هاوڵاتییانە بەسەر دەسـەڵاتـەوە، بـەڵام دەسـەڵات خۆی لێ دەدزێتەوە، من وا لێی تێدەگەم کە هیچ بارێکی یاساییو دەستووریی نییە بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکە جگە لە هۆکاری سیاسیی».

ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق کە هاوکات لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێمدا لەساڵی (٢٠٠٥)دا بەڕێوەچوو، لە (٢٠٠٩/١/٣١)دا دووبارە هەڵبژاردنی ئەنجامدرایەوە، بەڵام کوردستان ئەو هەڵبژاردنەی نەکرد.

شێرزاد حافز، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکان لە پەرلەمانی کوردستان، ئەو مادەیەی کە بۆ شەرعییەتدان بە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم لە یاساکەدا دانراوە، بە نەگونجاو دەبینێتو پێیوایە؛ بە کاریگەریی دەسەڵات بەسەر پەرلەمانەوە یاساکە بەوجۆرەی لێکراوەو وتیشی: «ئەنجومەنی پارێزگاکان وەکو شارەوانییەکانی لێدێت، کە خۆشیان بێزاربوونو ئیشەکانیشیان خاوبووەتەوە، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵات نایەوێت لامەرکەزیەت بۆ خوارەوە شۆڕبکاتەوەو دەیـەوێـت دەسەڵاتەکان لەسەرەوە قەتیس بمێنێتەوە، بەوهۆیەشەوە ئەنجومەنی پارێزگاکان چیتر وەک مردوو وانو تەنیا دەسەڵاتی چاودێریان دەبێت».

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەراندا، بەبڕوای شێرزاد حافز زۆر دروستەو کارێکە کە دەبێت بکرێت، بەڵام «سەرکردایەتیی کورد نایەوێت لەمکاتەدا ئەو هەڵبژاردنە بکات، چونکە دەیەوێت بزانێت ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق چۆن دەبێتو سەرکەوتووترین لیست کێ دەبێت، ئەوکاتە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامبدات».

لەئێستادا لەدەستی پەرلەماندا نییە کە داوا بکات هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم ئەنجامبدرێت، بەوپێیەی کە لە یاساکەدا ئاماژە بە بەردەوامیی کاری ئەنجومەنەکان کراوە تا کاتی هەڵبژاردن، بەڵام ئەندامانی پەرلەمان ئەنجامدانی ئەو هەڵبژاردنە لە زووترین ماوەدا بە پێویست دەزانن.

عومەر عەبدولڕەحمان، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: ڕاستە بەپێی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکان شەرعییەت دراوە بەو ئەنجومەنانە تا کاتی هەڵبژاردنەوەیان، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەداین کە لە زووترین ماوەدا هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان بکرێت، بەو مەرجەی کۆمسیۆن بتوانێت ئامادەکاریی بکات، بەڵام بە بـڕوای من دەسەڵاتی سیاسیی مامەڵە بەوەوە دەکات کە ئەو هەڵبژاردنە بکرێت یان نا.

بەپێی مـادەی (٣١) لە یاسای ژمارە (٤)ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم، ڕۆژی هەڵبژاردنەکان بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیـران لەسەر پێشنیازی کۆمسیۆنی بـاڵای هـەڵـبـژاردنـەکـان ڕادەگەیەنرێت بەو مەرجەی کە پێش (٦٠) ڕۆژ لە ڕۆژی دیاریکراوی هەڵبژاردنەکەوە بـێـت، هـاوکـات بەوپێیەی کـە بڕیارە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٢٠١٠/٣/٧)دا ئەنجامبدرێت، سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیـــران تـاکـو ڕۆژی (٢٠١٠/١/٧)ی لەبەردەستدایە بۆئەوەی ئەو هەڵبژاردنە ڕابگەیەنێت.

بەوهۆیەشەوە عومەر عەبدولڕەحمان ئـامـاژەی بـەوەکـرد؛ لـەوبـارەیـەوە هیچ شتێک لە دەسەڵاتی پەرلەماندا نییە کە بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان ئەنجامی بدات، چونکە یاسای شەرعییەتدان بەو ئەنجومەنانە هەر لە خودی پەرلەمانەوە دەرچووە.

لـەگـەڵ ئـەوەی کـە هـەڵـبـژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان لـەئـارادا نییە، بـەڵام لە کۆتاییەکانی خولی دووەمـی پەرلەماندا بەپەلە یاساکەی پەسەندکرا، کە بە بڕوای ئەندامێکی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی هـۆکـاری دیکە لەپشت ئەو پەسەندکردنەوەیە.

شاناز ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، بـڕوای وابـوو، کە پەسەندکردنی یـاسـای هـەڵـبـژاردنـی ئەنجومەنی پـارێـزگـاکـان بەپەلەو لە دواساتەکانی خولی دووەمی پەرلەماندا، دەگـەڕێـتـەوە بۆ ئـەو بودجەیەی کە لە عێراقەوە بۆ هەرێم دەنێردرێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەنجومەنی پارێزگاکان لە شەرعییەت کەوتبن، ئەو بودجەیە دەگەڕێتەوە.

بە بڕوای چاودێرانی بواری هەڵبژاردنو پرۆسەی دیموکراسی هەرێمی کوردستان، پێویستە وەک چۆن دەسەڵاتدارانی هەرێم داوای لامەرکەزییەت بۆ هەرێمی کوردستان دەکەن، ئاواش سیستمی لامەرکەزییەت بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان قبووڵ بکەن.

هۆگر چەتۆ، بەرپرسی تۆڕی شەمس بۆ چاودێریی هەڵبژاردنەکان، پێیوابوو؛ دواخستنی هـەڵـبـژاردنـی ئەنجومەنی پارێزگاکان لەگەڵ پرۆسەی دیموکراسیدا یەکانگیر نییە، وتیشی: «پێویستە دەسەڵاتی کـوردی هـەروەک چۆن داوای سیستمی لامەرکەزییەت دەکات لە عێراقدا بۆ هەرێم، ئاواش بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم سیستمی لامـەرکـەزیـی پەیڕەوبکاتو سەڵاحیەتی زیاتر بداتە ئەنجومەنەکان بۆ بەڕێوەبردنی پارێزگاکانی هەرێم».

تائێستا ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێم تابعی وەزارەتـی نـاوخـۆی حکومەتی هەرێمنو سەربەخۆییەکی تـەواویـان پێنەدراوە، کە بەبڕوای هۆگر چەتۆ ئەمە بە زیانی ئەنجومەنی پارێزگاکان شکاوەتەوە، کە پێویستە وەک ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق دەسەڵاتی تەواویان پێبدرێت.

# ـی و بارزانـی پرس بە پەرلـەمان بکەن


قادری حاجی عەلی

شەڕی دەستکەوتەکانی کورد بکەن، پارێزگاریی لە دەستکەوتەکانی کورد بکەن، لێرەش هەرێمێکی سەربەخۆمان هەیە لە عێراقدا، ئەم هەرێمە پەرلەمانێکی هەیەو ئەم پەرلەمانە بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان هەڵبژێردراوە، واتە مەرجەعی ئێمە بۆ بڕیاردان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکان پەرلەمانی کوردستانە، نەک شوێنێکی دیکە. ئەمانە ئەرکیان ئەوەیە کە بچنە بەغداو ئەو هێڵە سورانەی یان ئەو هێڵە کاڵانەی کە پەرلەمانی کوردستان دایناون ئەو بەرنامەیەی کە پەرلەمانی کوردستان داینـاوەو دایـدەڕێـژێـت، ئـەوان دەچن لەوێ بەرگریی لەم دەستکەوتانە دەکەن، بەرگریی لە مافی کورد دەکەن، بەرگریی لەو خاڵانە دەکـەن کە جێگیر بـووە لە پەرلەمانی کوردستاندا بە ئیرادەی خەڵک بۆئەوەی ئێمە غەدرمان لێ نەکرێت لەوێ، بۆئەوەی دەستکەوتەکانمان زیاتر بێتو دەستکەوتەکانمان بەقەدەر تواناو نفوسو ئیمکانیاتی کورد بێت.

**ڕۆژنـــامـــە: ئـەم حـاڵـەتـەی کە باسیدەکەیت شتێک هەیە لەناو پەرلەماندا کە حەسانەو ئازادییە، ئایا دانانی ئەم مەرجەعە یاخود گەڕانەوە بۆ ئەم مەرجەعە جۆرێک لە حەسانەو ئازادیی ئەوان کەمناکاتەوە؟**

* لە هەموو دنیادا ئازادیی سنوورێکی هـەیـە، ئـەمـان نـەچـوون بـۆئـەوەی کە کـاری شەخسی بکەن، بەڵکو ئەمانە کورد هەڵیبژاردوون‌و بۆ ئەوە چوون کە بەرگریی لە کوردو دەستکەوتەکانی بکەن، واتە ئەمە نابێتە ئەوەی کە ئازادییان کەمدەبێتەوە، بڕیاری دیکە هەیە، یاسای دیکە هەیە لە پەرلەماندا دەتوانن بە ئازادیی دەنگی خۆیانی لەسەر بدەن، جاری پێشوو حیزبەکان هەڵیانبژاردبوون ڕەنگە بە قسەی حیزبەکانیان کردبێت، بەڵام پێویستە کە ئەندام پەرلەمان هەڵدەبژێردرێت دەبێت بچێت دەنگی خۆی بداتو رای شەخسی خۆی دەرببڕێت، بەڵام هەندێک شت هەیە ئەو لەسەر حسابی کورد دەچێتە ئەوێ، بۆیە دەبێت بەرگریی لە دەستکەوتەکانی کورد بکاتو لەو هێڵە لانەدات، ئێمە بۆیە حەزدەکەین ئەندامەکانمان زۆربـن کە هەندێکجار دەڵێن کورسییەک یان دووان گرنگ نییە، بۆ ئێمە زۆر گرنگە هەتا زۆربین لەوێ کۆدەنگییەکەمان زیاتر دەبێتو هێزمان زیاتر دەبێت، لەبەرئەوە ئازادییان کەمنابێتەوە، چونکە نەک تەنیا ئەندام پەرلەمانەکان، بەڵکو مەرجەعی هەمووومان پەرلەمانی کوردستانە تەنانەت سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش هەموو جارێک دەبێت پرس بە پەرلەمان بکات، سەرۆکی کۆمار کە نوێنەری کوردە لەوێ پێویستە پرس بە پەرلەمانی کوردستان بکات، چونکە ئیرادەی خەڵکی کوردستان لە دەستی پەرلەمانی کوردستاندایەو بە ئیرادەی خەڵکەکەی خۆی هەڵبژێردراوە، لەبەرئەوە ئەوە ناکاتە ئەوەی کە ئەوان ئازادییان سنووردار بکرێت، بەپێچەوانەوە ئەوان ئازادییان هەیە، بەڵام لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا ئێمە ناتوانین سازش لەسەر هەقی کورد بکەین‌و بەهیچ جۆرێک کەس ناتوانێت، نە سەرۆکی هەرێم دەتوانێت نە سەرۆکی کۆمارو نە ئەندام پەرلەمان‌و نە کەسێکی دیکە دەتوانێت سازش لەسەر هەقی کورد بکات، هەقەکانی کورد هەقێکن چەسپاون لای ئێمە، ناکرێت تەجاوزی بکەین‌و ناکرێت لێی بێینە خوارەوە، بەڵام شتی دیکە هەیە جۆرەها یاسا هەیە کە دەردەچن، یاسای جگەرەکێشان‌و یاسای لابردنی مەیخانەکان یان هەر یاسایەکی دیکە کە دەردەچێت، لە پەرلەمانی عێراقدا دەتوانێت رای خۆی لەسەر بدات، بەڵام کە دێتە سەر مەسەلە چارەنووسسازەکانی کورد دەبێت بزانێت کە مەرجەعێکی هەیەو بڕیاری بۆ داوەو سنوورێکی بۆ داناوەو دەبێت لەو سنوورەدا یاریی بکات.

**ڕۆژنامە: لە کۆی قسەکانت ئەوەم هەستپێکرد کە ئەرکی نوێنەرانی کورد کە ئەمجارە دەچن بۆ بەغدا، ئەرکێکی هەستیارەو ئەرکێکی تارادەیەکی زۆر گرانە، دەتوانیت ئەو هێڵە گشتییانەی کارکردنی خۆتانم پێ بڵێیت کە ئەوکاتەی دەچن بۆ بەغدا؟**

* من وا تێگەیشتم کە تۆ مەبەستت فراکسیۆنی گۆڕانە کە دەچێتە بەغدا ئەرکی چییە، پێموابێت دوو ئەرکی زۆر گرنگ هەیە لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان، یەکەمیان دەرنەچوون لە هاودەنگیی کوردو ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کوردەوە هەیە، ئێمە هەمیشە لەگەڵیداین‌و هەرگیز لێی لانادەین، هەوڵدەدەین کە کۆدەنگیی لایەنەکانی دیکەش هەبێت لەسەری، هەندێکیتر هەیە ڕەنگە موراعاتی دەستکەوتی شەخسی‌و دەستکەوتی حیزبیی بکات، مەرج نییە ئێمە لەوانەدا کۆدەنگ بین، بەڵام ئەو شتانەی کە پەیوەندیی بە مەسەلە ستراتیژییە نەتەوەییەکانەوە هەیە هەمیشە کۆدەنگ دەبین لەسەری‌و هەوڵیش دەدەین کۆدەنگیی دروستبکەین لەسەری. کاری دووەم یان ئەرکێکی دیکەی پەرلەمانتارەکانی ئێمە لە بەغدا، ئەوەیە کە ئێمە وەکو جاری پێشوو نەکەین، ئێمە دەبێت چاودێریی ئەدای ئەو خەڵکانە بکەین کە نوێنەری کوردن لە بەغدا، ئەگەر لە پۆستە سیادییەکاندان، ئەگەر لە وەزارەتەکاندان، ئەگەر لەناو دەسەڵاتی عێراقیدان لە بەغدا، ئەمانە لە دواجـاردا نوێنەری خەڵکی کوردن، کورد هەڵیبژاردوون‌و کورد کاندیدی کردوون بۆ ئەو شوێنانە، ئێمە ئەو هەڵەیە جارێکی دیکە دووبارەناکەینەوە ئەگەر وەزیرێک گەندەڵ بێت یان کارێکی خراپ بکات بەس لەبەرئەوەی کە کوردە ئێمە بەرگریی لێ بکەین، بڵێین لەبەرئەوەی کـە کـــوردە بـــۆئـــەوەی کـــوردی پێ نەشکێت، بەپێچەوانەوە ئەمجارە دەبێت چاودێرییەکی تەواو دابنێین‌و ئیشمان ئەوەبێت کە چاودێریی هەموو وەزیرەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە دەسەڵاتی گەورەیان هەیەو هەموو لێپرسراوەکانی دیکەش بۆئەوەی بزانین ئەدایان چۆنە لە بەغدا، چەند دەتوانن خزمەت بە کێشەی کوردو بە نەتەوەی کورد بکەن، ئەگەر باش بوو جێگەی ڕێز دەبێتو ئەگەر خراپ بوو ئێمە توند دەبین لەسەریان‌و هەوڵدەدەین وەکو جاری پێشووی لێ نەیەت، دەبێت لایەنێک هەبێت کە بتوانێت لێیان بپرسێتەوە، ئەوانە بۆ نوێنەرایەتی کورد چوون، ئەوانە چوون کار بۆ مەسەلەی کـورد بکەن، ئەگەر ئیشیان بۆ کورد نەکرد زۆر ئاساییە کە سزابدرێن‌و وەکو پێویست لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکرێت.

**یەکێک لە ئەرکی پەرلەمانتارەکانی ئێمە لە بەغدا، ئەوەدەبێت کە چاودێریی ئەدای ئەو خەڵکانە بکەین کە نوێنەری کوردن لە پۆستە سیادییەکان و لەناو وەزارەتەکانداو ئەو هەڵەیە جارێکی دیکە دووبارەناکەینەوە ئەگەر وەزیرێک گەندەڵ بێت یان کارێکی خراپ بکات بەس لەبەرئەوەی کە کوردە ئێمە بەرگریی لێ بکەین، بڵێین لەبەرئەوەی کە کوردە بۆئەوەی کوردی پێ نەشکێت.**

# ـدان دەکـەن

**ـکە، بەڵێنی ئیشکردن بۆ ـەداخەوە تائێستا هیچ ـەشەوە پشتگوێخستن‌و ـە هەستپێدەکەین**

پـڕۆژەی خزمەتگوزاریی بە خەڵکی گەرمیان درا.
یـاداشـتـەکـە ئـەوە دەخـاتـەڕوو، لەخودی سەرۆک کۆمارەوە تا دەگاتە بەرپرسانی دیکە، بەڵێنی ئیشکردن بۆ جێبەجێکردنی ئەم داواکارییانەیان داوە، بەڵام بەداخەوە تائێستا هیچ هەنگاوێک بەم رێگایەدا نەنراوەو بە پێچەوانەشەوە پشتگوێخستن‌و خۆلێبێدەنگکردنێکی ترسناکی ئەو پڕۆژانە هەستپێدەکەین.

هەروەک عەبدوڵڵا مەلا نوری، یەکێک لە نوێنەرانی گەرمیان لە پەرلەمانی کوردستان بە رۆژنـامـەی راگەیاند: گەرمیان لە ماوەی رابردوودا زۆرترین بەڵێنی پـێـدراوەو کەمترین خزمەتی کراوە، بەتایبەتی لەکاتی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا، بەرپرسان کە هاتوونەتە گەرمیان بەڵێنکی زۆریـان بە خەڵکی ناوچەکە داوە.

گەرمیان لە رووی ئیدارییەوە تووشی پەرتەوازەییەکی گەورە هاتووەو هەر شارێکی گەرمیان سەر بە پارێزگایەکە، زیاتر لە ساڵو نیوێکە حکومەتی هەرێم بڕیاریداوە وەکو پارێزگا مامەڵە لەگەڵ گەرمیاندا بکاتو تائێستا ئەو بڕیارە جێبەجێنەکراوە.

پشتگوێخستنی ناوچەی گەرمیان‌و جێبەجێنەکردنی خواستو داواکاریی دانـیـشـتـووانـەکـەی، بـووەتـە هۆی سەرهەڵدانی نارەزاییو نیگەرانی لای گەرمیانییەکان.

عــەدنــان قــوربــانــی، ئـەنـدامـی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی گەرمیان بـە رۆژنـامـەی راگەیاند: حکومەتی هەرێم بە هەموو شێوەیەک ناوچەی گەرمیانی پشتگوێخستووەو ئێمەش چیتر چاوەڕێ ناکەین، لەئێستادا ئامادەکاریی بۆ خۆپیشاندان دەکەین‌و لە (١٥– ١/٢٠) خۆپیشاندانێکی جەماوەریی سازدەکەین.

عەبدوڵڵا مەلا نوری، پەرلەمانتارەکەی ناوچەی گەرمیان، باس لەوەشدەکات، کە هەرکەسێک گەرمیان ببینێت بۆی دەردەکەوێت کە چەند وێرانەو چەندێک پێویستی بە خزمەتکردن هەیە، بەداخەوە حکومەتی هەرێم وەکو پێویست ئاوڕی لێ نـەداوەتـەوە، لەکاتێکدا ژمـارەی دانیشتووانەکەی زیاتر لە (٤٠٠)هەزار کەس دەبن‌و ناوچەیەکی زۆر گرنگی پڕداهاتە بۆ حکومەت، بۆیە خەڵکی گەرمیان هەقی خۆیەتی چیتر چاوەڕێی بەڵێنەکانی حکومەت نەکەن‌و چیتر نەبنە قوربانیی دەستی کۆمەڵێک بەڵێن.

سـەرەڕای نیگەرانی دانیشتووانی ناوچەی گەرمیان بەرامبەر بە حکومەت، بەرپرسانی ئیداریی ناوچەکە باس لە هەوڵەکانیان بە ئاراستەی جێبەجێکردنی خواستەکانی هاوڵاتییان دەکەن.

مـەلا سەعید، سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان پێیوایە، کە هێشتا زووە بۆئەوەی هەندێک داواکاریی رووبـەڕووی حکومەت بکرێتەوە بۆ جێبەجێکردنیان، راشیگەیاند: لە ئیدارەی گەرمیان هەوڵیانداوە بۆ جێبەجێکردنی داواکارییەکان‌و بۆ ئەو مەبەستەش داوامان لە سەرۆکی حکومەتی هەرێم کردووە.

# قادری حاجی عەلی: پێویستە تاڵەبان



ڕۆژنامە

**قادری حاجی عەلی، کەسایەتیی سیاسیی و هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان، ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، کە لەماوەی چوارساڵی ڕابردوودا بەردەوام سەنگی کوردو کێرڤی دەستکەوتەکانی کورد بەرەو دابەزین چووە، هەروەها پێشیوایە لە هەرێمی کوردستان کۆدەنگییەک هەبوو لەسەر بایکۆتکردنی یاسای هەڵبژاردن بەو پێگەلاوازەی ئێستای کوردەوەو دەبوایە سەرکردایەتیی کورد بەوکارە ڕازیبوایە. ناوبراو لەم چاوپێکەوتنەدا کە بەرنامەی ڕووبەڕووی کەناڵی KNN لەگەڵی سازیکردووە تیشکدەخاتەسەر کۆمەڵێک مەسەلەی تر.**

**ڕۆژنامە: لە تێپەڕاندنی یاسای هەڵبژاردندا باس لە فشارێکی سیاسیی زۆر دەکرا، دەکرێت بزانین ئەم فشارە سیاسییە چییەو چۆنە؟**

* لە پرۆسەیەکی سیاسیی وا گرنگدا کە لە نێوان کۆمەڵێک پێکهاتەدایە بۆ دابینکردنی مافی هەر یەک لەو پێکهاتانە، لەو پرۆسە سیاسییانەدا فشار هەیە، تائێرە سروشتییە، بەڵام تۆ چەند دەتوانیت ئەو کارتانەی خۆت وەکو فشار بەکاربهێنیت لەسەر لایەنەکانی دیکە بۆئەوەی بتوانیت زۆرترین دەستکەوتی نەتەوەیی بەدەستبهێنیت، بەڵام لەوەدا ناسروشتییە کە هەمیشە فشارەکان لەسەر لایەنێک بن، ئەوەی کە ئێمە هەستی پێدەکەین ئەوەیە، لەوەتەی دەنگدان لەسەر دەستووری عێراقی ئەنجامدراوە، کە لە دەستووری عێراقیدا کۆمەڵێک دەستکەوتی گرنگی نەتەوەیی بۆ کورد بەدەستهات، لەوکاتەوە ئێمە فشارمان لەسەرەو هەمیشە دەڵێین فشار لەسەر کوردەو لەسەر لایەنەکانی دیکە کەمتر بووەو هەستی پێدەکەین، بۆیە دەبینین کێرڤی دەستکەوتەکان لە ڕۆژی پەسەندکردنی دەستووری عێراقییەوە تائێستا وردەوردە بەرەو خوارەوە دێن و ڕێژەکەی کەم دەکات، ئەمە ناسروشتییە کە فشار تەنیا لەسەر لایەنێک بێت.

**ڕۆژنامە: بە ڕای تۆ، ئەگەر هاوپەیمانیی کوردستانی ئەو فشارە یان ئەوەی کە ناوی دەنێن تەنازول یان سازشی قبووڵ نەکردایە، چی ڕووی دەدا؟**

* بە ڕای من، هاوسەنگییەکە باشتر دەبوو ئەگەر قبووڵ نەکرایە، ئەوەی کە ئێستا لەو یاسایەدا دەرچووە هاوسەنگییەکەی تێکداوە، لە قازانجی لایەنەکانی دیکەدایە وەک لە لایەنی کوردی، دەمانتوانی فشاری خۆمان بەکاربهێنین، ئێمە وەکو پێکهاتەکانی دیکە نەبووین، لە هەڵبژاردنی پێشوودا فشاری سوننە هەبوو و وتیان بەشداریی ناکەین، لە کۆتاییدا هەموولایەک بە ئەمریکاوە بە شیعەو بە کوردیشەوە فشاریان هێنا بۆ سەر سوننەو توانییان لە دواساتەکاندا تاریق هاشمی قەناعەت پێ بکەن کە بەشداریی بکات لە هەڵبژاردنداو بەشداریی کرد، کە بەشداریی کرد بەشێک لە سوننە لە پارێزگا سوننەکان بەشدارییانکردو پرۆسەکە بوو بە پرۆسەیەکی باوەڕپێکراو و تێپەڕبوو. ئێمە دەمانتوانی بایکۆتی هەڵبژاردن بکەین، بایکۆتی کوردیش وەکو ئەوانی دیکە نەبوو، ڕاستە کورد یەکێکە لە پێکهاتەکان، بەڵام ئێمە کۆدەنگبووین لەوەدا، ئەگەر سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بایکۆتی بکردایە لەو باوەڕەدا بووم کە یەک تاکە کوردیش نەبوو دەنگ بدات بۆ ئەو یاسایە، جگەلەوەش ئێمە سێ پارێزگاین، ئەگەر سێ پارێزگا دەنگی نەدا، بەپێی دەستوور دەتوانیت هەندێک شتی دەستووریی هەیە بیکەیت، ئەو هەڵبژاردنە ڕابگریت، یان ئەو پرۆسەیە ڕابگریت تاکو فشارێکی وا دروستبکەیت کە بتوانیت ئەو مافانەی کە هەتە بەدەستیان بهێنیت.

**ڕۆژنامە: ئەگەر فشار کاریگەریی هەبێت، ئەی مەبدەئی تەوافوق، کە زۆرجار سیاسییە کوردەکانیش باس لەوەدەکەن کە تەوافوق لەسەرروو هەموو شتێکەوەیە، تەوافوق لە کوێیە لەوکاتەدا؟**

* شەڕی تەوافوقیش بە هاوسەنگی دەکرێت، واتە ئەگەر تۆ هێزت نەبێت و هێزەکە زۆر نەبێت، ناتوانیت لە تەوافوقیشدا ئەو دەستکەوتانەی کە دەتەوێت بەدەستیانبهێنیت، ئەگەر لاواز بیت لەبەرامبەر پێکهاتەکانی دیکەدا ئەوان دەتوانن شتەکانت بەسەردا فەرز بکەن.

**ڕۆژنامە: بەشێک لەوانەی کە ئەم یاسایەیان تێپەڕاند، باس لەوە دەکەن کە ئەگەر کورد ئەم تەنازولەی نەکردایە، پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا تێکدەچوو، دەتوانیت پێمان بڵێیت سروشتی ئەم تێکچوونە چۆنە، یان تۆ هاوڕایت لەگەڵ ئەمەدا؟**

* پێموابێت تێک نەدەچوو، پرۆسەکە کەمێک دوادەکەوت، دواکەوتنەکەش لە قازانجی کوردو لە قازانجی عێراقیش بوو، پێموایە ئەوکاتە هەموولایەک ڕازی دەبوون، هەروەک پێموایە چارەسەرێکی دیکە هەبوو بۆ ئەمە، مادەم سەرژمێرییەک نەکراوە، دەتوانرا بۆ نموونە کورد پێدابگرێت لەسەر ئەوەی کە جاری پێشوو ئێمە لە پەرلەمانی عێراقدا ڕێژەمان چەند بووە، ڕێژەی ئێمە لە پەرلەمانی پێشووی عێراقدا نزیکەی (٢١,٨٪)بووە بە کۆکردنەوەی هەموو دەنگەکانی کورد، ئەو ڕێژەیە دەمانتوانی سازش لەسەر (١,٨٪)ەکەی بکەین و بکرایە بە (٢٠٪)، مادەم سەرژمێریی نییە دەمانتوانی پێ لەسەر ئەمە دابگرین، یان (٢٠٪)بێت یان نزیک بێت لە ئەوە، تاڕادەیەک گەرەنتی دەستکەوتەکانی کوردی دەپاراست، بەڵام ئەوە نەکرا هاتە سەر ئەوەی کە هەڵبژاردن بەم شێوەیەی ئێستای لێبێت، لەبەرئەوە پێموایە پێگەمان لە پەرلەمانی داهاتووی عێراقدا کەمتر دەبێت لەو پێگەیەی کە هەمانبوو، بۆ نموونە جاری پێشوو (٢١,٨٪)بوو ئەمجارەیان ئەگەر (٥٨)کورسیش بهێنینەوە کە تاڕادەیەک زەحمەتە، ئەوپەڕی ڕێژەی کورد لە پەرلەمانی عێراقدا دەبێت بە (١٧٪) کە ئەمە خۆی وادەکات هەم شەڕی ئەو پەرلەمانتارانە قورستر بێت، هەم مەسەلەی تەوافوقیش بۆ ئێمە شەڕێکی زۆر گەورەتری بوێت.

**ڕۆژنامە: ئێستا کە باس لە تێپەڕاندنی ئەو یاسایە دەکرێت، وەکو مەترسییەکانی لەسەر کورد، باس لە کەمکردنەوەی ژمارەی کورسییەکانی کورد دەکرێت کە بەڕێزت ئاماژەت پێدا، ئایا بەم کەمکردنەوەیە ئاسۆی دەستکەوتەکانی کورد بەکوێ دەگات، بەتایبەت کە مادەی(١٤٠) کە هێشتا شەڕێکی گەورەی ماوە بۆی بکرێت؟**

* هەتا ئێمە لە پەرلەماندا پێگەمان کەم ببێتەوە، کەمتریش دەتوانین دەستکەوتەکانمان بپارێزین، یان مافەکانمان بەدەستبهێنین، هەندێک کەس دەڵێن، کورسییەک یان دوان گرنگ نییە، پێموایە کورسییەکیش بۆ ئێمە گرنگە، تا کورسییەکمان زیاتر بێت دەنگمان زیاتر دەبێت، چونکە ئەمجارە لە عێراقدا وەکو دەبینین هاوکێشەکان تێکچوون و وەکو خۆیان نەماون، لەبەرئەوە چەندین لایەن کە پێشتر بەیەکەوە دابەزیون ئەمجارە بەیەکەوە دانابەزن، هەتا پێگەمان باشتر بێت و کورسیمان زیاتر بێت، دەتوانین باشتر هاوپەیمانیی و ڕێکەوتن لەگەڵ لایەنەکانی دیکەدا بکەین و فشار دروستبکەین.

**ڕۆژنامە: بەڕێزت وەکو سیاسییەکی کورد، ئەگەر سەرنج لە گوتاری سیاسیی کوردی بدەیت، لەگەڵ کاڵبوونەوەی مەبدەئی تەوافوقدا، باس لە قسەیەک دەکرێت کە گەرەنتی ئەمریکایە، بەتایبەتی باس لەوەش دەکرێت کە لە کۆشکی سپیدا دوای تێپەڕاندنی یاساکە باس لە مادەی (١٤٠)کراوە، ئایا ئەمە دەستکەوت نییە؟**

* ئەمریکا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە لە عێراقدا، هەر لە پرۆسەی ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووەوە تائێستا، بەڵام ئەمریکا لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەرژەوەندیی خۆی هەیە لە عێراقدا، مافی خۆشیەتی بەرژەوەندییەکانی خۆی بپارێزێت، ئەوەی کە باسدەکرێت کە ئەمریکا وتوویەتی پشتگیریی لە مادەی(١٤٠) دەکەم، پێموابێت مادەی(١٤٠) پەیوەندی بە پێکهاتەکانی ناو عێراق خۆیەوە هەیەو نە بە ئەمریکا نە بە کەسی دیکە چارەسەرناکرێت، تەنیا بە ڕێکەوتن لەنێوان ئەو پێکهاتانەی کە لە عێراقدا هەن چارەسەر دەکرێت، باشە ئەو پشتگیریی لە ئێمە دەکات، سبەینێ سوننەکانیش کێشەیان دەبێت و پشتگیریی ئەوانیش دەکات، شیعەکانیش بەهەمانشێوە، پێموابێت پشتیوانی بەگشتیی بۆ پرۆسەی بە دیموکراتیبوونی عێراق دەکات و بەرژەوەندیی خۆیشی تێدایە، بەڵام لەبەرامبەر ئەوەشدا زۆرم پێ سەیرە کە زۆرجار دەبیستین و دەڵێن، باس لە پشتیوانی مادەی(١٤٠) دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باس لە پشتیوانی مادەی(١٤٢)ش دەکات، مادەی(١٤٢) کاتێک دروستبوو کە ڕاپرسی لەسەر دەستوور کرا، سوننەکان وتیان، نابێت ئەم دەستوورە پەسەندبکرێت تاکو بەندێکی دیکە زیاد نەکەن، ئەوەبوو مادەی (١٤٢) زیادکرا، ئەم مادەیە بۆ هەموارکردنی دەستوورە، ئەو مادانەی کە هەموار دەکرێن لە دەستووردا، ئەو پرۆژەیە کە ئێستا پێشکەشکراوە لەلایەن ئەو لیژنەیەی کە دانرابوو بۆ هەموارکردنی دەستوورو چووەتەوە پەرلەمان و ئێستا لە سایتی پەرلەماندا هەیەو وەکو پرۆژەیەک پێشکەشکراوەو پەرلەمانیش وەکو پاکیجێک دەنگی لەسەر دەدا، ئەمانە زۆربەی زۆری ئەو خاڵانە دەگرێتەوە کە دەستکەوتی کوردی تێدایە، چەند نموونەیەک لە مادەی(١٤٢) کە هەمواری دەکات و بەشێوەیەکی گشتیی زیانی تێدایە بۆ کوردو ئەو دەستکەوتانەی کە بەدەستهاتوون کەم دەبنەوە، یان کاڵدەبنەوە، یان لادەبرێن، بۆ نموونە لە پرۆژەکەدا دیباجەی دەستوور نەماوە کە لە کۆتایی دیباجەکەدا ڕستەیەک هەیە کە بۆ ئێمە زۆرباشە، ئەو ڕستەیەش دەڵێت، ئەم دەستوورە عێراق دەپارێزێت، هەر بە عەرەبی لە (اتحاده الحر شعبا وأرضاً وسيادة) (اتحاد الحر) لەوێدا نەما، ئەمە یەکێکە لەوانەی کە ئێمە ئیتر ناتوانین لەسەر ئەوە قسە بکەین، بۆ نموونە مادەیەکی دیکە کە مادەی (٣)یە دەڵێت: عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوەیەو فرە مەزهەب و فرە دینە، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی جامیعەی وڵاتانی عەرەبی و زۆر چالاک بووە تێیدا. ئەمە تا ئێرە ئاساییە، دەڵێت: پابەندیشە بە میساقی جامیعەی عەرەبییەوە. لە کۆتاییدا دەڵێت: (وجزء من العالم الاسلامي)، لە هەموارکردنەکەدا کە پێشکەشی پەرلەمان کراوە ئەمەی کۆتاییان کە دەڵێت: (وجزء من العالم الاسلامي) گۆڕاوەو دوو پێشنیازیان داوە، یەکێکیان دەڵێت (وهو جزء اساسي وفاعل في محيط العربي والاسلامي) یان ئەمە قبووڵ دەکرێت، یان دەڵێت: (وهو جزء من العالم العربي) ئێمە شەڕی پێشوومان لەسەر ئەوەبوو، کە ئەمە وای لێنەیەت و عێراق نەبێت بە بەشێک لە ئوممەی عەرەبی. زۆر مادەی دیکە هەیە، لەوانە مادەی (٧٢) زۆر ئیزافاتی بۆ کراوە، بۆ نموونە ماوەی سەرۆکایەتیی پەرلەمان، ئەوان بۆچوونیان وایە، کە ئەمجارە سەرۆکایەتیی پەرلەمان بەر کورد دەکەوێت، کە ڕەنگە وا نەبێت، ئەوە پرۆسە سیاسییەکە دیاریدەکات، بەڵام ئەو بڕگەیەیان گۆڕیوە باسی سەرۆک کۆمارو سەرۆک وەزیران ناکات، کە تا چوارساڵ بەردەوام دەبن، بەڵام لەو پێشنیازەی مادەی (٧٢)دا هاتووە دەڵێت: سەرۆکی پەرلەمان پاش دووساڵ لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆی دیسان دەکەوێتەوە بەر هەڵبژاردن و هەڵبژاردنەکەش بە زۆرینەی ڕەها، واتە ئەگەر سەرۆکی پەرلەمان بەر کورد بکەوێت، دەتوانن دوای دووساڵ بیگۆڕن و دەتوانن بیکەن بە شیعە یان بە سوننە، ئەمەش زیانێکی گەورەی دیکەیە. جگەلەوە مادەی (١٠٥، ١٤١، ١٦٨، ١٦٩)ی تیایە، مادەی (١٤٠)یش کە ئێمە زۆر باسیدەکەین ئەم مادەیە وەکو خۆی ماوەو بووە بە مادەی (١٨٩) لە پرۆژە تازەکەدا، بەڵام زیاد لە هەموو مادەکانی دیکە کەوانەیەکیان کردووەتەوەو نووسراوە (خلافية)، واتە ئەم مادەیە تائێستا خیلافی لەسەرە، واتە کە موناقەشە دەکرێت لە پەرلەماندا خیلافی لەسەرە، کێ دەڵێت مادەی (١٤٠)یش لە پەرلەماندا بەو دەنگە زۆرانەی ئەوان جارێکی دیکە ناگۆڕێت.

**ڕۆژنامە: دەتەوێت لە شیکردنەوەی وردی مادەی (١٤٢)دا کە لە پەیامەکەی ئەمریکادا هاتووە، چ پەیامێک بگەیەنیت یان دەتەوێت بڵێیت چی لەوەدا؟**

* پێموابێت ئەمریکا کە باسی مادەی (١٤٠) دەکات و پشتیوانیی لە کورد دەکات بەهەمانشێوە موراعاتی دوو پێکهاتەکەی دیکەی کردووە، کە دەڵێت پشتیوانیی لە مادەی (١٤٢)یش دەکەین، پێموابێت ئەوە پارسەنگە لەنێوان هەردووکیاندا، بۆیە من دەڵێم کە ئەمریکا ئەم لێدوانەی داوە، بۆ ئەوەیە کە بڵێت من پشتیوانیی لەهەموو پێکهاتەکان دەکەم، واتە بەتایبەتی لە کورد نا، بەڵکو لە سەرجەم پێکهاتەکانی عێراق، وەکو وتیشم کە مادەی (١٤٠)و هەر مادەیەکی دیکە کە خیلافی تیایە لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا هەمووی لەناو عێراق خۆیدا چارەسەردەکرێت و بە ئیرادەی خەڵکی عێراق چارەسەردەکرێت.

**ڕۆژنامە: ئێوە زۆرجار باس لەوە دەکەن کە پێویستە نوێنەرانی کورد لە بەغدا مەرجەعێکیان هەبێت، خۆت دەزانیت نوێنەرانی کورد لە بەغدا پەرلەمانتاری هەموو عێراقن، ئایا دەکرێت بێنە ژێر ڕەحمەتی لێپرسینەوەی، بۆ نموونە نوێنەرانی کورد لە هەرێمی کوردستان، کە پەرلەمانتارانن، ئەم پەیوەندییە چۆن دەبینیت؟**

* پێموابێت لە یەکەم تا کۆتایی ئەو نوێنەرانەی کە دەچنە بەغدا ڕاستە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقن و نوێنەری بەشێک لە عێراقن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوانە نوێنەری کوردن، واتە کورد هەڵیبژاردوون و ئەمانە دەچن بۆ ئەوێ کە شەڕی کورد بکەن و لەوێ

# خەڵکی گەرمیان هەڕەشەی خۆپیشان

پشتیوان سەعدوڵڵا

(٤١) ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی گەرمیان هەڕەشەی هەڵوێستوەرگرتن و خۆپیشاندان دەکەن لەبەرامبەر جێبەجێنەکردنی ئەو بەڵێنانەی کە حکومەتی هەرێم بە ناوچەکانی گەرمیانی دابوو.

بەهۆی پشتگوێخستنی داواکارییەکانی خەڵکی گەرمیان و جێبەجێنەکردنی ئەو بەڵێنانەی کە لە ماوەی ڕابردوودا بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ناوچەکەیان دابوو، بەتایبەتی (مامەڵەکردن لەگەڵ گەرمیان وەکو پارێزگا، پرۆژەی ڕێگاوبان، کردنەوەی زانکۆ)، (٤١) ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی گەرمیان یاداشتێکیان ئاڕاستەی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان کردو داوای بە زوویی جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە لە حکومەت دەکەن.

لە یاداشتەکەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی گەرمیاندا کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامە کەوتووە، هاتووە: «ئێمە لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی گەرمیان وێڕای بە بیرهێنانەوەی بەڵێنەکانتان بە گەرمیانییەکان، تەئکیددەکەینەوە کە جێبەجێکردنی ئەو بەڵێنانە هیچ دواخستنێک هەڵناگرێت و ئێمەش لە ئێستا بەدواوە تەنیا چاوەڕوانی وەڵامی ئێوەین بۆ ئەوەی هەنگاوەکانی داهاتوومان دیارییکەین».

ناوچەی گەرمیان کە ڕووبەرێکی فراوانی هەیە، ژمارەی دانیشتووانەکەشی نزیکەی (٤٥٠٠٠٠) کەسەو لە (٣)قەزاو (١٨)ناحیەو زیاتر لە (١٠٠٠)گوند پێکدێت، کە تەنیا ژمارەی دانیشتووانی قەزای کەلار کە مەڵبەندی ئەم ئیدارەیەیە (٢٢٦٠٠٠) کەسە.

لە (٢٠٠٨/٤/٢) ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم بڕیاریدا لە ڕووی (ئیداریی، یاسایی، دارایی)ەوە وەکو پارێزگا مامەڵە لەگەڵ گەرمیاندا بکات و شاری کەلار بە مەڵبەندی پارێزگاکە دادەنرێت، لە ساڵی ڕابردووشدا لە پەرلەمانی کوردستان پرۆژەیەک بۆ جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەی حکومەت پێشکەشکرا، لەگەڵ ئەوەشداو دوای زیاتر لە ساڵێک و ٨ مانگ تائێستا ئەو بڕیارە جێبەجێنەکراوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە ماوەی ڕابردوودا بەڵێنێکی زۆری

لە سەرۆک کۆمارەوە تا دەگاتە بەرپرسانی دی
جێبەجێکردنی ئەم داواکارییانەیان داوە، بەڵام ب
هەنگاوێک بەم ڕێگایەدا نەنراوەو بە پێچەوان
خۆلێبێدەنگکردنێکی ترسناکی ئەو پرۆژان

## ئامۆزا شێرزاد، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکوک:

# کوردو عەرەبو تورکمانو مەسیحییەکان تەنیا ئومێدیان، گۆڕانە

سازدانی:
شاڵاو محەمەد،
پشتیوان سەعدوڵڵا

**شێرزاد عەبدولخالق ناسراو بە ئامۆزا شێرزاد، هەڵسوڕاوی بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکوک، باس لەوەدەکات، دەنگی نارازیی لە ناو سەرجەم پێکهاتەکانی کەرکوکدا زۆرەو لەئێستاشدا هیوایان بە گۆڕانە، هاوکات پێیوایە؛ بزووتنەوەی گۆڕان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق (٤) کورسی پارێزگای کەرکوک بەدەستدەهێنێتو ڕەخنە لە ئەدای سەرکردایەتیی کوردیش دەگرێت، کە بە جدیی کاری بۆ مەسەلەی کەرکوک نەکردووە.**

**ڕۆژنامە: ئەوەی لە هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥) ڕوویدا لە کوردستان بەتایبەت سەرکەوتنی لیستی گۆڕان لە پارێزگای سلێمانی، لە کەرکوک دووبارە دەبێتەوە؟**

* ئەو ئەنجامەی گۆڕان لە سلێمانیو شارەکانی کوردستان لە هەڵبژاردنی (٧/٢٥)دا بەدەستیهێنا، لە کەرکوک زیاتر بەدەستدەهێنێت، ڕۆژانە دەبینین خەڵکی کەرکوک چەند بە حەماسەوە بە هەموو پێکهاتەکانی شارەکەوە بە کوردو عەرەبو تورکمانو مەسیحییەکان سەردانی بارەگاکەمان دەکەن، چۆن لە کوردستان نەبوونی خزمەتگوزارییو گەندەڵییو نادادیی هەیە بەهەمانشێوە لە کەرکوکیش بوونی هەیە، کوردو عەرەبو تورکمانو مەسیحییەکان تەنیا ئومێدیکیان هەیە، ئەویش لیستی گۆڕانە.

**ڕۆژنامە: پێتانوایە بوونی لیستی جیاواز چ خزمەتێک بە خەڵکی شارەکەو دۆسیەی کەرکوک دەکات؟**

* لیستی جیاواز لە هەموو دنیا باشە، دەبێت یەکێتیو پارتی سوپاسمان بکەن بۆ ئەم لیستە جیاوازە، کۆمەڵانی خەڵک زۆر دڵشکاونو زۆر نارازین لەم بارودۆخە، ئەو خەڵکەی کە نارازین لە دەوری گۆڕان کۆبوونەتەوەو ئەو دەنگانەش دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستانو نافەوتێت، ئەگەر یەکێتیو پارتی بە یەک لیست دابەزنو لیستی جیاواز نەبێت، من پێشبینیدەکەم بۆ ئەمنی قەومیی کوردیش باش نەبێت.

**ڕۆژنامە: چاوەڕوانی چەند کورسی دەکەن لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا؟**

* هەموو پێکهاتەکان پەرۆشن بۆ لیستی گۆڕان، ئێمە لە کەرکوک پێشبینی دەکەین چوار کورسی زیاتر بەدەستبهێنین، ئەگەر سەیری پێشوازیی هاوڵاتییانی کەرکوک بکەین بۆ گۆڕان، چاوەڕواندەکەین لەو ڕێژەیە زیاتر بەدەستبهێنین.

**ڕۆژنامە: ئێوە وەکو بزووتنەوەی گۆڕان لە کەرکوکدا چۆن خۆتان ئامادەکردووە بۆئەوەی زۆرترین دەنگ بەدەستبهێنن؟**

* ئێمە ئێستا دەسەڵاتێکمان نییە لە کەرکوکدا تا ئەوەی دەمانەوێت جێبەجێی بکەین، بەڵام ڕۆژانە سەردانی خەڵک دەکەینو خەڵکیش سەردانمان دەکەن، بەرنامەکەمان ڕوونو ئاشکرایە بەدڵنیاییەوە لە داهاتوودا خزمەتی خەڵکی شاری کەرکوک دەکەین.

**ڕۆژنامە: ئەگەر لە کەرکوک سەرکەوتن بە دەستبهێنن چی بۆ خەڵکی شارەکە دەکەن؟**

* ئێمە پێشوەخت هەندێک شت هەیە بڕیارمان لە سەری داوە، لەوانە گەڕانەوەی متمانە لەنێوان پێکهاتەکانی شارەکە، هەروەها دەمانەوێت خەڵکی شارەکە خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، ئەو پۆستە تەنفیزییانەی کە هەیە ململانێی قەومیی تێدا نەمێنێت، بڕوامان بەوە هەیە کە کەرکوک بکەینە دەستەگوڵێک تا بتوانین بیکەینە شارێکی نموونەیی بۆ شارەکانی دیکە.

**ڕۆژنامە: باسی گەڕانەوەی هەڵسوڕاوانی لیستی گۆڕان لەکەرکوک دەکەن بۆ ناو یەکێتی، ئەمە تاچەند ڕاستە؟**

* لە کەرکوک ڕۆژانە لەگەڵ سەدانو هەزاران کەس کۆدەبمەوەو سەردانی ئێمە دەکەن، تائێستا ئەوانەم نەبینیوە لە کەرکوک هاتبێتنە ناو گۆڕانو گەڕابێتنەوە ناو یەکێتی، دیارە ئەمانە لەهەسارەیەکی دیکەوە هاتوون، ئەو خەڵکانە هیچ پەیوەندییەکیان بە گۆڕانەوە نییە، تەنیا بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵکە.

**ڕۆژنامە: تا چەند لە نوێنەرانی کورد لە بەغدا ڕازین لە بەرامبەر کێشەی کەرکوک؟**

* لە هەموو هاوڵاتییەک بپرسە ئەو حەقیقەتە دەزانێت سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەدایەکی لاوازی هەیە، بەتایبەتی لە مەسەلەی کەرکوکدا، تائێستا سەرکردایەتی کورد نەیتوانیوە کێشەی کەرکوک چارەسەربکاتو بە جدیی کاری بۆ ئەو مەسەلەیە نەکردووە، جگەلەوەش لە شارەکەدا تائێستا بەشێک لە دانیشتووانە کوردەکەی ئاوارەنو خزمەتنەکراون.

**ڕۆژنامە: کەوابوو یەکێتیو پارتی نەیانتوانیوە نوێنەرایەتی خەڵکی کەرکوک بکەن لە بەغدا؟**

* بەڵێ یەکێتیو پارتی نەیانتوانیوە نوێنەرایەتی خەڵکی کەرکوک بکەن، هەموو نەتەوەکان بە کوردو عەرەبو تورکمانو مەسیحییەکانەوە هیچ ڕووناکییەک لە سایەی دەسەڵاتی ئەو حیزبانەدا نابینن، کەرکوک ژێرخانی نەوتە، کەچی خەڵکی شارەکە نەوتیان نییە، کارەبا نییە گەندەڵیی هەیە، بۆ خزمەتکردنی دانیشتووانەکەی کەرکوک پێویستی بە گۆڕان هەیە.


ئامۆزا شێرزاد

**سەرکردایەتی کورد نەیتوانیوە کێشەی کەرکوک چارەسەربکاتو بە جدیی کاری بۆ ئەو مەسەلەیە نەکردووە**

## ئاوات محەمەد، ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک:

# (٢٠١٠)یش هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ئەنجام نادرێت

بەهادین یوسف

ئاوات محەمەد ئەمین ئەندامی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێیوایە؛ لەساڵی (٢٠١٠)یش ناتوانرێت هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بکرێت، بڕواشی وایە، یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش گرفتێکی دیکەی لەبەردەم هەڵبژاردنی کەرکوکدا دروستکردووە.

لە لێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامە ئاوات محەمەد وتی: «هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بڕیاری لەسەر دەدرێت بە گوێرەی مادەی (٢٣) لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، ژمارە (٣٦)ی ساڵی (٢٠٠٨) کە بەو یاسایە هەڵبژاردن لە (١٤) پارێزگا کرا جگە لە کەرکوکو سێ پارێزگاکەی هەرێمیشی نەگرتەوە، چونکە ئەوان یاسای تایبەت بەخۆیان هەیە، مادەی (٢٣) کۆمەڵێک مەرجو ڕێوشوێنی داناوە دەبوو لیژنە پەرمانییەکە لەسەری ڕێبکەوتایەو دواتر هەڵبژاردن لە کەرکوک بکرایە».

بەپێی مادەی (٢٣)ی ئەو یاسایە لیژنەیەکی (٧) کەسی بۆ پێداوچوونەوە بە تۆماری دەنگدەرانو دانیشتووانو زیادەڕۆیی دابەشکردنی دەسەڵات لەنێوان پێکهاتەکاندا پێکهێنرا دەبوو ڕاپۆرتێکی کۆتاییان پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکردایەو بەپێی ئەو ڕاسپاردانە یاسایەکی تایبەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دابنرێت.

بە وتەی ئاوات محەمەد: «تەمەنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەرەو بەسەرچوون دەچێتو هیچکام لەو ڕێوشوێنانەی جێبەجێ نەکردووە، بۆیە دەبێت ڕاستەوخۆ کار بە بڕگەی ( ٦) لەو مادەیە بکرێت».

بەپێی بڕگەی (٦)ی مادەی (٢٣) ئەگەر لیژنە پەرلەمانییەکە نەیتوانی بگاتە هیچ ئەنجامێک ئەوا سێ سەرۆکایەتییەکە، (سەرۆکایەتی کۆمار، سەرۆکایەتی نوێنەرانو سەرۆکایەتی وەزیران بە هاوکاریی نەتەوەیەکگرتووەکان ڕێوشوێنی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک دەستنیشان دەکەن، لەو بارەیەوە ئەندامەکەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، وتی: «پێناچێت لەم ماوە کورتەدا فریا بکەون ڕێوشوێنی هەڵبژاردن دابنێن، بێ بوونی هیچ یاسایەک ئەستەمە هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوک لە (٢٠١٠/٣/٧)و لەگەڵ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا ئەنجامبدرێت، بۆیە دەبێت یاسایەک دەربچێتو یاسەکەش پەیوەستە بە مادەی (٢٣)وەو مادەکەش لەجێی خۆیدا چەقیوە».

ئاوات محەمەد ئاماژەی بەوەشکرد: «ئێستا کە تەمەنی پەرلەمان تەواو دەبێتو ئەگەر یاسایەک دەرنەچێت، ئەوکاتە دەبێت پەرلەمانی داهاتوو یاسایەک بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی کەرکوک دەربکات، ئەویش بەپێی مادەی (٢٣)، مادەکەش کۆمەڵێک مەرجی تێدایە کە لە پەرلەمانی داهاتوو نامێنن ئەنجومەنی سەرۆکایەتی نامێنێتو تەنیا سەرۆک کۆمار دەبێت سەرۆک وەزیران جێگەی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی وەزیران دەرگرێتەوە هەروەها پەرلەمان بەهەمان سیستمی تەوافوقی دەمێنێتەوە یان نا، ئەو ئەنجومەنە سیادییانەی کە بڕیار لەسەر یاساکە دەدەن بەمشێوەیەی ئێستای نامێنێتو گۆڕانی بەسەردا دێت، بۆیە دانانی ڕێوشوێن لەلایەن ئەو سەرۆکایەتییانەشەوە دەگۆڕێت».

دەربارەی دەرچوونی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانو کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنی کەرکوک ئاوات محەمەد وتی: «مادەی (٦) لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بەربەستێکی داناوە لەبەردەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکداو هاتووە کە تۆماری دەنگدەران نە ئەنجامی هەڵبژاردن ناکرێتە بنەما بۆ هیچ هەڵبژاردنێکی دیکە لە ئایندەدا، مانای وایە ئەو گرفتەش هەیە، ئەگەر هەڵبژاردنیش بکرێت ناتوانی تۆماری دەنگدەرانی ساڵی (٢٠٠٩) بکەیتە بنەما مەگەر لە حاڵەتێکدا ئەگەر هیچ تانەیەک لە ئەنجامی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق لە کەرکوک نەدرێت، ئاستەنگەکان ئەوەندە زۆرن بۆیە پێشبینی ناکەم هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک لە ساڵی (٢٠١٠)یشدا ئەنجامبدرێت».

سەبارەت شەرعیەتبوونی ئەنجومەنی ئێستای پارێزگای کەرکوک، ئاوات محەمەد وتی: «مادەی (٢٣) کراوەیەو هیچ وادەیەکی دانەناوە بۆ هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوکو ئەم ئەنجومەنەی ئێستا شەرعیەتی دەمێنێت، بەڵام ڕووبەڕووی قانونێکی دیکە بووەتەوە ئەویش مادەی (٥)ی یاسای ژمارە (١٦)ی هەموارکراوی ئەنجومەنی نوێنەرانە، کە دەڵێت: هیچ یاسایەکی دیکە کاری پێناکرێت، واتە یاساکانی پێشووتر دەسڕێتەوە لەبەرئەوە کێشەی یاساییو دەستووری هەیە، بۆیە ناتوانرێت بە ئاسانی کێشەکە چارەسەر بکرێت بەئاسانیی بگەیتە چارەسەر».

وتیشی: «لە مانگی (١و٢/٢٠١٠) ناتوانرێت هیچ ڕێکەوتنێک بکرێت لە (٣/٧) هەڵبژاردنی گشتیی عێراق دەکرێتو لە (٣/١٦) پەرلەمانی ئێستای عێراق شەرعیەتی نامێنێتو ڕاگەیاندنو پەسەندکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی داهاتووش دەچێتە مانگی (٤)ەوەو پێدەچێت پەرلەمانی ئایندە لە مانگی (٢٠١٠/٥) یەکەم دانیشتنی بکات، بۆیە ئەستەمی دەزانم لە ساڵی (٢٠١٠) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بکرێت».

لە (٢٠٠٩/١/٣١) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق جگە لە کەرکوکو سێ پارێزگاکەی هەرێم بەڕێوەچوو هەڵبژاردنی پارێزگای کەرکوکیش بەسترا بە مادەی (٢٣)ەوە لیژنەی ئەو مادەیەش نەیتوانی بگاتە هیچ ئەنجامێک، بۆیە ئێستا مەسەلەی هەڵبژاردنی ئەو پارێزگایە بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوەو زۆربەی ئاماژەکان بۆ ئەوە دەچن، کە ساڵی (٢٠١٠) نەتوانرێت هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بکرێت.


ئاوات محەمەد

## پەرلەمان، لە کێبڕکێی کاتدا

# بودجەی گشتییو حیزبەکان چاوەڕوانی پەسەندکردنن

**بەرهەم خالید**

تەمەنی خولی گرێدانی یەکەمی پەرلەمان تەنیا چەند ڕۆژێکی ماوەو تائێستا بودجەی گشتیی نەگەیشتووەتە پەرلەمانو بودجەی حیزبەکانیش پەسەند نەکراوەو بەشێک لە پەرلەمانتارانیش پێیانوایە، دەبێت پەرلەمان بودجەی حیزبەکان پێش بودجەی گشتیی پەسەندبکاتو پەرلەمانیش قوربانیی بە پشووی زستانەی بدات لەپێناو پەسەندکردنی بودجەدا.

بڕیاربوو هەفتەی رابـردوو بودجەی گشتیی هەرێم بگەیشتایەتە پەرلەمان بـۆ ئـەوەی گفتوگۆی لـەسـەر بکرێت بەمەبەستی پەسەندکردنی، بەڵام تائێستا ئەو بودجەیە نەگەیشتووەتە پەرلەمانو هەروەها پڕۆژەیاسای یەکخراوی بودجەی حیزبەکانیش چاوەڕێی پەسەندکردنە.

شێرزاد حافز، ئەندامی لیژنەی ناوخۆو ئاسایشو ئەنجومەنە خۆجێییەکان باس لەوە دەکـات، کە یاسای بودجەی هەرێم پەیوەستە بە بودجەی حیزبەکانەوەو تەواوکەری یەکترن، بۆیە دەبێت سەرەتا بودجەی حیزبەکان تەواو بێتو یاساکەی تێپەڕێت بۆ ئەوەی لە بودجەی گشتیدا جێی بکرێتەوە، لەبەرئەوەی بەبێ پڕۆژەیاسای بودجەی حیزبەکان ناتوانرێت بودجەی گشتیی تێپەڕێنرێت، بە دووریشی زانی کە پەرلەمان پشووی خۆی دەستپێبکات هەتا بودجەی هەرێم لە پەرلەمان تێنەپەڕێت، شـێـرزاد حافز کە ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕانیشە رایگەیاند: «ئێمە وەک فراکسیۆنی گۆڕان پێمانوایە لە پشووەکە کەمکرێتەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەسەر بودجە بکرێتو پەسەند بکرێت، لەبەرئەوەی پەیوەندی بە هەموو بوارەکانەوە هەیە».

مانگی رابردوو بودجەی گشتیی عێراق خوێندنەوەی بۆکراو بڕیارە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا پەسەند بکرێت، لەبەرئەوەی فەسڵی تەشریعی کۆتایی پێنایەت، هەتا دەنگدان لەسەر بودجە نەکرێتو ئەمەش دوایین فەسڵە، بۆیە بە بۆچوونی بەشێک لە پەرلەمانتارانی هەرێم، پێویستە بودجەی هەرێمیش کە پەیوەستە بە بودجەی عێراقەوە دوانەکەوێت، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستانیش کۆتاییان پێ نەهێنرێت.

د.زانا رەئوف، ئەندامی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمانی کوردستان بە رۆژنامەی راگەیاند، ئەگەر حکومەت بودجە بنێرێتە پەرلەمان، ئەم وەرزی یاسادانانە تەواو نابێت هەتاوەکو بودجە بڕیاری لەسەر دەدرێت، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە لە (١ /١/٢٠١٠)دا دانیشتنەکان کۆتاییان پێ نەهێنرێت.

خورشید ئەحمەد سەلیم، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایـیو کاروباری ئابووریی لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی وت، کە بودجەی گشتیی دابەشی لیژنەکانی داراییو ناوخۆو یاسایی کراوەو ئەوانیش وەک لیژنەی دارایی ئەرکی دیاریکردنی ئەو بڕە بودجەیەیان پێسپێردراوە، کە هەر کورسییەکی پەرلەمان چەندی بودجە بۆ تەرخان بکرێت، ئەوەش دوای وەرگرتنی بۆچوونی حکومەت دەبێت لە ڕێگەی وەزارەتـی دارایـیـەوە، بۆ ئـەوەی دواتر پـڕۆژەی بودجەی حیزبەکان رەوانـەی سەرۆکایەتیی پەرلەمانی بکەین بەمەبەستی پەسەندکردن.

دەربـارەی بودجەی گشتیش، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی رایگەیاند «بەپێی راگەیاندنی وەزارەتـی داراییو ئابووریی دەبـوو هەفتەی پێشوو بودجەی گشتیی بگەیشتایەتە پەرلەمان، بـەڵام تائێستا نەگەیشتووەو چـاوەڕوان دەکەین لەم هەفتەیەدا بگات».

ئـەوەشـی خـسـتـەڕوو، لـەو خولەی پەرلەماندا کە بودجەی تێدابێت نابێت پەرلەمان پشوو وەربگرێت، چونکە یەکێک لە کارەکانی ئەوەیە کە بودجە پەسەند بکات: «دەبوو پێش سەری ساڵ بودجە بگەیشتایە پەرلەمان، بەڵام حکومەتیش بیانووی خۆی هەیە، بۆیە هیوام وایە بە زوویی بودجەی حیزبەکانو بودجەی گشتیی هەرێم پەسەند بکرێت».

## وەزیرە کوردەکان ئیمزایان کردووە

# بڕگەیەکی بودجە، زیانێکی گەورە بە نەوتی هەرێم دەگەیەنێت

**هەستیار قادر**



بڕگەیەکی بودجەی (٢٠١٠)ی عێراق، زیانێکی دارایی زۆر بە هەرێم دەگەیەنێتو زۆربەی وەزیرە کوردەکان لە ئەنجومەنی وەزیران ئیمزایان کردووەو پەرلەمانتارێکی کوردیش ئاماژە بەوە دەکات، کە بوونی ئەو بڕگەیە تووشی شۆکی کردوونو زیاد لە (٢)مانگە نەیانتوانیوە قەناعەت بە لیستەکان بکەن کە دەنگ بەو بڕگەیە نەدەن، هاوکات دوو وەزیری کوردیش ئەوە رەتدەکەنەوە کە ئەو بڕگەیە مەترسیدار بێتو بەسەریاندا تێپەڕبووبێت.

### مادەکەی شەهرستانی

لە بڕگەی چوارەمی مـادەی (١٧)ی پڕۆژەیاسای بودجەی (٢٠١٠)ی عێراقدا هاتووە کە وەزارەتـی دارایی عێراق بڕی پارەی ئەو زیانە لە هەرێم یان پارێزگایەک دەبـڕێـت کـە بـەهـۆی ڕێـگـریـکـردن لە نـاردنـەدەرەوەی نەوتی دەرهێنراویان دەکەوێتەوە، یان ئەو نەوتە دەرهێنراوە رادەسـتـی وەزارتـی نـەوت نـاکـات بە مەبەستنی ناردنەدەرەوەی یان بەکارهێنانی ناوخۆییو بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامەش، ئەو مادەیە لەنێو پەرلەمانتارە کوردەکاندا بە مادەی شەهرستانی ناسراوە.

لەو بارەیەشەوە د.ئیسماعیل شوکر، جێگری سەرۆکی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە رۆژنامەی راگەیاند «کاتێک گفتوگۆمان لەگەڵ وەزیری داراییدا کرد، سەبارەت بەو مادەیە ئاماژەی بەوەدا، کە ئەو مادەیە لە ئەنجومەنی وەزیـران لەلایەن حسێن شەهرستانی، وەزیـری نەوتەوە دانراوە».

### مەترسییەکانی مادەکە

یەکێک لە هەرە مەترسییە گەورەکانی تـێـپـەڕانـدنـی ئـەو بـڕگـەیـەی مـادەی (١٧)ی پڕۆژەیاسای بودجە ئەوەیە، کە ئاڕاستەکراوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەو پێیەی لە (٢٠٠٩/٩/١٥)وە پڕۆسەی ناردنەدەرەوەی نەوتی کێڵگەی تاوگی لە دهۆک لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لە ڕێگەی بەغداوە راگیراوەو هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کێشەی نێوان هەولێرو بەغدا لە سەرفکردنی پـارەی کۆمپانیا وەبەرهێنەکانی نەوت لەو کێڵگەیەدا لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم داوا دەکـات، ئەو پارەیە لەلایەن بەغداوە سەرفبکرێت، بەوپێیەی داهاتەکەی دەچێتە خەزێنە دەوڵەتی عێراقییەوەو وەزارەتـی نەوت سەرفکردنی ئەو پارەیە دەبەستێتەوە بە وردبینیکردنی گرێبەستە نەوتییەکانی هەرێم لەلایەن ئەو وەزارەتـەوەو بەپێی لێدوانی پێشووی د.عەلی بەلوی سەرۆکی لیژنەی نەوتو گازی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ رۆژنامە بەر لە راگرتنی، رۆژانە (٤٠)هەزار بەرمیل نەوتی کێڵگەی تاوگی لە ڕێگەی هێڵەنەوتییەکانی حکومەتی عێراقییەوە دەنێردرایە دەرەوەو ئەگەر بە گریمانەی نرخی (٧٠)دۆلار بۆ یەک بەرمیل نەوت حیساب بکەین، ئەوا بەغدا، هەرێم ناچاردەکات ناردنە دەرەوەی نەوت دەستپێبکاتەوە، ئەگەر نا مانگانە نزیکەی (٢)ملیۆنو (٨٠٠) هەزار دۆلار لە بودجەی هەرێم دەبڕێت، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر هەیە ئەم مادەیە بە شێوازێک شرۆڤە بکرێت کە دەبێت هەرێم نەوتی کێڵگە نەوتییەکانی دیکەیشی دەربهێنێتو لە ڕێگەی بەغداوە بینێرێتە دەرەوە، ئەگەر نا بەهەمانشێوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێتو لە بودجەکەی دەبڕێت.

د.ئیسماعیل شوکر پێیوایە، ئەو مادەیە ڕۆشن نییە لە وەی چۆن ڕێژەی ئەو زیانانە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دەخەمڵێنرێتو کێش بڕیاری لێدەداتو وەزیری نەوتیشی بە بەرپرسیاری یەکەم زانی لە راگرتنی ناردنە دەرەوەی نەوتی هەرێم، وتیشی: «ئەو بڕگەیە نایاساییەو پێویستە لایەنێکی دادوەریی بڕیار لەسەر ئەو دۆسیەیە بدات، نەک وەزارەتی داراییو ڕێگاش نادەین بە تێپەڕاندنی ئەو بڕگەیە».

### کورد لە نێوان حکومەتو پەرلەماندا

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا کێشەی زۆر لە ئەزموونی بودجە لە نێوان ئەنجومەنی وەزیـرانو پەرلەماندا کەوتووەتەوە، ئەمە سـەرەڕای بـوونـی (٧)وەزیـری کـوردو جێگری سەرۆک وەزیران، لە پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠٠٨)دا ڕێژەی بودجەی سیادیی زیادکرا بوو تا لە ڕێگەیەوە بودجەی (١٧٪)ی هەرێم کەمبکرێتەوە، بەو پێیەی ئەو ڕێژەیەی هەرێم لە بودجەی ناسیادیی دەدرێت بە ئاگاداری وەزیرە کوردەکان لە حکومەتەوە تێپەڕیو لە پەرلەماندا کێشەی نایەوە، لەساڵی (٢٠٠٩)یشدا بەهەمانشێوە بودجەی پێشمەرگە نەخرایە ناو بودجەوەو لە حکومەتەوە بە ئاگاداری وەزیرە کوردەکان تێپەڕی لە پەرلەمانداو بە ئەستەم ئەو مادەیە دانرایەوەو ئەمساڵیش بەهەمانشێوە بڕگەی (٤)ی مادەی (١٧) لە پڕۆژە بودجەی (٢٠١٠)دا دانراو لە ئەنجومەنی وەزیراندا تێپەڕ بوو، بەپێی زانیارییەکانی رۆژنامەش بەغیابی سێ وەزیـری کـوردو جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی کە تائێستا پڕنەکراوەتەوە، (٤)وەزیرەکەی دیکە کە ئامادەی کۆبوونەوەکەی ئەنجومەنی وەزیران بوون، ئیمزایان لەسەر پڕۆژەیاسای بودجە کـردووەو ئەو بڕگەیە بەسەریاندا تێپەڕبووە.

لەوبارەیشەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە لیستی هاوپەیمانییەوە رایگەیاند «هەندێک لە وەزیرە کوردەکان ئاماژەیان بەوەداوە کە لەو بڕگەیەی بودجە ئاگادار نەبوون، بەڵام وەزیری دارایی جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە وەزیرە کوردەکان ئاگاداری ئەو بڕگەیە بوون».

تێپەڕبوونی ئەم سێ کێشەیە لە ماوەی (٣)ی ساڵی رابـردووی بودجەدا بەسەر وەزیرە کوردەکاندا لە کاتێکدایە کە جگە لە (١٢)بریکاری وەزیر بە بریکاری وەزارەتی داراییەوە، کورد (٧)وەزیرو جێگری سەرۆک وەزیـرانـی هەیەو دەنگەکانی کـورد لە ئەنجومەنی وەزیراندا بۆ یەکلاییکردنەوەی ئـەو کێشانە بەهێزترە وەک لە دەنگی کورد لە ئەنجومەنی نوێنەراندا، کە بە (٥٧) کورسییەوە دەکاتە (٥/١)ی سەرجەم ڕێژەی کورسییەکانی پەرلەمان، کە (٢٧٥) کورسییە.

سامی ئـەتـروشـی، ئەندامی لیژنەی دارایـی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، وێـڕای رەحنەگرتن لە وەزیـرە کوردەکان لـە تێپەڕبوونی ئـەو بڕگەیەی بودجە بەسەریاندا وتی «کاتێک بودجە هاتە بەردەم لیژنەکەمانو ئەو بڕگەیەمان بینی، تووشی شۆکی کـردیـن، چونکە پێشتر وەزیـرە کوردەکان لە بوونی بڕگەیەکی لەوجۆرە ئاگاداریان نەکردووینەتەوەو کاتێکیش داوای ئیمزاکانمان کرد، زۆربەی وەزیرە کوردەکان ئیمزایان لەسەر کردبوو».

ئەتروشی ئاماژەی بەوەشدا، کە دەتوانرا ئاسانتر لە ئەنجومەنی وەزیراندا ئەو بڕگەیە لەلایەن وەزیرە کوردەکانەوە لاببرێت، ئەوە چەندینجارە ئەو هەڵەیە دووبارە دەبێتەوەو ئـەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە وەزیرە کوردەکان پشت بە پەرلەمانتارە کوردەکان دەبەستن لە یەکلاییکردنەوەی ئەو جۆرە کێشانەدا، وتیشی: «ئـەو مادەیە دەچێتە دەنگدانەوەو لەماوەی (٢)مانگی رابردووی گفتوگۆکردنماندا لەگەڵ لایەنە سیاسییەکاندا نەمانتوانیوە قەناعەت بە لیستەکانی دیکە بهێنین لە بەرژەوەندیی کورد دەنگ بدەنو مەرجیش نییە دەنگدان لە بەرژەوەندیی کورد بێت».

نەبوونی هەمئاهەنگی نێوان وەزیـرو پەرلەمانتارە کوردەکان لە بەغدا یەکێکە لە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی چوار ساڵی رابـردووی کارکردنی نوێنەرانی کورد لە بەغداو لەوبارەیەشەوە سەرچاوەیەکی ئاگادار لە بەغداوە ئاشکرایکرد، کە زۆرێک لە بریکاری وەزیرو وەزیری کورد هەن کە تائێستا پەرلەمانتارە کوردەکان ناناسنو کۆبوونەوەی بەردەوام لە نێوانیاندا نییە بۆ تاووتوێکردنی ئەو کێشانەو لە کاتێکدا کە لیستی ئیئتیلاف هەفتانە دوو کۆبوونەوەی جیاجیا دەکەن کە لەسەرۆک وەزیرانەوە تا پەرلەمانتارو بـەڕێـوەبـەری گشتیی وەزارەتەکانیان بەشداریی تێدا دەکەن.

### وەزیرەکانیش قسەی خۆیان هەیە

سـەبـارەت بـەو تۆمەتانەی لەسەر تێپەڕبوونی ئەو بڕگەیەی بودجە ئاڕاستەی وەزیرە کوردەکان کراوە، نەرمین عوسمان، وەزیری ژینگەی عێراقی کە بە وتەی خۆی ئیمزای لەسەر ئەو بڕگەیە نەکردووە، ئەوە رەتدەکاتەوە کە ئەو بڕگەیە بەسەریاندا تێپەڕیبێت یان بەهەڵەی ئەو (٤)وەزیـرە دابنرێت کە لەو کۆبوونەوەیەدا ئامادەبوونو بۆ رۆژنـامـەی روونـکـردەوە کە پێشتر وەزارەتی دارایی هەرێمی ئاگادارکردووەتەوە تا تیمێکیان بنێرن بۆ بەغدا بۆ تاووتوێکردنی کێشەکانی ناو بودجەو تەرکیزی وەزیرە کوردەکان لەسەر ڕێژەی (١٧٪)ی بودجەی هەرێمومادەی(١٤٠)بووە،وتیشی:«نەدەتوانرا بە (٤) وەزیرەوە هەموو ویستەکانی خۆت لە ئەنجومەنی وەزیراندا تێپەڕێنیت، چونکە لەوێ بڕیاردان بە دەنگدانەو جگە لەوەش بەپێی دەستووری عێراقی، دەبێت سەرجەم داهاتی نەوت بگەڕێنرێتەوە بۆ ناو بودجەی دەوڵەتو ناکرێت هەر پارێزگایەو لەعێراقدا دەست بەسەر نەوتی خۆیدا بگرێت».

هـاوکـات، عەلی محەمەدی وەزیـری دەوڵەتی عێراقیش بیرۆکەی مەترسیی نێو ئەو بڕگەیەی رەتکردەوەو بە رۆژنامەی راگەیاند «ناکرێت تەفسیری سلبی بۆ ئەو بڕگەیە بکرێتو جێگەی مەترسی نییە، چونکە ئەو بڕگەیە پەیوەندی هەیە بەدەستوورو یاسای نەوتو گـازەوەو دەستووریش مەرجەعی یەکەمە لە کێشە هەنووکەییەکانداو ئەو بڕگەیەش ڕێنمایی لەگەڵدایەو دەشتوانرێت ئەو بۆشاییو مەترسییانەی لەو بڕگەیەدا هەن لە ڕێنماییەکاندا چارەسەر بکرێن».

# بەدەپە نوێنەرایەتیی هەموو تورکیا دەکات

ئا: شاڵاو فەتاح






پارتی ئاشتیو دیموکراتی (بەدەپە) کە جێگەی پارتی لەکارخراوی کۆمەڵگەی دیموکراتی پرۆکورد، (دەتەپە) دەگرێتەوە، هەوڵدەدات ببێتە پارتێک بۆ گشت وڵات، بەپێچەوانەی پێش خۆی، ئەمەش لە کۆبوونەوەی هەفتانەی ئەو حیزبەدا بڕیاری لەسەردرا.

لەلێدوانێکیدا ئیبراهیم بینیچی، پەرلەمانتاری پێشووی دەتەپە کە ئێستا سەربەخۆیە، لەبارەی پێکهێنانی پارتی بەدەپەوە بە تودەیس زەمـان دەڵێت، «دەمانەوێت بە هاوکاریی پەرلەمانتارانی دیموکراتخواز پلاتفۆرمێکی سیاسیی بنووسین، دەمانەوێت وێنای تەنیابوون بە پارتێکی کـوردی بگۆڕین، ئێستا پەیوەندیمان پێوەیان هەیەو بەردەوامیش دەبین لە وتووێژ لەگەڵیاندا».

بینیچی ئامادەنەبوو هیچ ناوێک بـدرکـێـنـێـت، بـەڵام وتـی کـە ئـەوان پەیوەندیبەستن لەگەڵ ڕێکخراوەکاندا بەباشتر دەزانـن‌و کـانـدیـدی ئەو ڕێکخراوانەش پێشوازییان لێدەکرێت. دواتـر وتی، «چەند نوێنەرێک هەن لە بزووتنەوەی کرێکاران، پەیوەندیشمان بە پارتی ئازادیو هاوکارییەوە (ئۆدەپ)ەوە کـردووە، پارتی سۆشیال دیموکراتی خەڵک (سەهەپە)، پارتی کار (ئەمەپ)، ئەم پەیوەندییانەش فراواندەکەین».

## بانگهێشتی بەرپرسانی جەهەپەش دەکرێت!

کاتێک پرسیاری لـەبـارەوە لێکرا، نـەیـویـسـت ئـەو واتـەواتـە ڕەد یان پشتڕاستبکاتەوە، بەڵام وا چاوەڕواندەکرێت کە ئەشرەف ئەردەمی پەرلەمانتاری جەهەپە لە ئەنکەرە، بانگهێشتی پەیوەندیکردن بە بەدەپەوە بکرێت.

کاتێک دەتەپە داخرا، ئەشرەف سەردانی بنکەی دەتەپەی کردبوو، بەڵام ئەشرەف بە تودەیس زەمانی وت کە ئەو نیازی گۆڕینی حیزبی نییەو ناشیەوێت لەوبارەیەوە بدوێت، واچاوەڕواندەکرێت کە کۆنگرەی نائاسایی بەدەپە لە نیوەی کانوونی یەکەم یان لە سەرەتای شووباتدا ببەسترێتو نەک تەنیا بەشداربووانی نوێش، بەڵکو ئیدارەی پارتەکەش ئاراستەی ئەوە دیاریدەکەن کە (بەدەپە) چ ڕێچکەیەک بگرێت. دەمیر چەلیک، سکرتێری ئێستای حیزب لە شوێنی خۆی دەمێنێتەوە تا ئەوکاتە، بەڵام کاتێک گروپێکی پەرلەمانی پێکهێنرا، سەرۆکێکی نوێ بۆ گروپە پەرلەمانییەکە دیاریدەکرێت.

## نیوەی بەرپرسانی حیزب ژن دەبن

دەتەپە ترادسیۆنی نیوەبەنیوەی هەبوو لەنێوان پیاوو ژندا، پێدەچێت بەدەپەش هەمان ترادسیۆن پەیڕەو بکات، بۆیە ئەگەر سەرۆکی بەدەپە دەمیر چەلیک بێت کە پیاوە، ئـەوا دەبێت سەرۆکی گروپە پەرلەمانییەکە ژن بێت. لەناو ئەم پارتەشدا، ئایلا ئەکاتی پەرلەمانتاری باتمانو گوڵتەن کیشەنەکی پەرلەمانتاری دیاربەرکر چانسی ئەو پۆستەیان هەیە. ئامینە ئاینا، سەرۆکی گروپە پەرلەمانییەکەی دەتەپە بوو، بەڵام ئەو ناسراوە بە تێڕوانینە ڕادیکاڵەکانی.

عەبدوڵا ئۆجەلان کە ئێستا بەندکراوە بە حوکمی هەتاهەتایی لە زیندانی ئیمراڵی، ڕەخنەی لە ئامینە گرتووە بەوەی کە ڕێز لە «هەوڵی تورکو کورد بۆ دیموکراسی» ناگرێت، بەڵام دەرکەوتووە کە کەناڵی فرات ئەم بەشەی وتەکانی ئۆجەلانی دەربارەی ئامینە بڵاونەکردووەتەوە. ئۆجەلان داواشی لە پەرلەمانتارانی دەتەپە کردووە کە بچنەوە ناو پەرلەمان، لەکاتێکدا سەرکردەیەکی تری پەکەکە، موراد قەرەیەلان دیدێکی پێچەوانەی هەیەو وتویەتی کە دەستلەکارکێشانەوە مەبدەئەو دەبێت پەیڕەوی بکرێت.

## شاهین پەرلەمانتارانی کورد ئاگاداردەکاتەوە

مێهمەت عەلی شاهینی سەرۆکی پەرلەمانی تورکیا هۆشداری دەدات بە پەرلەمانتارانی پارتی لەکارخراوی (دەتەپە) کە ئـاگـاداربـن‌و «پەند لە رابـردوو وەربـگـرن» بۆ ئـەوەی لەداهاتوودا ڕووبـەڕووی هـەمـان چـارەنـووس نەبنەوە.

لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی تورکی-ئینگلیزی تودەیس زەماندا هاتووە، ڕۆژی شەممەو لە پایتەختی تورکیا شاهین وتی، «ئەگەر ئەم هاوڕێیانە دەیانەوێت سیاسەت بکەنو خزمەت بە جەماوەری تورکی بکەن، دەبێت بە کارەکانی ڕابردوویاندا بچنەوە بۆ ئەوەی ڕابردوو دووبارە نەبێتەوە». ئەم لێدوانەی شاهین لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا بـوو دەربـارەی ئەوەی کە ئەندام پەرلەمانانی دەتەپە بەنیازن سەردانی ئاوارەکانی پەکەکەو کامپی مەخمور لە باکووری عێراق بکەن، ئەویش وتی، «پێویستە وانەیەک لە ئەزموونەکانی ڕابردوو وەربگرن، ئەگەر ئەم شتانە هەر لەسەرەتاوە بـکـەن، ئـەوا بـۆ خـەڵـکـی قـورس دەبێت بزووتنەوەکانیان پۆزەتیڤ ببینن.» دەربـارەی پەیوەندیکردنی پەرلەمانتارانی دەتەپە بە پارتی نوێی بەدەپەوە، شاهین وتی، لەوە تێدەگەم کە بۆ پەیوەندییان کردووە، بەڵام دەبێت زۆر وریا بن بۆئەوەی لە داهاتوودا ڕووبـەڕووی هەمان چارەنووسی پێشوو نەبنەوە.

## دەستگیرکردنی (٨٠)کەس

لە ئۆپەراسیۆنێکدا پۆلیسی تورکیا چەندین کەس دەستگیردەکات، لەنێویاندا چەند سەرۆک شارەوانییەکی کورد هەن کە پێشتر سەر بە پارتی دەتەپەو ئەمەش بە تۆمەتی پەکەکە بوونیان دەستگیردەکرێن. سایتی بی.بی.سی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکدا باس لە دەستگیرکردنی هەڵسوڕاوانی سیاسیو ڕێکخراوەیی کوردەکان دەکات لە تورکیاو دەنووسێت، هێرشەکە لە (١١)پارێزگا ئەنجامدراوە، لە دژی دوو پارتی یاساغکراو، یەکەمیان پەکەکەو دووەمیان دەتەپە کە یاساغکردنی بووە هۆی چەندین پرۆتێست لە باشووری ڕۆژهـــــەڵاتی تورکیاو دژایەتی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانیشی بەدواداهات.

هەرلەبارەیئەمدەستگیرکردنەوەسایتی بیانێتی ئینگلیزی زوبان دەنووسێت، لەنێوان دەستگیرکراواندا نۆ سەرۆکی شارەوانی هەن کە پێشتر سەر بە پارتی دەتەپە بوون، ئەمە جگە لە چەندین هەڵسوڕاوی بواری مافی مرۆڤ کە ژمارەیان (٣٥)کەس دەبێت، کۆی دەستگیراوەکانیش (٨٠)کەس دەبن.

دەمیر چەلیکی سـەرۆکـی بەدەپە لـە لـێـدوانـێـکـیـدا ڕایـگـەیـانـد کـە ئەو ئۆپەراسیۆنە پشێویی زیاتر لە کۆمەڵگەدا دروستدەکات.

# سیحر لە ساحیر دەکرێت، کەیسی داخستنی جەهەپە

پارتی کۆماریی گەلی تورکیا (جەهەپە)، کـە گـەورەتـریـن پـارتـی ئۆپۆزسیۆنی تورکیایەو بـە بـەردەوامـیـی دژایـەتـی پڕۆژەکانی حکومەتی ئێستای تورکیا دەکات، وەک پـڕۆژەی کـرانـەوەی دیموکراسی، یەکێک بوو لەو پارتانەی خۆشحاڵی خۆی بە یاساغکردنی پارتی پرۆکوردی (دەتەپە) دەربـڕی، ئەمە لەکاتێکدا نارەزاییەکی ناوخۆییو جیهانیی لەدژی داخستنی ئەم حیزبە دروستبوو، بەجۆرێک خودی ڕەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا ئەو هەنگاوەی بەشیاو دانەنا، بەڵام هەریەک لە (جەهەپە)و (مەهەپە) کە گەورەترین دوو پارتی ئۆپۆزسیۆنی تورکیانو پڕۆژەی کرانەوەی دیموکراسی تورکیا سەبارەت بە کورد بە خیانەتو هاندەری جیابوونەوە دادەنێن، ئەو هەنگاوەیان بە هەنگاوێکی دروست ئەژمارکرد. بەمدواییانە بەڵگە هەیە لەسەر بوونی پەیوەندیی لەنێوان جەهەپەو ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەرگەنەکۆن، ئەمەش بە پشتگیریی ڕاستەوخۆی ئەو پارتە لە دەستگیراکراوەکانی ئەو ڕێکخراوە ڕوونتردەبێتەوە.

## جیاوازیی لەنێوان جەهەپەو دەتەپە چییە؟

ڕۆژنامەنووسێکی دانیشتووی ئەدەنە، کە ناوی نەعیم یاڵچینەلە، سکاڵایەکی لە دژی جەهەپە بەرزکردووەتەوە بە تۆمەتی بوونی پەیوەندیی لەگەڵ ئەرگەنەکۆن، کە مافیایەکی سیاسیی تۆمەتبارە بە کوشتنی چەندین کەس. ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی تورکی-ئینگلیزی تودەیس زەمـان دەربـارەی ئـەو کەیسە دەدوێـتو لە زاری ڕۆژنامەنووسەکەوە دەنووسێت: «پارتی دیموکراتی خەڵک (دەتەپە) بەتۆمەتی بوونی پشتگیریکردنی پەکەکەوە داخـرا، جەهەپەش پێویستە بە تۆمەتی پشتگیریکردنی ئەرگەنەکۆنەوە دابخرێت». دیارە داخستنی جەهەپە کارێکی ئاسان نییە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەم پارتە لەلایەن خودی مستەفا کەمال ئەتاتورکی دامەزرێنەری تورکیای مۆدێرن دروستکراوە، بەڵام یاڵچین لەمبارەیەوە دەڵێت: «جەهەپە چیتر ئەو پارتە نییە کە لەلایەن پێشەوای گەورە ئەتاتورکەوە دامەزرا، جەهەپە ئێستا بە ئاشکرا پشتگیریی گروپێکی تیرۆریستی وەک ئەرگەنەکۆن دەکـات». دواتر یاڵچین دەڵـێـت: ئەو ڕەفتارە نابێت لەناو هۆڵی پەرلەمانی تورکیادا بێتو پەرلەمانتارانی جەهەپەو سەرۆکەکەی، کە بایکاڵە پێویستە یان پشتگیرییان لە ئەرگەنەکۆن ببڕن، یاخود یاساغی کاری سیاسیی بکرێن.


دەنیز بایکاڵ، سەرۆکی (جەهەپە)

## پەیوەندییەکانی جەهەپەو میت

یاڵچین پێیوایە کە ڕەفتاری پارتی دیموکراتی خەڵکی لەکارخراوو جەهەپە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، لەبارەی کەیسی تیرۆریزمەوە. یاڵچین دەڵێت: تیرۆریزم هێند قێزەونە کە هیچ کەسێکی هۆشمەندو خاوەن ویـژدان لایەنی ناگرێت، کوشتنی خەڵک بەبێ جیاوازیی منداڵ، ژن، سەرباز، پۆلیسو مەدەنی شتێکە کە هیچ کەسێک ناتوانێت پشتگیریی بکات، بێ فرۆشتنی ڕۆحی خۆی بە شەیتان. ئەو دۆکیومێنتانەی لەم دواییەدا پیشاندران، ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەرگەنەکۆن گروپێکی بێویژدانەو زەرەری بۆ وڵاتەکەمان بەهێندەی پەکەکە هەیە، گروپی تیرۆریستی ئەرگەنەکۆن کە بەناوی تورکبوونەوە دەدوێت، نابێت لەلایەن هیچ تورکێکی خاوەن هەستو ویژدانو هۆشەوە پشتگیریی لێبکرێت.

ئـەم داوایـەی یـاڵـچـیـن لـەدوای پشتگیرییەکانی جـەهـەپـە دێـت لەو دەستگیرکراوانەی کەبەتۆمەتی بەئەندامبوون لە ئەرگەنەکۆندا دەستگیرکرابوون، ئەم پشتگیرییە بە تەواویی نالۆژیکی بوو.

یاڵچین دەڵێت: «جەهەپە پشتگیریی ڕاستەوخۆ لە ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەرگەنەکۆن دەکات، چوونە دادگاو دانیشتن لەسەر کورسی تۆمەتبار، کۆبوونەوە لەگەڵ ئەندامە دەستگیرکراوەکانی ئەو ڕێکخراوەو بەرگرییەکی کوێرانە لێیان نالۆژیکییە». پەرلەمانتارێکی جەهەپە لەگەڵ سێ ئەندامی دەزگـای موخابەراتی نیشتمانیی تورکی (میت) کۆبووەتەوە، کە کاریان کردووە بۆ ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەرگەنەکۆن.

## داوا لەسەر پەرلەمانتارانی جەهەپە تۆمار دەکرێت

مێهمەت عەلی پەککوزەل، کە یەکێکە لە داواکارانی گشتیی کەیسی ئەرگەنەکۆن، سکاڵایەکی لە دژی پەرلەمانتارێکی جەهەپە بۆ وەرگرتنەوەی مافی ئەندام پەرلەمانێتیی بەرزکردووەتەوە بۆ دادگـای تورکیا. لە ڕاپۆرتێکی تودەیس زەماندا باس لە کەیسی ئەرگەنەکۆنو پەیوەندیی ئەندام پەرلەمانانی جەهەپە بەو کەیسەوە دەکرێت، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، بەتۆمەتی ئەوەی پەرلەمانتار نابێت لایەن بگرێت لە تاوانی دژ بە دەوڵەت، دەیان تۆمەتبار لەنێویاندا ژەنەراڵی خانەنشینکراو، ئەفسەرو ڕۆژنامەنووس لە دادگای سیلیڤری دادگایی دەکرێن بە تۆمەتی هەوڵدان بۆ خستنی حکومەت.

لـە دەسـتـپـێـکـی خـولـی دووەمـی دادگاییکردنی ئەرگەنەکۆنەوە کە لە تەمموزی ئەمسالدا بـوو، پەرلەمانتارانی جەهەپە چوونەتە دادگاو لەسەر کورسی بەرگریی لە ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە دانیشتوون. دەنیز بایکاڵی سەرۆکی جەهەپە ڕایگەیاندووە، کە پارتەکەی «پارێزەر»ی ئەرگەنەکۆنەو حـکـومـەت دەیـەوێـت ڕکـابـەرەکـانـی لەناوبەرێت.

# ئایندەی هێزی کورد لە عێراق

# «سەرکردایەتی کورد، ئیرادەی خەڵکەکەی لە بەغداو خۆشی شاردووەتەوە»

دلێر عەبدولخالق

**د.بورهان یاسین:**

**ئەوەی پێگەی کورد لە بەغدا لاواز دەکات فرەلیستی نییە، بەڵکو لاوازیی سەرکردایەتی سیاسیی کوردییە لە ئاست بەغداو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش، کە هەمیشە نوێ بە کۆن مامەڵە دەکات**



**مەحمود عوسمان:**

**سەرکردە کوردەکان ئێستاش وانە لە رابردوو وەرناگرن، موراجەعەی رابردوو ناکەن، ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە، هەر دەڕۆین بۆ پێشەوەو ئاوڕ لە رابردوو نادەینەوە، زۆر هەڵە هەیە لە بزووتنەوەی کوردا دووبارە دەبێتەوە**



کورد بۆ هەڵبژاردنی ئازاری (٢٠١٠)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە چوار لیستی جیاواز کێبڕکێ لەسەر (٤١) کورسیی سێ پارێزگای هەرێمو ژمارەیەک کورسی چەند پارێزگایەکی دیکەی عێراق دەکات، چاودێرانی سیاسیی بۆچوونی جیاواز لەسەر پێگەی کورد لەناو نەخشەی سیاسیی عێراقدا دەردەبڕن، لێکۆڵەرێکی سیاسیش مەترسیی ئەوە دەکات ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بۆ کورد «عێراق» وەک موسڵێکی گەورە نیشانبداتو پەراوێزی بخات.

پێنجشەممەی رابردوو، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ناوی (٨٦) قەوارەی سیاسیی راگەیاند، کە کێبڕکێی (٣٢٥) کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتووی عێراق دەکەن، لەناو ئەو قەوارە سیاسیانەدا چوار قەوارە، کە بریتین لە لیستی هاوپەیمانی پارتیو یەکێتیو چەند حیزبێکی دیکە بە ژمارە (٣٧٢)، لیستی گۆڕان ژمارە (٣٢٩)، لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی ژمارە (٣١٥)، لیستی کۆمەڵی ئیسلامیی (٣٥٢) هەیە.

کۆی هەڵبژاردنەکە لەژێر رەشماڵی یاسای هەڵبژاردنەکان بەڕێوەدەچێت، کە لە درەنگانی شەوی (٢٠٠٩/١٢/٦) لە بەرژەوەندیی عەرەبی شیعەو سوننەی عێراق بە سازشی کورد تێپەڕێندرا، بەپێی ئەو یاسایە کورسییەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی داهاتوو پێکدێت لە (٣٢٥)، کە (٣١٠) یان دابەشدەکرێت بەسەر پارێزگاکانداو (١٥) کورسی وەک قەرەبوو دادەنرێت، بەشێوەیەک (٨) کورسیی بۆ کۆتای کەمینەکان دەبێت (٥) بۆ مەسیحیو، هەریەکە لە شەبەکو سابیئەو ئێزدییەکانیش کورسییەکیان پێدەدرێتو (٧) کورسیی دیکەیش وەک قەرەبوو بۆ دەنگدەرانی دەرەوەو ئاوارەو راگوێزراوەکان تەرخانکراوە.

بەراوردی کورسییەکانی سێ پارێزگاکەی هەرێم بە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥) دەردەکەوێت رێژەی کورسییەکانی کورد لە پەرلەمانی عێراق کەمیکردووە، بەوپێیەی هەڵبژاردانی پێشوو لە کۆی (٢٣٠) کورسی، کە بۆ هەموو پارێزگاکان دانرابوو (٣٥) کورسی بۆ سێ پارێزگاکەی هەرێم بوو، بەڵام بۆ هەڵبژاردنی ساڵی داهاتوو لە کۆی (٣١٠) کورسی پارێزگاکانی عێراق (٤١) کورسی بۆ سێ پارێزگاکەیە، جگە لە کورسییەکانی قەرەبوو و کورسی کەمینەکان.

## یاساکە، لە بەرژەوەندیی کورد نییە

د.مەحمود عوسمان سیاسیی کوردو پەلەمانتاری عێراق، پێیوایە؛ رۆڵی کوردو دەنگی کوردو ژمارەی کورد بەپێی رێژە لە عێراقی ئایندەدا کەمدەبێتەوە، ئەمەش بەهۆی یاسای هەڵبژاردنەکان، کە لە بەرژەوەندیی کورد نییەو بەگشتیی لە زیانییەتی.

لەو بارەیەوە دەڵێت: «لەگەڵ ئەوەی بوونی چەند لیستیی بەکارێکی باش دەزانم، بەڵام پێدەچێت لە هەندێ شوێن دەنگ لەناو بەرێتو کاریگەریی هەبێت لەسەر ژمارەی کورسییەکان، بەڵام گرنگ ئەوەیە پەرلەمانتارەکان لەسەر چەسپاوییە نەتەوەییەکان رێک بن، هاوکاتیش زۆر گرنگە خەڵکی ئێمە هۆشیاربێت لە دەنگدان بە کاندیدەکان، واتە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئەو کاندیدە سەر بە چ لیستێکە، بە پێوەری جۆری کەسەکە دەنگی پێبدرێتو ئەوانە بنێرنە پەرلەمانی عێراق، کە بتوانن بەرگریی لە مافی کورد بکەن، چونکە شەڕی ئێمە لە بەغدا نەتەوەییەو حیزبیی نییە، ئەمەش بۆ ئەوە گرنگە ئەگەر لە رووی ژمارەیشەوە کورد کەمیکرد، لە رووی نەوعییەوە قەرەبووی بکاتەوە».

بە بڕوای لێکۆڵەرێکی سیاسیی ئەگەرو دەرهاویشتەکانی دوای هەڵبژاردنی ئازاری (٢٠١٠) بە قازانجی کورد نییەو مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت ئەنجامو سیناریۆی هەڵبژاردنی پارێزگای موسڵ بەرامبەر کوردو دوورەپەرێزخستنی دووبارە بکرێتەوە، پێدەچێت ئەو پەراوێزخستنە لەسەر ئاستی عێراقیش ئیشی بۆ بکرێت.

د.بورهان یاسین، لێکۆڵەری سیاسیی بە رۆژنامەی راگەیاند: «کورد بەرەوڕووی هەڵبژاردنێک دەبێتەوە، کە لەوێدا ئەگەرەکان بەشێوەیەکن هاوسەنگییەکان بە زیانی کورد بشکێنەوە، ئەم بڕوایەش لەسەر دوو بنچینە بینا دەکرێت، یەکەم: دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر پرۆسەی سیاسیی لە عێراقدا، کورد لە زەمنێکی دیکەدا سیاسەت بەرەوڕووی بەغدا دەکات، مەبەستم ئەوەیە دوێنێ لەبارتر بوو بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆی بەرامبەر بەغدا فەرزبکاتو ئامانجەکانی بپێکێت.

دووەمیش: دەرکەوتەی یاسای هەڵبژاردنەکانی عێراق بەشێوەیەکی گشتیی لە زیادکردنی ژمارەی پەرلەمانتارانو کەمکردنەوەی کورسییەکانی هەرێم، وا دەردەکەوێت کورد بەرەوڕووی حاڵەتێکە بە ئەگەری یەکجار زۆر هاوسەنگییە سیاسییەکان بەزیانی کورد بشکێنەوە».

یاسین وتی: «پێدەچێت ئەوەی لە موسڵ بەسەر کورددا هات، لە بەغدا بەشێوەیەکی گشتیی رووبداتەوە، بەو مانایەی کورد بەرەو رووی حاڵەتێکە، کە عێراق وەک موسڵێکی گەورە بچێت، واتە وەکچۆن کورد لە موسڵ پەراوێزخرا، لەسەر ئاستی عێراقیش ئەو هەوڵە بەرامبەر کورد کارا بکرێت».

## پێگەی کورد، بە ژمارەی کورسییەوە نەبەستراوەتەوە

بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە، د.سەرهەنگ حەمید بەرزنجی مامۆستای کۆلێژی یاساو رامیاریی لەزانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە؛ قورسایی کورد لە عێراقدا تەنیا بە ژمارەی کورسییەکانەوە نەبەستراوەتەوە، بەڵکو ئەو پێگەیە پەیوەندیدارە بە هەرێمێکی فیدراڵی کە لە چوارچێوەی عێراقدا ئیدارەی خۆی دەکاتو وتی: «لەوانەیە لە خولێکی هەڵبژاردن بۆ خولێکی دیکە، لە رووی ژمارەی کورسییەکان گۆڕانگاریی ببێتو ئەو ژمارەی پێشوو بەدەست نەیەتەوە، بەڵام پێگەی کوردو ئایندەی کورد تەنیا بە ژمارەی کورسییەکانەوە نابەسترێتەوە، نموونەش بۆ ئەوە کورد لە هەڵبژاردنەکانی پێشوو بە باشترین دەنگەوە نەیتوانیوە زیاتر لە (١/٥) کورسییەکان بەدەستبهێنێت، بەڵام لە رێی هاوپەیمانییەوە توانی ژمارەیەکی بەهێزی ناو پرۆسەی سیاسیی عێراق بێت».

د.ئاکۆ شوانی شارەزا لە مێژووی عێراقی هاوچەرخ ئاماژە بەوە دەکات؛ عێراق لە کۆمەڵێک پێکهاتەی نەتەوەییو ئاینزایی جیاواز دروستکراوە، کە بە قسەی فەیسەڵی یەکەم پاشای عێراق «هیچ بنەمایەکی گەلی تێدا نییە»، ناکۆکییەکان لەسەردەمی دروستبوونی دەوڵەتەوە بوونیان هەیە، بەڵام هەمیشە لەبەر بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکان لە سەردەمە جیاوازەکان ئەو ناکۆکیانە کپکراون، بۆیە دەبینین لە سەردەمی مەلەکیو دواتر لە سەردەمی عەبدولکەریم قاسمو کۆماریی، تا پڕۆسەی رزگاری عێراق (٢٠٠٣)و دوای پرۆسەکەش ئارامیی بەخۆیەوە نەبینیوە، گرفتی گەورەش نەبوونی متمانەی پێکهاتەکانییەتی بە یەکتر، واتە کورد لەگەڵ عەرەبی عێراق، لەناو عەرەبیش سوننە بە شیعەو بە پێچەوانەوە، کورد بە تورکمان، ئێزدیی بە مەسیحییەکان بۆیە گرفتەکان کەڵەکە بوون.

لەبارەی شوێنی کورد لەناو ئەو عێراقە ئاڵۆزەدا، شوانی وتی: «عێراقی ئەمڕۆ عێراقی پەنجاکانو شەستەکان نییە، کە نوزەی ئازادییەکانی بۆ کورد تێدا برابێت، عێراق ئەمڕۆ نەوعێکی دیکەیە، بەڵام پێویستی بە مامەڵەیەکی دیکە هەیە، ئەو یاسایەی بۆ هەڵبژاردنەکان پەسەندکرا، دوای شەڕێکی دوو مانگی کورد هات لە پەرلەماندا، ئەم پەسەندکردنەش زیاتر لەسەر بنەمای پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانی باراک ئۆباماو جۆ بایدنی سەرۆکو جێگری سەرۆکی ئەمریکا هات، دواجار پێگەی کورد لەسەر یەکدەنگیی کورد دەوەستێت لە بەغدا نەک شتێکی دیکە».

## دەرس لە رابردوو وەرناگرین

لەماوەی رابردوودا، سیاسەتی کوردی لە بەغدا، بەشێوەیەکی بەربڵاو رووبەڕووی رەخنە بووەتەوە، رەخنەکانیش چڕبووەتەوە لە بەرپرسانی باڵای کورد لە دەوڵەتو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا، ئەوان بە نەگەڕانەوە بۆ رای شەقامی کوردی، پێشخستنی بەرژەوەندییە حیزبییەکان پێش بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانو چارەسەرنەکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا تۆمەتبار کراون.

مەحمود عوسمان، سیاسییەکە ماوەی (٥٥) ساڵە لە خەباتی سیاسیی، چەکداریو دیبلۆماسیی کوردییدا ئامادەیی هەیە، ئەو پێیوایە لە بەغدا ئیشکراوە، بەڵام کەموکورتی زۆر هەبووە، بەشێک لەو کەمو کورتیانە پەیوەندی بە سیستمی حیزبییەوە هەیە، واتە کەسەکان لە پەرلەمانی کوردستان، یان عێراق پێش هەر شتێک پابەندی حیزبەکەی خۆیەتیو پێیدەڵێت: «وابکەو وا بڕۆ!»، راوێژو کۆبوونەوەکان پێویستبوو لەسەر پرسەکان زیاتر بێت، دەبوو پۆستەکان باشتر بەکاربهێنرانایە بۆ خزمەتی کورد، دەبوو ئەو هاوپەیمانێتییەی کورد لەگەڵ حیزبە عێراقییەکان دەیکرد باشتر دیراسە بکرایە، پێموانییە ئێستاش دەرس لە رابردوو وەربگرین.

وتیشی: «بەپێی ئەزموونی خۆمو ئەم چەند ساڵەی بەغدا، پێموایە سەرکردە کوردەکان ئێستاش وانە لە رابردوو وەرناگرن، موراجەعەی رابردوو ناکەن، ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە، هەر دەڕۆین بۆ پێشەوەو ئاوڕ لە رابردوو نادەینەوە، زۆر هەڵە هەیە لە بزووتنەوەی کوردا دووبارە دەبێتەوە».

د.بورهان یاسین بۆ رۆژنامەی روونیدەکاتەوە؛ ئەوەی پێگەی کورد لە بەغدا لاواز دەکات فرەلیستی نییە، بەڵکو لاوازیی سەرکردایەتی سیاسیی کوردییە لە ئاست بەغداو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیش، کە هەمیشە نوێ بە کۆن مامەڵە دەکاتو وتی: «یەکێتیو پارتی زۆر جەخت لەوە دەکەنەوە، کە فرەلیستی بەشدار دەبێت لە لاوازبوونی پێگەی کورد، بەڵام پێموایە دەبێت هەر زوو ئەو تێزە رەتبکرێتەوە، بۆ ئەوەش لە چوار ساڵی رابردوودا کورد لە بەغدا بە دوو لیستی هاوپەیمانیو یەکگرتووی ئیسلامیی بووەو نموونەیەکی باشی نیشانداوە، ئەوەی کێشەی دروستکردووە شێوەی کارکردنی دەسەڵاتی سیاسیی کوردییە لەسەر مەسەلە ستراتیژییەکان، کێشەی گەورە ئەوەیە، کورد خۆی لە قەیران دزیوەتەوەو توانای ئەوەی نەبووە، بەدیلێکی سیاسیی لەسەر قەیرانە سیاسییەکان بونیاد بنێت. لایەنی کوردی هەرگیز نەیتوانیوە ئیرادەی خەڵکی کوردستان نیشانی بەغداو کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بدات، نەک هەر ئەوە ئەو ئیرادەیەی بۆخۆشی ئاشکرا نەکردووە، ئەوەی روودەدات دەرهاویشەی ئەو سیاسەتانەیە، کە کورد کردوویەتی، خوێندنەوەی ئەو سەرکردایەتییە بۆ هاوکێشەو دەرهاویشتەکان لە عێراقو ناوچەکەش هی دوێنێیە نەک ئەمڕۆ، نوێ بە کۆن مامەڵە دەکات».

## ئەرکی قورس لە ئایندە

بەهێزیو لاوازیی پێگەی کورد لە عێراقی ئایندەدا، کاریگەریی راستەوخۆو ناراستەوخۆی لەسەر یەکلایی کردنەوەی پرسو کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەرێمو بەغدا دەبێت، کورد بەبێ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بەشێکی زۆری ئەو دەستکەوتانەی لەدوای پرۆسەی رزگاری عێراقەوە شانازی پێوە دەکات لەدەستدەدات.

هاوکاتیش زۆربەی چاودێرانی سیاسیی لەسەر ئەو خاڵە کۆکن، کە ئەرکی داهاتووی نوێنەرانی کورد لە بەغدا زۆر لەوە قورستر دەبێت، کە ئێستا بینیومانە.

مەحمود عوسمان دەڵێت: «گەشبینێکی بە حەزەرم لەبارەی ئایندەی کورد، ئەم گەشبینییەش دەوەستێتە سەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، قورساییو قەبارەمان لە بەغدا، ئینجا هەماهەنگی لیستە کوردییەکان لە پەرلەمانی عێراق چۆن دەبێت؟، هاوکات چۆنیەتی هەڵسوکەوتی گۆشەی کوردی لەگەڵ لایەنە عێراقییەکان، بەهێزکردنی لۆبیکردنمان لە دەرەوەی عێراقو ئیشکردنمان لەو رووەوە، هەماهەنگی لەنێوان هەرێمو بەپرسەکان لە عێراق، لێپرسینەوەو شەفافییەت لەگەڵ خەڵک..».

د.بورهان یاسین لێکۆڵەری سیاسیی بڕوای وایە؛ دوای هەڵبژاردنەکانی داهاتوو، بارێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی سەرکردایەتی سیاسیی کوردو نوێنەرانی کورد لە بەغدا، دەرهاویشتەی ئەو ئەنجامانەی کە شەش ساڵی رابردوو لە عێراق بەرامبەر کورد دروستبوون، کێشە هەرە گرنگەکانی نێوان کوردو بەغدا چارەسەرنەکراونو بەردەوام لە رێگەی سازشیی کوردییەوە ئەو کێشانە پاڵدراون بۆ پێشەوە، مامەڵەکردنیان لەسەر سیاسەتی سازش بیناکراوە، ئەو کێشانە پێویستیان بە شەڕی قورس هەیە.

د.ئاکۆ شوانی پێیوایە؛ کورد دەتوانێت پێگەی خۆی بپارێزێت، بەمەرجێک لایەنە کوردییەکان هاوکاریی یەکتر بکەن، یەکتر نەشکێننو نەهێڵن ئەو کەلەبەرانەی لەناو لیستە کوردییەکان لە هەرێمدا دروستبووە، عەرەبەکان دزە بکەنە ناوی. وتیشی: «بێگومان ئەو گۆڕانەی لەسەر نەخشەی سیاسیی عێراقیو هەرێمدا بەدیدەکرێت، کاریگەریی لەسەر پێگەی کورد لە بەغدا دەبێت، بەشێوەیەک هەتا دۆخی عەرەبی عێراق بەرەو باشتر بڕوات فشاریان لەسەر کورد زیاتر دەبێت، ئەگەر کورد لە بەغدا یەک نەبێت تووشی فشاری گەورە دەبێت، چونکە لایەنە دژەکانی کورد تەنیا سیاسەتی خۆیان جێبەجێناکەن، بەڵکو هی دەوڵەتانی دەوروبەریش».

# ـــەرەکـــانـــدا



گۆڕان بەرچاوو دیاربن‌و کاریان بۆ بکرێت‌و ئامادەبێت بـەشـداری لـەدەسـەڵاتـدا بکات‌و بەرپرسیارێتییەکەشی وەربگرێت.

بۆ زیاتر هەڵسەنگاندنی ڕۆڵـی گـۆڕان لە شێوەی ڕەفتارکردن لەگەڵ کابینەی شەشەمی هەرێمدا، تا ئەم ساتەش بەرەی ئۆپۆزسیۆنکردنی هەڵبژاردووە، دەبێت زۆر بە وردی چاوێک بە زەمینە رامـیـاری‌و حیزبی‌و بابەتییەکانی کابینەکەی دکتۆر بەرهەمدا بخشێنین. ئەم وردەکارییە پێویستە بۆئەوەی گۆڕان نەکەوێتە هەڵەوەو تەنها لە ڕوانگای ئەو خەتمەی بە فراکسیۆنەکەیەوە دراوە کە ئۆپۆزسیۆنە بێت ڕەفتارو هەڵوێستی بەرامبەر بە حکومەتی هەرێم دیاری بکات. یەکێک لە ئەرکە قورس‌و بەهاکانی ئۆپۆزسیۆن دارشتنی هێڵە لەنێوان بەرژەوەندییەکانی خودی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکە لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات‌و میللەت‌و ڕەچاوکردنی وردو بە وشیارییەوە بۆ زەمینەو بارودۆخی رامیاری‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی ئـەو حکومەت‌و دەسـەڵاتـەی دەستبەکارە.

## ئایا کابینەی شەشەم کابینەی «شەراکەت»ە؟

کابینەی شەشەم ئاکامی «مافی یەکسانی دوو لایەنی ڕێککەوتننامەی شەراکەت» نییە، کابینەیەکە لە ئاکامی پرۆسەیەکی دیموکراسیدا دروستبووە کە تێدا یەکێتیی شکستی هێناوەو پێگەی لەو ڕێککەوتنەدا لاواز بـووە. ڕاستە سەرکەشانە کابینەکە لە پەراوێزی ڕێککەوتنەکەدا دروستکراوە، بەڵام بازوی توندوتۆڵی پارتی دەوروبـەری گرتووە، چونکە هەرچۆنێک بێت پارتی لە هەڵبژاردنەکاندا وەک گەورەترین حیزبی کوردستان هاتووەتە سەر شانۆی سیاسیی ئەم ساتەمان‌و ئەوەی تۆزێک شارەزای مێژوو و خەسڵەتەکانی دەسەڵاتدارانی پارتی بێت لەو قسانە تێدەگات. پارتی هێزێک نییە هەروا بەئاسانی‌و بێبەرامبەر بستێک لە دەسەڵات‌و توانای دارایی بەردەستی بە لایەنێکی لاوازتر لەخۆی ببەخشێت. ئەو کاتەی پارتی باڵادەستە، دەبێت زۆر بە هۆشیاری‌و بە ئاگاوە ڕەفتاری لەگەڵدا بکرێت‌و ئەو ساتەی لاوازە دەبێت زۆر بە وردی‌و وریاییەوە نەهێڵرێت هەست بەلاوازییەکەی بکات، چونکە کاتێک پارتی دەسەڵاتی ڕوو لە کەمبوونەوە بکات، چاوەڕوانی مەترسیی زۆرتری لێبکە. ئەم خەسڵەتە ئیرسێکی مێژوویی ئەو حیزبەو سەرکردەکانییەتی لە ئاکامی ئەو مێژووە پڕ لە هەڵسان‌و دابەزاندنانەی توشی بووە، هەر لە شۆڕشەکانی بارزانەوە بۆ کۆماری مەهابادو کۆچی بارزانییەکان بۆ یەکێتیی سۆڤیەت‌و تا ڕابەرایەتیکردنی شۆڕشی ئەیلول‌و جیابوونەوەی جەلالییەکان‌و بەیانی ئـازارو نسکۆی ١٩٧٥و ڕاپەڕین ویەکەم هەڵبژاردن لەکوردستان‌و فیفتی بەفیفتی‌و خولەکانی شەڕی ناوخۆو کارەساتی ٣١ئـاب‌و ڕێککەوتنامەی واشنتۆن‌و هەڵساندنەوەی بەرچاویان لە دوا دە ساڵی مێژووی هەرێمدا. سودمەندیشە ئەگەر خەڵکی بەبیر بهێنینەوە کە پارتی بەگشتی کەم دوە وبە شێوەی سیستماتیکی خۆی کارەکانی ئەنجام دەدات بێ قەرەباڵغی‌و پەلەو هەڵڵاکردن، هەروەها کارەکانی بە پلان‌و ڕاوێژکردن‌و هەماهەنگی لەنێوان خۆیاندا ئەنجام دەدەن‌و هەنوکە هێزێکە تموحاتێکی ئێجگار گەورەو زۆری هەیەو هێدی هێدی کاریان بۆ دەکات.

بە ڕەچاوکردنی ئـەم ڕاستییانە، دەبێت چاوەڕوانکردنی لۆژیکانە ئەوەبێت کە هەرچەندە سەرۆکی حکومەت لە پارتی نییە، بەڵام لە ئەنجامی نەرمی‌و دڵفراوانی پارتی‌و ئیعتباردانانی لوتکەی دەسەڵاتی پارتی بۆ دۆخی تێکچووی یەکێتیی دوای هەڵبژاردنەکان‌و بۆ خودی مام جەلال‌و بۆئەوەی پارتی باڵادەست بێت لەگەمەی سیاسی لەم دۆخە تازەیەدا، سەرۆکی حکومەت دراوە بە یەکێتیی‌و حکومەتەکە بەهێزی پێوەرەکانی پارتییەوە بەڕێوەدەچێت.

بە واتایەکی تر نابێت گۆڕان تەنها سەیری دکتۆر بەرهەم وەک بەرپرسێکی باڵادەستی یەکێتیی‌و نوێنەری یەکێتیی بکات لە پۆستی سەرۆکی حکومەتدا، بەڵکو زەمینەی ئەو بەڕێزە لەو پۆستەدا ئاوێنەی ئەو تێکچوونەی پارسەنگی هێزە کە لەنێو ڕستەو وشەکانی «ریککەوتننامەی شەراکەت»دا چەند ساڵێکە دایانڕشتووەو ئەو ساتەش چاوەڕوانی ئەو تێکچوونەی ئێستای پارسەنگی نێوانیان بەهیچ شێوەیەک نەکردووە. (نەزانراوە ئایا لەدوای هەڵبژاردنەکان، پارتی‌و یەکێتیی ڕێککەوتنەکەیان بەپێی دۆخە تازەکە دارشتووەتەوە یا نا؟).

## کارتەکانی دکتۆر بەرهەم

کەسایەتی دکتۆر بەرهەم، لە سروشتیدا هەڵچوو نییەو پەیوەندییەکی ئارام‌و هێمنی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی پارتیدا بنیاتناوەو لە ئاستی عێراقی عەرەبیشدا بە «سیاسییەکی موحەنەک» ناسراوەو پەیوەندییەکی باشی لەگەڵ هەندێک دەسەڵاتدارانی ئەمریکیدا هەیەو بە پلەی یەکەم لەلایەن پارتییەوە بەباشترین هەڵسوڕێنەری ئەو کابینە لەغزدارە دەبینرێت. سەرۆکی حکومەت چاوەڕوانییەکی زۆری حیزبەکەی لەسەر کەڵەکەبووە تا شکست بە ئاراستەی وەرگرتنەوەی متمانەی خەڵک ببات‌و لەلایەکی ترەوە پارتیش لە کابینەکەیدا ئەجندای تایبەتی خۆی هەیەو سەرۆکی حکومەت ناتوانێت پشتگوێیان بخات.

مایەی سەرسوڕمان‌و پرسیارە کە حیزبێک لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا توشی گەورەترین شکست بووەوکەچی بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبردنی وڵات دەگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەمە لەخۆیدا لاوازترین خاڵی کابینەکەی دکتۆر بەرهەمە، بە پێی ڕاگەیاندنی حیزبەکەی بێت ئەوە بە گەورەترین سەرکەوتن لەقەڵەم دەدەن، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ئەوان حکومەتی هەرێم بە «عەسا سحریەکەی» هەڵساندنەوەو زاڵبوون بەسەر شکستدا دەبینن‌و زۆر بەپەلەو بێئۆقرەن. لێرەدا گۆڕان دەبێت پشتگیریی هەموو کاروکردەوەیەکی باشی کابینەکە بکات‌و دەسکەوتەکانیشی بەدەسکەوت بۆمیللەت بزانێت‌و بەو ئاراستەیەش بەجەماوەری گۆڕانی ڕاگەیەنێت، بۆ کارەکانی تری حکومەت ئۆپۆزسیۆنکردنێکی عەقلانییەت بەڕێوەببات. بە واتایەکی تر، نابێت گۆڕان بۆ بەرژەوەندیی خودی بزووتنەوەکە خاڵە لاوازەکانی کابینەی شەشەم بکاتە زەمینەی ستراتیژی کارکردنی، بەڵکو بۆ ململانێی‌و چەسپاندنی خاڵەکانی خۆی لە بەرنامەکانی حکومەتدا میکانیزمی دوالیزم لەکارو گەمەکانی پەرلەماندا پێڕەوبکات‌و بۆ ئەو مەبەستە سود لە لاوازی وململانێی نێو ڕکابەرەکانی وەرگرێت.

## مەترسییەکان لەسەر کابینەی دکتۆر بەرهەم

ئەو بۆمبە تەوقیتکراوانەی ژێر زەمینەی کابینەکەی دکتۆر بەرهەم، جگە لە دەسەڵاتی بەهای پارتی تێیدا کە چ ساتێک ویستیان دەتوانن پەراوێزی بکەن یا ڕەوانـەی ماڵەوەی بکەن، کۆمەڵێک خاڵی ترن، لەوانە: کێشەکانی نێوان هەولێرو بەغدا کە ئاکامەکانی زۆر نادیارن، ئەویش پابەندە بە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پاشهاتی ناوچە دابڕاوەکان کە ڕووداوەکانی ئەم دواییە بەخێر بۆ کورد نابینرێن، ئەمریکا لە تەموزی ٢٠١٠ زۆربەی هێزە شەرکەرەکانی دەکشێنێتەوە، فشارو دۆخی وڵاتانی دراوسێ کە لە ئاڵۆزبوونیدا ڕەنگدانەوەی ترسناکی لەسەر هەرێم دەبێت، چاکسازی‌و بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی‌و پێڕەوکردنی یاسا لەسەر حسابی حیزب دەبێت‌و دەسەڵاتدارانی حیزبەکان‌و دەست وتاقمەکانیان یەکەم زەرەرمەند دەبن کاتێک بەلوعەی خێروبەرەکەتی حکومەتیان لێداخرێت‌و زۆر ئەستەمە ئەمە بەئاسانی قبوڵ بکەن.

فشارێکی تری لۆژیکانە لەسەر کابینەکەی د.بـەرهـەم، ئـەو بۆچوونە بەهێزەیە لەناو سەرکردایەتیی پارتیدا کە تەعامولێکی واقیعییانە لەگەڵ گۆڕان بکرێت وەک هێزێکی رامیاریی گەورە، وەک ئۆپۆزسیۆنێک لەژیانی حوکمڕانی هەرێمداو تا ئەم ساتەش ئەستەمە دەسەڵاتدارانی یەکێتیی بتوانن ئەم ڕاستییە هەزم بکەن.

ئایا دکتۆر بەرهەم چ ڕێگایەک دەگرێتە بەر، پرسیارێکەو وەڵامەکەی دەکەوێتە سەر «موحەنەکی» خۆی. من لام وایە ئەستەمە بتوانێت ئەو کێشەیە یەکلایی بکاتەوەو ئەمەش هەم دەبێتە خاڵێکی لاوازی بەڕێوەبردن‌و هەروەهاش دەبێتە زەمینەیەکی بەپیت بۆ ئیبتزازکردنی کابینەکەی.

گـۆڕان وەک بزووتنەوەو هەروەها وەک فراکسیۆن چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەم واقیعەدا بکات؟

وەڵامی کوردی‌و کورت ئەوەیە کە بەردەوام لە سەرچاوەی بەرژەوەندە باڵاکانی نەتەوەکەمانەوە ڕەفتار بکەین‌و هەڵوێستمان دیـاری بکەین. کابینەکەی دکتۆر بەرهەم چەند خەسڵەتێکی تێدایە کە ناکرێت ڕەتیکەینەوە، لەوانەش، ئەو پەیوەندییە هێمنانەی لەگەڵ سەرانی پارتی‌و عێراق‌و هەندێک لە دەسەڵاتدارانی ئیدارەی ئەمریکیدا، گۆڕان دەبێت سوود لەم خەسڵەتانە وەربگرێت تا باشترین بەرهەمی بۆ میللەتەکەمان لێ دروێنەبکرێت. بۆئەم مەبەستەش فراکسیۆنی گۆڕان بەتوندی داوا بکات کە سەرۆکی حکومەت کۆبوونەوەی دەوری لەگەڵ نوێنەرانی سەرجەم فراکسیۆنەکانی پەرلەمان بکات بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕاو بۆچوون‌و بۆ هەڵسەنگاندنی کارەکانی حکومەت‌و پەرلەمان، لەم ڕێگەیەشەوە گۆڕان دەتوانێت هاوبەشییەکی بەرچاو بکات لە پتەوکردنی پێوەندیی نێوان دەسـەڵات‌و ئۆپۆزسیۆن‌و بەئاگابوونیان لەیەکتری.




# ئەمریکاو نەوت، تیۆری پیلانگێڕیی

لە (١٦)ی کانوونی یەکەمدا، د.حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق لە تەلەفزیۆنی حوڕە دەرکـەوت‌و بەشدار لە پرۆگرامی «ساعة الحرة»دا کرد.

گفتوگۆکە دەربـارەی ئەو گرێبەستە نەوتییانە بوو، کە حکومەتی عێراق لەگەڵ کۆمپانیاکان بەستبووی لە (١٢)ی کانوونی یەکەمی (٢٠٠٩)دا.

ئەو گرێبەستانە وەبەرهێنان لە کەرتی نەوتی عێراقدا بەگەڕدەخەن، کە ئەمەش بەرهەمهێنانی نەوت بۆ (١١) بەرمیل لە ڕۆژێکدا بەرزدەکاتەوە لەماوەی شەش ساڵی داهاتوودا.

حکومەتی عێراق سەربەرستی تەواوی هەبوو لە هەڵبژاردنی کۆمپانیاکاندا، پانزە کۆمپانیا لە ئەمریکا، چین، نەرویج، بەریتانیا، ئیتاڵیا، مالیزیاو نەتەوەکانی دیکە بەشدارییان کرد.

پرۆسەکە تەواو شەفاف بوو، حکومەتی عێراقیش بابەتی هیچ فشارخستنەسەرێک نەبوو لەلایەن ویلایەتەیەکگرتووەکانەوە بۆ هەڵبژاردنی کۆمپانیایەکی دیاریکراو.

کاتێک لابردنی سەدام حسێن بووە سیاسەتی ئیدارەی بووش، تێڕوانینی باو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، کە زۆریش نزیکە لە «تیۆری پیلانگێڕیی»یەوە، ئەوەبوو کە ئەمریکا کۆنترۆڵی نەوتی عێراق دەکات.

ئەم تێڕوانینە بەڕوونی باوبوو لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بـەڵام تێڕوانینێکی پێکەنیناویی بوو بۆ هەرکەسێک کە لە چۆنیەتی کارکردنی واشنتۆن تێبگات، جگە لە حسێن شەهرستانی، کاتێک پرسیاری لێکرا دەربـارەی بۆچوونی هەڵەی ئەوەی ئەمریکا نیازی بوو کۆنترۆڵی نەوتی عێراق بکات، وتی: «ڕەنگە ئەمریکا ئەو نیازەی هەبووبێت، ناتوانم وەک هیچ لایەنێک بدوێم، بەتایبەت یاسا دارێژەرانی واشنتۆن.

ڕەنگە نەوت ڕەگـەزی بنچینەیی هۆی لابردنی سەدام بێت، بەڵام کاتێک عێراقییەکان حکومەتی خۆیان هەڵبژارد، کە سوێندی خوارد بەرژەوەندییەکانی عێراق‌و خەڵکەکەی بپارێزێت، پێموایە؛ ئەو حکومەتە سوێندەکەی دەپارێزێت».

هەرکەسێک لـە خـۆرئـاوا بژییەت لـەوە تێدەگات خۆرئاواییەکان چ بەهایەک بۆ شتانێک پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەوە دادەنێن.

بۆ ئەمریکییەکان، نرخی ژیانی ئەو مرۆڤانەی لە شەڕی عێراقدا لەدەستچوون زۆر زیاترن لە داهاتی نەوتی عێراق. ئەمریکا عێراقی ڕزگـارکـردو قوربانیی سەرەکیی دا بۆ گواستنەوەی عێراق بۆ دیموکراسییەت، ئەگەر ئەمریکا بیویستایە نەوتی عێراق کۆنترۆڵ بکات، سەرۆک بووش بەهیچ جۆرێک هەڵبژاردنی ئازادیی نەدەسەپاند بەسەر خەڵکێکدا، کە زۆر کەم لە دیموکراسیی تێدەگەن، بەڵکو دیکتاتۆرییەتێکی پرۆخۆرئاوایی دەسەپاند بەسەر عێراقدا، ئەوکاتەش نە د.شەهرستانی‌و نە حیزبە میلیشیاییەکان لە کوردستانەوە تا بەسرە لە دەسەڵاتدا نەدەبوون.

هـــاوردەی نـەوتـی خـۆرهـەڵاتـی نـاوەڕاسـت بۆ بەرژەوەندییەکانی ویلایەتەیەکگرتووەکان گرنگە، بەڵام تێنەگەیشتن هەیە لە گرنگی ئەم بەرژەوەندییانە، چونکە پەیوەست نییە بە بڕی ئەو نەوتەی لەو ناوچەیەوە هەناردە دەکرێت، بەڵکو پەیوەستە بە جێگیریی بـازاڕی نەوتەوە، کە هێزی وەگەڕخستنی ئابوورییە بۆ بەپیشەسازییکردنی نەتەوەکان، بە ئەمریکاشەوە.

لێدوانی وەهـا لەلایەن بەرپرسانی بـەرزی عێراقەوە نائومێدکەرە، چونکە لەئێستادا چاوەڕواندەکرێت شەهرستانی لە سیاسەتی ئەمریکا تێبگات، چونکە بەشداریی کردووە لە پرۆسەی سیاسیی بەغداو مامەڵەی لەگەڵ ئەمریکییەکاندا کردووە.

ئەمە تێگەیشتنێکی گشتییە، کە د.شەهرستانی کەسێکی ناتوانایە، ئەو لە جیهانی «تیۆری پیلانگێڕیی»دا دەژی، بەشداریشی یارمەتی نەداوە لە تێگەیشتنی نیازی ئەمریکا لە لادانی سەدام حسێن-دا.

سەرچاوەیەک لە واشنتۆنەوە وتـی: «ئـەو بەرهەمی مەنسووبیەتەو پۆستەکەی بەهۆی پەیوەندییەکانی خێزانەکەی لەگەڵ ئایەتوڵڵا سیستانییەوە بەدەستهێناوە، هەڵبژاردنی وەک وەزیری نەوت بەهۆی پێشنیازکردنی محەمەد ڕەزا سیستانی کوڕی ئایەتوڵڵاوە بووە».

نەوتی عێراق هی عێراقییەکانە، ئەمریکاش کۆتایی بە ئەرکی خۆی بەمزووانە دێنێت.

حکومەتی عێراق گرێبەستە نەوتییەکانی بە کۆمپانیاکان بەخشی، کە سوودی باڵای بۆ حکومەتی عێراقە، کۆمپانیا ئەمریکییەکانی وەک ئێکسۆن مۆبایل‌و ئەوانی دی، کە هەندێک گرێبەستیان بردبووەوە، نەیانتوانی هیچ بەرنەوە، لەکاتێکدا دەوترا بەشیان لە حکومەتی عێراق زیاترە.

# گۆڕان لەبەردەم ئەرکو ئەگـ

چیا عەباس

شیکردنەوەی سیاسی

**مایەی سەرسوڕمانو پرسیارە کە حیزبێک لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا تووشی گەورەترین شکست بووەو کەچی بەرپرسیارێتیی بەڕێوەبردنی وڵات دەگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەمە لەخۆیدا لاوازترین خاڵی کابینەکەی دکتۆر بەرهەمە**

سەرکەوتنی لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکاندا بۆ پەرلەمانی هەرێم، وروژاندنو وەرچەرخاندنێکی بەهێزی رامیاری خەڵقاندو دۆخێکی تازەی بەرپاکرد. ئەم گۆڕانکارییە لە جوگرافیای رامیاریی کوردستاندا، سەرجەم لایەنەکانی کوردستانی ناچارکرد هەڵسەنگاندنی ئەم وەرچەرخاندنە بکەنو هەروەها سیاسەتی خۆیان لەبەر رۆشنایی ئەم هاوکێشە رامیارییە نوێیەدا دابڕێژنەوە. بێگومان ئەم راستییە بەشێکی زۆری هێزە عێراقیو کوردستانییەکانو هێزە نێودەوڵەتیو ناوچەییە پەیوەندیدارەکانیشی گرتووەتەوە.

هاوکات لەگەڵ ئەم دۆخە تازەیەدا، سەرکردەو هەڵسوڕێنەرانی گۆڕانیش سەرقاڵی دارشتنەوەی رامیاریو یاساییو رێکخراوەیی بزووتنەوەکەن.

## خەسڵەتەکانی قۆناغی نوێ

ئەم قۆناغە نوێیە لە دۆخی رامیاریی باشوردا چەند خەسڵەتێکی تایبەتی لەخۆگرتووەو بۆ هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانەو دروست پێویست بە دەستنیشانکردنیان دەکات.

یەکەم: سەرکەوتنی گۆڕان بە کودەتاو بەشەڕو خوێنڕشتن نەهاتووەتە دەست، بەڵکو لە پرۆسەیەکی دیموکرسیدا بووەو زۆربەی دنیا لێی بەئاگابووەو چاودێریی کردووە لەگەڵ ئەو ساختەکارییو فرۆفێڵانەشدا کە لە پرۆسەکەدا کراون.

بەدیدو هەڵسەنگاندنەکان ئەم سەرکەوتنە هۆکاری تێکچونی پارسەنگی نێو هێزە کلاسیکییەکانی بزافی کوردایەتی لە باشوری کوردستان بووەو نائارامی بۆ دروستکردون، ئەو نائارامییەش زەمینەی بۆ رکابەرەکان خۆشکردووە گەمارۆدانو دژایەتیکردنی گۆڕان بکەنو بارێکی ئاڵۆزو گرژ بخوڵقێنن.

دووەم: هێزە رامیارییە کلاسیکییەکانی کوردو بەتایبەت یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان زەرەرمەندی پلە یەک بووە لەو سەرکەوتنەی گۆڕاندا.

سێیەم: زاڵکردنی هاوپەیمانی هێزو دەسەڵاتە کلاسیکییەکانی کوردستان لە حوکمڕانیدا بەسەر سەرکەوتنی دیموکراسییانەی گۆڕاندا لە رێگەی «رێککەوتننامەی شەراکەت»ەوە.

چوارەم: هێزە عەرەبیو شۆڤینییەکانی عێراقو ناوچەکە بۆ لاوازکردنو پەرتەوازەرکردنی نێوماڵی کوردی چاوبازیو فرکەفرکێیانە لەگەڵ ئەم دۆخە نوێیەداو مەبەستیانە گەرای ئامانجەکانیان لەو درزو کەلێنانەدا هەڵوەرێنن.

پێنجەم: گرنگترین بەرهەمی ئەم سەرکەوتنە، ئەو ئومێدو هیواو نییەتە زیندوەی خەڵکە بۆ گۆڕینو راستکردنەوەی دۆخی حوکمڕانیو رامیاری لە کوردستان.

پرسیارو وەڵامەکان

کەسانێکی زۆر لەنێو دەسەڵاتو دەرەوەی دەسەڵات پرسیاری رەواو بەجێ ئاراستەی گۆڕان دەکەن لەمەڕ ئامانجەکان، بنەما فیکرییەکان، میکانیزمی کارکردنی گۆڕانو لەمەڕ شێوزای بەڕێوەچوونی ئۆپۆزسیۆن لەلایەن فراکسیۆنی گۆڕانو بزووتنەوەکەوە.

خۆشبەختانە لە رووی ئامانجەکانەوە سەرکردەکانی بزووتنەوەکە خۆیان لەدەریای بێبنی چمکی گۆڕاندا نوقم نەکردووەو ئامانجی سەرەکی بزووتنەوەکەیان بە «گۆڕان لە سیستمو عەقڵیەتی رامیاریو حوکمڕانی»دا دیاریکردووە، بۆ ئەمەش رێگەی ململانێی رامیاری دیموکراسییانەیان هەڵبژاردوە. زەمینەی فیکری بزووتنەوەکە لە چوارچێوەی چمکی ریفۆرمکردن بە رێگە دیموکراسییەکانو بە گەڕانەوەش بۆ بەها پیرۆزو بەنرخەکانی کوردایەتیو کوردەواریو ئاینی ئیسلامەوە بەستراوەتەوە. بەواتایەکی تر تێهەڵکێشکردنو گونجاندنی چمکی ریفۆرمی بزووتنەوەو هەڵمەتەکانی خۆرئاوا لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریو بزافی کوردایەتیدا.

بۆوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارو بۆچوونانە، پێویستە راشکاوانەو دروست بۆ میللەتو جەماوەری گۆڕان باس لە خاڵە بەهێزو لاوازەکانی بزوتنەوەکە بکرێتو لەم قۆناغەدا دەتوانێت چی بکاتو چۆن بیکات. نابێت لەیادی بکەین کە ئەمە یەکەم ئەزمونی ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانی گەورەو کاریگەرە لە ئەزمونی دوای راپەڕینەوەو ناکرێت لە دۆخی رامیاریو ئابوریو کۆمەڵایەتی لای خۆمان چاوەڕوان بکرێت کە ئەو پرۆسەیە بێهەڵەو کەموکوریی بەڕێوەبچێت.

یەکەم: ئامانجی بزووتنەوەی گۆڕان سڕینەوەی لایەنو هێزە رامیارییەکانی تر نییە، بەپێچەوانەوە تەعامولکردنێکی واقیعییانەو دروست لەسەر بنەمای یەکگرتنو ململانێکردن لەگەڵیاندایە. ئەم روونکردنەوەیە پێویستە، چونکە راستییەک پێویستی بە سەلماندن هەیە، ئەویش ئەوەیە کە نزیکەی هەموو سەرکردەکانی گۆڕانو بەشێک لە هەڵسوڕێنەرەکانی لەناو سەرکردایەتیی یەکێتییو ریزەکانی ئەو رێکخستنەوە هاتوونو دوایساڵانێک لە ململانێو بێنەوبیبە گەیشتە ئەو ئاکامە. لێرەدا بەردەوام پرسیار دەکرێت کە لایەنەکانی تر، بەتایبەتی یەکێتیی، پێڕەوی ئەو جۆرە شێوازە لە ململانێکردن ناکاتو دەبێت وەڵامی گۆڕان چۆن بێت. پێویستە گۆڕان تا پێی بکرێت پەنا بۆ یاساو پێوەرە دیموکراسییەکان بەرێتو لەهەمانکاتیشدا هێزە نێودەوڵەتییەکان لە کوردستانو عێراقو رێکخراوەکانی پابەند لە دنیا لە رەوشی گۆڕانکارییەکان ئاگاداربکاتو بێگومان گۆڕان مافی تەواوی بەرگریکردنی لەخۆی هەیە ئەگەر پەلامار بدرێت.

دوەم: گۆڕان لە ململانێکردندا تیرەکانی کەوانی ئاراستەی لایەنێکی دیاریکراو لە دەسەڵات نەکات. ئەو سیستمی گۆڕان مەبەستێتی بیگۆڕێت بەرهەمی کۆی رووداوەکانی مێژووی میللەتەکەمانو خەباتی هێزە رامیارییەکانێتیو بەتایبەتی دوای راپەڕینو روخاندنی رژێمی سەدامەوەو سەرجەم هێزەکانی کورد بە بەشێک لە بەرپرسانی گۆڕانیشەوە بەشدارییان لەو پرۆسەیەدا کردووەو ناتوانن لە بەرپرسیارێتی ئەو قۆناغانە هەڵبێن، بەڵام دوو حیزبی دەسەڵاتدار کە حکومەت بەڕێوەدەبەن پشکی شێریان بەردەکەوێت لە دارشتنو بەڕێوەبردنی سیستمەکە بەو شێوەیەی ئێستا بەکارە.

لە ئەرزی واقیعدا زەرەرمەندی سەرەکی لە سەرکەوتنی گۆڕان دەسەڵاتدارانی یەکێتیی ین، ئەوانیش لە روانگای سۆزو نەستۆڵجیاو گرێدانەوەی توند بەحیزبەکەیانەوەو لاوازبونی پێگەیان کاردانەوەیەکی توندو گرژییان بەرامبەر گۆڕان هەیە. پێویستە کرۆکی وەڵامی گۆڕان بە ئاراستەی تێگەیشتن بێت لەو شۆکە دەروونییە سیاسیو رێکخراوەییەی دەسەڵاتدارانی یەکێتییو لە پەشۆکاوییانو رەتدانەوەی ئەو هەڵسەنگاندنەیان کە تێدا سەرکردەکانی گۆڕان بەهۆکاری سەرەکی ئەو دۆخەی شکستو لاوازبوونیان دەزانن. نابێت گۆڕان بەهیچ شێوازێک بکەوێتە ناو ئەو تەڵە سیاسییەوە کە بۆی دانراوە بۆ دژایەتیکردنی یەکێتییو لە ئاستی ململانێی نەرمو رەوا دەرنەچێت.

گۆڕان بەدژایەتیکردنی دەسەڵات یا یەک لایەن لێی ئامانجی سەرەکی خۆی ناپێکێت کە ئاراستەی کۆی عەقڵییەتو سیستمی حوکمڕانی دەسەڵاتدارانە بە مەبەستی گۆڕانکاری. تەنانەت ئاراستەکردنی ململانێکان تەنیا بە رووی یەک لادا گۆڕەپانی ململانێکان لە پانتاییەکی جوگرافیو رامیاریی تەسکدا دەگیرسێنێتەوەو بێگومان سودمەندی سەرەکی لە ئاکامی ئەو قەتیسبوونەوەیە، هێزەکانی دەرەوەی ئەو پانتاییەی ململانێکردنەکە دەبنو کە بەشێکیشن لە سیستمو عەقڵیەتو بەرپرسیارێتی دۆخی نالەباری کوردستانیشیان لە ئەستۆدایە، بەواتایەکی تر گۆڕان ململانێکردن لەگەڵ بەشێک لە دەسەڵات ناکات، بەڵکو خودی کۆی دەسەڵات ئامانجی ململانێکردنەو دەشێت لە رووداوو گۆڕانکاریەکاندا لایەنێک یا کەسێکی ناو دەسەڵات بەرپرسیارێتی زیاتری بەرکەوێت، لەو کاتەشدا گۆڕان ململانێی خۆی ئاراستەی دەسەڵات دەکات بەجەختکردنەوە لە رۆڵی لایەنەکە یا



کەسەکە لەو رووداوەدا.

سێیەم: هێزو تۆکمەیی بەرنامەو کاری گۆڕانو هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنەکەی پلاتفۆرمی یەکگرتوویی نەتەوەییو کۆمەڵایەتییە. بەردەوامبون بەم ئاراستەیەدا مانای ئەوەیە کە پێویستە گۆڕان لەگەڵ لایەنەکانی تر بەردەوام سۆراغی خاڵە نەتەوەییە هاوبەشەکان بێتو سوربێت لەسەر دارشتنی هاوکێشەی بەرژەوەندیی باڵای نەتەوەییو لەو روانگەیەوە هاوپەیمانێتیو هەڵوێستەکانی دیاری بکات. لێرەدا بۆچونو ئاراستەی جیاواز لە ئارادانو هەروەهاش لێکدانەوەی جیاواز لەمەڕ دەستنیشانکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان هەن. بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەم مەسەلانەش، دەکرێت کار بۆ سازدانی ئەنجومەنێکی نەتەوەیی سەربەخۆ بکرێت کە راوبۆچوونو هەڵسەنگاندنەکانی راوێژکاریو ئامۆژگاری بن بۆ دەسەڵاتەکانی هەرێم لە حوکمڕانیو بەڕێوەبردنو بۆ پەرلەمانی کوردستانیش. لەبەرامبەر مەسەلە نەتەوەییەکان هەموو بەرپرسیارنو دەبێت بەیەکەوە بڕیاری لێبدەینو رێگە نەدرێت لە چوارچێوەی دیاریکراوی حیزبیو دەسەڵاتدارانەوەو بە ئارەزوی خۆیان چییان بە باش زانیو بۆیان لوا بڕیاری لێبدەن. کورد لە باشور ئەزمونی زۆر تاڵو ناخۆشی لەم روەوە هەیەو پێویست ناکات هەموو جارێک وەک دەنکەکانی تەزبیح بییانژمێرینەوە.

## لەسەر ئاستی بزووتنەوەکە:

کۆکردنەوەو رێکخستنی جەماوەری گۆڕان لە دەوری بەرنامەی گۆڕان کە لەپێش هەڵبژاردنەکاندا رایگەیاندووە، بە واتایەکی تر گواستنەوە لە قۆناغی پشتگیریی گۆڕان لە قەناعەتی تاکی کەسەوە بۆ بەدامەزراوەکردنی بزووتنەوەکە، بە مەرجێک هەیکەلو بنەماکانی کارکردنی حیزبی کلاسیکی لەخۆ نەگرێت، بەڵکو ئۆرگانەکانی گۆڕان رەنگدانەوەی پێکهاتەو بۆچوونو خواستی جەماوەری گۆڕان بێت. بە واتەیەکی تر سەرجەم ئۆرگانە گەورەکانی گۆڕان جۆرێک لە پەرلەمانی لۆکاڵی بنو هەڵسوڕێنەرانیش بڕیارەکانی جێبەجێ بکەنو پێڕەوی رێنماییەکانی بزووتنەوەکە بکەن، موتوربەکردنی ئەم ئەزمونە بە پشتگیریی گەنجو رێکخراوە مەدەنییەکانو رۆژنامەی ئازادو خەڵکانی پسپۆڕو دڵسۆزو شارەزایانو پیاوانی ئاینیو بەردەوام چوونە ناو جەماوەرەوەو رونکردنەوەی پرۆگرامی گۆڕانو راشکاوانە باسکردن لەو ئەرکانەی دەتوانن هەڵیسوڕێننو جێبەجێی بکەن، زەمینەو خەسڵەتە جەماوەرییەکەی گۆڕان بە زیندوویی دەپارێزێتو گەشەی پێدەدات.

## لەسەر ئاستی پەرلەمانو حکومەتدا:

فراکسیۆنی گۆڕان یەکەم کوتلەی ئۆپۆزسیۆنی بەرنامەدارە لە پەرلەمانی کوردستاندا کە دەستی بەکار کردووە، ئەمە مانای ئەوە نییە ئیتر خوا هەر بۆ موعارەزەکردن دروستی کردون، بەڵکو بوونی نییەتو رەفتارکردن بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵات، لایەنە شاراوەکەی ئۆپۆزسیۆن کردنە. پێویستە ئەندام پەرلەمانەکانی گۆڕان بەردەوام لە پێوەندییەکی زیندووی ورویژێنەردا بن لەگەڵ خەڵکی کوردستان، لەلایەکی تریشەوە ئەو هەستو بۆچوونە لایان دروست نەبێت کە ئەوان تەنهان لە دارشتنو رۆشنکردنەوەی رێبازی چاکسازیو گۆڕان، بەڵکو لە هەموو سوچو قوژبنێکی ئەم وڵاتەدا نییەت بۆ گۆڕانکاری باش هەیەو پێویستی بە بەدواداچوونو گەشەکردن هەیە. راستە فراکسیۆنی گۆڕان لەلایەن بەشێک لە نوێنەرانی دەسەڵاتداران لە پەرلەمان گەمارۆدراونو کێشەو گرفتیان بۆ دروست دەکەن، دەبێت فراکسیۆنی گۆڕان بەردەوام جەخت لە بەرنامەو کارەکانی خۆی بکاتەوەو ئەو بەستەڵەکانەی خزێنراونەتە بەردەم کارکردنیان بە نەفەسێکی هێمنو دیموکراسییانە بشکێننو ئەمەش تێهەڵکێشی ئۆپۆزسیۆنکردنی دەرەوەی پەرلەمانی بکەن تا فشار لەسەر دەسەڵات بگاتە ئاستی ئەوەی کە لە بەرنامەو کارەکانیدا رەنگدانەوەی بۆچوونو پرۆژەو بەرنامەکانی ئۆپۆزسیۆنی تێدا بەدی بکرێت.

بە بڕیارو رێنماییەکانی بزووتنەوەی گۆڕان فراکسیۆنەکەی بتوانێت ئەو دەرفەتە دیموکراسییانەی دەرەخسێن بۆ گۆڕینی هاوکێشەی حوکمڕانی لەناو پەرلەمان بەکاربهێنێت، بەمەرجێک لە هاوکێشە تازەکەدا رەنگدانەوەی بەرنامەی

## جێگری سەرۆکی یەکێتیی خاوەنکاران:

# پیشەسازیی لە هەرێمی کوردستان هەرەسی هێناوە

**ئەلەند مەحوی**


سوارە محەمەد

جێگری سەرۆکی یەکێتیی خاوەنکارانی کوردستان/ لقی سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خەمسارد دەزانێت لە ئاست کەرتی پیشەسازیداو ئاماژە بەوەدەکات، کە پیشەسازیی لە هەرێمی کوردستاندا هەرەسی هێناوەو هیچ پلانێکی ستراتیژیش نابینرێت بۆ هەڵساندنەوەی ئەم کەرتە گرنگە.

سـواره محەمەد، ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یەکێتیی خاوەنکاران‌و خاوەنی کۆمپانیای ئەلەمنیۆم‌و پلاستیکی کاوە، لەبارەی بارودۆخی پیشەسازیی هەرێمی کوردستانەوە باس لەوەدەکات، کە ئەمڕۆ پیشەسازیی لە دۆخێکی زۆر خراپدایە، بەتایبەتی لەدوای (٢٠٠٣)وە زۆر خراپتر بووەو باشتر نەبووە.

ئـەو ئەندامەی دەسـتـەی کارگێڕیی خاوەنکاران هۆکارەکانی دابەزینی ئاستی پیشەسازیی دەگەڕێنێتەوە بۆ هێنانی کاڵای بیانیی‌و دەڵێت: ئەو کاڵایەی کە دێت بۆ کوردستان زۆر هەرزانترو باشترە لـەو کـاڵایـەی لـە هـەرێـمی کوردستان دروستدەکرێت.

هـەروەهـا سـواره محەمەد نەبوونی کارەباو سوتەمەنی‌و گرانبوونی کرێی کرێکارو خراپبوونی ڕێگەوبانەکان‌و نەبوونی پارێزەر (حیمایە)ی پیشەسازیی لەسەر کارگەکان، بە هۆکارەکانی دیکەی شکستی پیشەسازیی دەزانێت لە هەرێمی کوردستاندا.

بە بـڕوای ئەو پیشەسازکارە، ئەگەر حکومەت بیەوێت پیشەسازیی بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخێکی باش، دەبێت هەنگاو بە پلانی بۆ دابنێت‌و حیمایەیەکی پیشەسازیی دابنێت‌و بەنیگەرانییەوە دەڵێت «ئێستا کارگەکانی مەڕمەڕو کلینێکس‌و سۆندەو نایلۆن هەموویان داخـراون‌و کارگەکانی بلۆکیش (٩٥٪)یان داخراون، لەبەر ئەوەی ئەو کاڵایانەی لەدەرەوە دێن زۆر جوانترن لە کاڵاکانی ناوخۆو هەرزانتریش دەکەون».

خـاوەنـی کۆمپانیای ئەلەمنیۆم‌و پلاستیکی کاوە بەپێویستی دەزانێت کە حکومەت هاوکاریی کارگەکان بکات بە پێدانی کەلوپەلی کارگەکان‌و سووتەمەنی بەنرخێکی گونجاو لەگەڵ هاوکاریکردنیان لە هێنانی کەرەستەدا.

هەروەها سوارە محەمەد بەپێویستی دەزانـێـت، حکومەت ئەو باجە لاببات کە لەسەر کارگەکانەو دەڵێت: لەسەردەمی حکومەتدا بۆ (٢٠)ساڵ باجی لادەبرد لەسەر پیشەسازیی، بۆ ئەوەی پیشەسازیی عێراق پێشبکەوێت، جگە لەوەش پێویستە حکومەت بەرهەمەکانی بـدات بە کارگەکان وەک پشتیوانییەک بۆ پیشەسازکاران.

سوارە نایشارێتەوە کە ئێستا کارگەکانی پیشەسازیی پێویستیان بە قـەرزە بە سوودێکی کەم، چونکە کارگەکان داخراون‌و دەتوانرێت بەو قەرزە جارێکی دیکە بکرێنەوە، یان ئامێری نوێ هاتووەو کارگەکان دەتوانن بەو قەرزە ئامێری نوێ بکڕن.

لەبارەی باشترکردنی ئاستی بەرهەمە ناوخۆییەکانی کارگە پیشەسازییەکانی هەرێمەوە، سـوارە محەمەد وتی «ئەگەر حکومەت هاوکاریی کارگەکان بکات، کارگەکان نوێ دەبنەوەو پێشدەکەون، هەروەها پێویستە حکومەت باجێکی کەم بخاتە سەر ئەو کاڵایانەی کە لە دەرەوەی هەرێمەوە دێن‌و لەناوخۆشدا هەن».

ئـەو ئەندامەی دەسـتـەی کارگێڕیی خاوەنکاران لەبارەی پلانی ستراتیژیی حکومەتی هەرێمەوە بۆ گەشەپێدانی بواری پیشەسازیی، ئاماژەی بەوەکرد، کە ئەمڕۆ هیچ پلانێکی حکومەت دیار نییە بۆ پەرەپێدانی پیشەسازیی، تا متمانە بەو پلانە بکرێت کە پیشەسازیی ببووژێنێتەوە.

سـوارە محەمەد نایشارێتەوە کە لە ئێستادا بۆشاییەکی گەورەی یاسایی هەیەو پیشەسازیی وەک وەبەرهێنان یاسایەکی بـەهـێـزی بـۆ دەرنـەچـووەو لـە رووی یاساییەوە گرنگی پێ نـەدراوە، ئەمەش یەکێکە لە هۆکارەکانی دیکەی هەرەسهێنانی پیشەسازیی لە هەرێمی کوردستاندا.

# بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی پارێزگاکانی هەرێم، چارەکی بودجەی ساڵی رابردووە

**شارا عەبدولڕەحمان**

بـودجـەی ساڵی (٢٠١٠)ی پەرەپێدانی هەرێمەکان، بۆ هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان تەنیا (١٢٧) ملیارو (٨٠٠) ملیۆن دینارە، لەکاتێکدا تەنیا بـودجـەی سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٠٩) بڕی (١٣٠) ملیار دیناربوو، بەوهۆیەشەوە دەبێت حکومەتی هەرێم بودجەی زیاتر بۆ پارێزگاکان دابینبکات.

بـودجـەی پـەرەپـێـدانـی هەرێمەکان کە ساڵانە لە حکومەتی مەرکەزیی عێراقەوە بۆ هەرێم دێت، بۆ ساڵی داهاتوو زۆر کەمە، بەشێوەیەک نیوە یان یەک لەسەر سێی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)یە، بەشێوەیەک کە پارێزگای دهۆک (٢٨) ملیارو پارێزگای هەولێر (٥٠) ملیارو پارێزگای سلێمانی (٤٩) ملیارو (٨٠٠) ملیۆن دینارە، ئەو بودجەیەش لەساڵی (٢٠٠٩)دا بۆ سلێمانی (١٣٠) ملیارو بۆ دهۆک (٧٥) ملیار دینار بوو.

ڕەشید ئەمین، بڕیاردەری ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، ئـامـاژەی بـەوەکـرد؛ بودجەی ئەمساڵی پارێزگاکەیان زۆر کـەمـەو بـەشـی ئـەو پـڕۆژانـە نـاکـات کـە بەنیازن ئەنجامی بـدەن، لەکاتێکدا ساڵی (٢٠٠٩) بودجەکەیان (٧٥) ملیار دیناربوو، بەڵام هەروەک پێویست نەبوو، سەبارەت بە ڕێگەچارەش بۆ رۆژنامە وتی: «بەنیازین لەگەڵ ئەنجومەنی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم گفتوگۆبکەین بۆ ئەوەی چـاوپـێـداخـشـانـدنـەوەیـەک بە بودجەکەماندا هەبێت، هەرچەندە بڕواناکەم لەوبارەیەوە لەگەڵ عێراقدا هیچمان پێبکرێت، چونکە هۆکارەکەی سیاسییەو کەمیی بودجەی هەرێم پەیوەندیی بە حیزبەکەی مالیکییەوەیە کە پێیانوایە هەرێم هەر ئەوەندە بودجەی بەسە.

بـەپـێـی مـــادەی (٣) لە پڕۆژەیاسای بودجەی ساڵی (٢٠١٠)ی عـێـراق بـودجـەی پـەرەپـێـدانـی هەرێمەکان بۆ سەرجەم پارێزگاکانی عێراق بریتییە لە (٢,٦٥٤,٠٠٠,٠٠٠) (٢) ترلیۆن‌و (٦٥٤) ملیار دینار، بەڵام لەو بودجەیە تەنیا (١٢٧) ملیارو (٨٠٠) ملیۆن دیناری بۆ هەرێم تەرخانکراوە.

سۆز عەبدولقادر، سەرۆکی لیژنەی پلاندانان لە ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی، ئەوەی بۆ رۆژنامە روونکردەوە، کە بەپێی ڕێـژەی دانیشتووان بێت، لە سلێمانی هەرکەسێک (٢٧) هەزارو (٥٠٠) دیناری بەردەکەوێت، وتیشی: «پارەکە ئەوەندە کەمە نازانین چۆن دابەشی بکەین، بەشێوەیەک ناحیەیەکی وەک سێوسێنان تەنیا بڕی (٢٥) ملیۆن دیناری بەردەکەوێت، کە نازانرێت بەچی بدرێت».

سەبارەت بە رازیبوونیشیان بـەو بـڕە کـەمـەی بـودجـەی پەرەپێدان، سۆز عەبدولقادر وتی، «تەنیا لەبەرئەوەی بودجەکە نەگەڕێتەوە، قبووڵمانکردووە، دەنا زۆر کەمە، هەربۆیە داوا لە حکومەتی هەرێم دەکەین کە ئەو بڕەی پێویستمان دەبێت بۆمان دابینبکات».

بـە بـڕوای ئـەنـدامـەکـانـی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک‌و سلێمانی هۆکاری کەمیی بودجەی پـەرەپـێـدان بـۆ پارێزگاکانی هەرێم دەگەڕێتەوە بۆ مەسەلەی کورتهێنانی بودجەی عێراق‌و هەڵبەزودابەزی نرخی نەوتی عـێـراق، ئەمە جگە لـەوەی کە ژمارەیەک لە پارێزگاکانی عێراق بەشێک لە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکانیان خەرجنەکردبوو ناردبوویانەوە، بەوهۆیەشەوە بۆچوونێکی وا دروستبوو کە رەنگە ئەو بودجەیە زۆربێت‌و پێویستە کەمبکرێتەوە، کە بە بـڕوای سـۆز ئەمە زیـانـی لە هەرێمی کوردستان‌و بەتایبەتیش سلێمانی داوە، چونکە ئەو پارێزگایە بەزۆریی پشتی بە بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان دەبەست».

# دۆلارە پەکخراوەکانی سەدام دەخرێنەوە بازاڕەوە

**ڕۆمان بانەیی**

پێش رووخاندنی ڕژێمی بەعس لەساڵی (٢٠٠٣)دا، سەدام حسێنی سەرۆکی ئەوکاتەی عێراق بڕێکی زۆر لە داهاتی عێراقی بە مەوادی کیمیایی رەشکردووەتەوە بەتایبەت دراوی بیانیی‌و لەنێوانیشیاندا دۆلاری ئەمریکی، بـەڵام دوای تێپەڕبوونی شەش ساڵ بەسەر رووخاندنی ڕژێمدا، ئێستا کار بۆ ئەوەدەکرێت کە جارێکی دیکە ئەو پارانە پاکبکرێنەوەو بخرێنەوە بازاڕەکان.

بە وتـەی پسپۆڕانی بـواری ئـابـووریـی، سـەدام حسێن ئەو کـارەی بـۆ ئـەوەکـردووە کە دوای خـۆی سـوود لـەو پارانە وەرنەگیرێت، بۆیە بە مـەوادی کیمیایی رەشیکردوونەتەوە، بەڵام ئێستا چەند قاچاخچی‌و بازرگانێک هەوڵدەدەن ئەو مـەوادە کیمیاییە بسـڕنـەوەو پـارەکـان بخەنەوە بازاڕەکان.

یەکێک لەو قاچاخچییانەی کە لـەوبـوارەدا کاردەکات، ئاماژەی بـەوەکـرد، ئێستا چەند باندێکی قاچاخچی لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا کە دوای رووخاندنی بەعس لە بانکەکاندا دەستیان بەسەر ئەو پارانەدا گرتووە، دەیانەوێت سوود لەو دۆلارانە وەربگرنەوە.

ئەو قاچاخچییە کە کوردێکی دانیشتووی ئێرانە، وتـی: «هەر دەفـتـەرە دۆلارێــک لــەو پـارە رەشکراوانە، بە سێ هەزار دۆلارەو ئێستا رەوانــەی ئێران دەکرێت بـۆئـەوەی بزانرێت دەتوانرێت پارەکان پاکبکرێنەوە یاخود نا».

ئـامـاژەی بـەوەشـکـرد، مامەڵەکردنەکە لەنێوان ژمارەیەک قاچاخچیی عـێـراق‌و ئێرانیدا ئەنجامدەدرێت‌و بڕی پارەکانیش زۆرە، بـەڵام قاچاخچییەکان دەیانەوێت دڵنیابن لەوەی کە پارەکە پاکدەکرێتەوە، ئەو کاتە دەیخەنەوە بـازار، وتـیشی: «هـەرچـەنـدە هـەوڵـدراوە بـۆ پاککردنەوەی پارەکان، بـەڵام تائێستا بێئاکام بووە».



# باج بۆ مەرزی حاجی هۆمەران دادەنرێت

**ئەحمەد باڵەکی**

بەپێی بڕیارێکی حکومەتی عێراق، لەمەودوا لە مەرزی نێودەوڵەتیی حاجی هۆمەرانەوە بۆ هەر بارێک کە لە ئێرانەوە هـاوردەی هەرێمی کوردستان دەکرێت، (٣٠)دۆلار وەک باج وەردەگیرێت، ئەمەش ناڕەزایی لای بازرگانانی ئەم مەرزە دروستکردووە.

ڕەشاد خدر داود، یەکێک لە بازرگانەکانی سەر مەرزی حاجی هۆمەران ئەم بڕیارەی بە کارێکی ناڕەوا زانی‌و وتی «ئەم باجە نە لە مەرزی پەرویزخان‌و نە لە مەرزی باشماخ لە بازرگانان وەرناگیرێت».

ئەو بازرگانە بۆ رۆژنامەی ئاشکراکرد، کە ئەوان هیچ زەرەرێک ناکەن لەو بڕیارە، چونکە ئەوانیش لە حاڵەتی بەردەوامبوونی ئەو باجەدا، کەلوپەلەکانیان بەگرانتر بە دوکاندارەکان دەفرۆشن‌و ئەوانیش بەگرانتر بە کڕیارەکانی دەفرۆشن.

بەپێی بڕیاری ژمارە (١٥٧٧٥)ی ڕێکەوتی (٢٠٠٩/١١/٢) وەزارەتی دارایی‌و ئابووریی بڕی (٣٠)دۆلاری وەک باج داناوە بۆ هەر بارێک، بەڵام تائێستا ئەم بڕیارە لە پارێزگای سلێمانیدا جێبەجێنەکراوە، داهاتی ئەم باجەش کە لە بازرگانان وەردەگیرێت بۆ وەزارەتی گواستنەوەی عێراق دەبێت.

شڤان موفتی، بەڕێوەبەری کۆمپانیای (ئەلئەشراقات) دەربارەی وەرگرتنی ئەم باجە بۆ رۆژنامە تەئکیدی لەوەکردەوە، کە بەشی مەنەفێستی نەقڵبەڕی لەهەموو خاڵەکانی گومرگی عێراق هەیە، وەکو گومرگی ئیبراهیم خەلیل‌و چەندین گومرگی دیکە، بۆ ئەو باجەش کە وەریدەگرین ڕەزامەندیی وەزارەتـی گواستنەوەی بەغداو ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم‌و وەزارەتی دارایی‌و ئابووریی هەرێم‌و وەزارەتی ناوخۆو وەزارەتی گواستنەوەی هەیەو وتی «ڕێگەمان پێدراوە لە هەرسێ مـەرزی باشماخ‌و پـەرویـزخـان‌و حاجی ئۆمەران ئەم بڕیارە جێبەجێبکەین».

# قەیرانی بێمتمانەیی بانکەکانی کوردستانی گرتووەتەوە

محەممەد ساڵح حەمەلاو

**ژمارەیەک لە بانکە ئەهلییەکان بەهۆی بێمتمانەییەوە ئامادەنین سەرمایەکانیان بخەنە بازاڕەوە لەکاتێکدا خۆیان لە بازاڕەوە دروستبوون، بەڕێوەبەری ئیدارەی بانکەکانی هەرێمیش پێیوایە؛ هاوڵاتییان زیاتر متمانەیان بە بانکە حکومییەکان هەیە، نەک بانکە ئەهلییەکان**



دامەزراوەی بانکیی یەکێکە لە پایە گرنگەکانی ئابووریی هەر وڵاتێکو بە شادەماری جووڵەی ئابووریی هەر وڵاتێک دەدرێتە قەڵەم، چونکە بانکەکان کاریگەریی گرنگیان هەیە لەسەر کۆی کەرتە ئابوورییەکانی دیکە، هەربۆیە لە جیهاندا گرنگییەکی زۆر بە بانکەکان دەدرێت، چونکە بانکەکان ئەو شوێنە متمانەپێکراوەن کە داهاتەکانی وڵاتو هاوڵاتییانی تێدا کۆدەکرێتەوەو ئەوانیش دووبارە دەتوانن بۆ بواری وەبەرهێنان ئاراستەی بکەنەوە.

## مێژووی بانکی ئەهلیی لە کوردستاندا

دامەزراندنی بانکی ئەهلیی لە سەرەتای دەیەی نەوەدەکانەوە بەشێوەیەکی بەرچاو هەرێمی کوردستانی گرتەوە، بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە بچنە ئاستی بانکە باڵاکانەوە.

دڵشاد ئەحمەد، بەڕێوەبەری نۆرس بانک لە سلێمانی، ئاماژەی بەوەکرد؛ دامەزراندنی بانکە ئەهلییەکان شتێکی نوێ نییە لە وڵاتانی دەرەوەدا، بەڵام لە کوردستاندا لە کۆتایی ساڵانی نەوەدەکانەوە دەستکرا بە دامەزراندنی لقی ئـەو بانکە ئەهلیانەی کە لە عێراقدا دامــەزرانو بەشێک لە بانکە ئەهلییەکانیش خۆیان ڕاستەوخۆ لە کوردستان دامەزران.

دڵشاد ئەحمەد، پێشیوایە؛ «بانکی ئەهلیی بەدیلێک نییە بۆ بانکە حکومییەکانو لە هەموو جیهانیشدا سیستمی کەرتی تایبەتو کەرتی گشتیی بوونی هەیە».

هاوار شێخ ڕەئوف، جێگری بەڕێوەبەری بانکی ئەهلیی مەنسور لە سلێمانی، ئاماژە بەوەدەکات؛ بەهۆی بوونی کۆمەڵێک هۆکارەوە بانکە حکومییەکان ناتوانن تێکڕای خواستو پێداویستییەکانی هاوڵاتییان پڕبکەنەوە، لەبەرئەوە پێویستی دامــەزرانـدنـی بانکە ئەهلییەکان دێتە پێشەوەو بانکە ئەهلییەکانیش دەتوانن ئەو بۆشاییانە پڕبکەنەوە کە بانکە حکومییەکان ناتوانن کاریان تێدابکەن.

## بانکە ئەهلییەکانو بەرژەوەندییەکانیان

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بانکو سیستمی بانکیی لە دونیادا ڕووی لە پێشکەوتنەو جیهانیش بەرەو ئابووریی ئازاد هەنگاو دەنێت، بەڵام نەبوونی سیستمێکی بانکیی بەهێز یەکێکە لە گەورەترین کێشەی ئەو وەبەرهێنەرو کۆمپانیایانەی لە کوردستاندا کاردەکەن.

دیـارە هەرێمی کوردستانیش بەدەرنیە لەو شەپۆلی پێشکەوتنانەی ئەمڕۆ جیهان گوزەری پێدا دەکات، بەڵام بەشێک لە بانکە ئەهلییەکان کە لەژێر نـاوی گەشەپێدانو وەبەرهێنانو چەندین ناوی دیکەدا دامەزراون زۆربەیان سەرمایەکانیان کەمەو نەیانتوانیوە پرۆژەی گرنگو ستراتیژیی ئەوتۆ لە بواری وەبەرهێناندا جێبەجێ بکەن، کە بتوانرێت زۆرترین ژمارەی هاوڵاتییان لێی سوودمەندبن یان یارمەتیدەر بن بۆ بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان، بەڵکو ئەو بانکانە بەتەنیا بیر لە دەستکەوتی دارایی خۆیان دەکەنەوە.

بەڕێوەبەری نۆرس بانک پێیوایە؛ بەشێک لە بانکە ئەهلییەکان نەیانتوانیوە لەبواری وەبەرهێناندا بەئەرکی خۆیان هەستن، چونکە جۆرێک لە ترس هەیە لە جێبەجێکردنی ئیشوکارەکاندا. وتیشی: «حکومەت بەرپرسە لەوەی کە بانکە ئەهلییەکان نەیانتوانیوە لە بواری وەبەرهێناندا ڕۆڵیان هەبێت، چونکە پێویستبوو حکومەت ئـەوە بەسەر بانکە ئەهلییەکاندا بچەسپێنێت، کە دەبێت بەشێک لە سەرمایەکانیان لە بـواری وەبەرهێناندا بخەنەگەڕ، چونکە بواری وەبەرهێنان ڕۆڵی گرنگ دەبینێت لە بـووژانـەوەی ژێرخانی ئابووریی وڵاتداو هەلی کارکردن دەڕەخسێنێتو ڕێژەی بێکارییش کەمدەکاتەوە».

ئەحمەد حـەسـەن، بـاس لــەوە دەکـات، جگە لــەوەی (٢٣) بانکی حکومیی تەنیا لە پارێزگای سلێمانیدا بوونی هەیە، (١٥) بانکی ئەهلیش کاردەکەن کە ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بانکیی جۆراوجۆر بە هاوڵاتییانو بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریی کوردستان، لەپاڵ ئەوەشدا بانکە حکومییەکان هاوکاریی بازرگانو پیشەوەران دەکـەن بە پێدانی پێشینەی جۆراوجۆرو جیاواز.

بەپێی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لەدوای ڕاپەڕینەوە هاوڵاتییان متمانەیان بە بانکە حکومییەکان نەماوە، ئەوەش لەوەوە سەرچاوەی گرت کاتێک لەپێش ڕووخانی ڕژێم هاوڵاتییان پارەیان لە بانکە حکومییەکاندا هەبوو دواترئەوپارەیە بەپێی ویستی هاوڵاتییان نەدەدرایەوە بە خاوەنەکانیان، بەڵکو مانگانە بەبڕێکی کەمو دیاریکراو پارە دەدرایەوە بە خاوەنەکانیانو هەرئەوەش هۆکارێک بوو بۆ نەمانی متمانە لەنێوان بانکەکانو هاوڵاتییاندا، بەڵام پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بەڕێوەبەری ئیدارەی بانکەکانی هەرێم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بانکەکان دامەزراوەیەکی داراییـنو هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی هەمووجۆرە خزمەتگوزارییەکی دارایـی بە هاوڵاتییان وەک وەرگرتنی ودائـع لە هاوڵاتییانو پاشەکەوتکردنی ئەو پارانەی کە هەیانەو ساڵانە بڕێک سوود دەچێتە سەر حسابەکانیان.

هاوارشێخ ڕەئـوف، ئاماژە بەوەدەکات؛ تائێستا بازرگانو سەرمایەداران لە هەرێمی کوردستاندا بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە لە بواری بانکییدا وەبەرهێنان بکەن، ئەوە لەکاتێکدایە ڕێژەی ئەو بانکانەی کە لە بواری وەبەرهێناندا کاردەکەن لە باشوورو ناوەڕاستی عێراق زۆرترن، بەڵام زۆربەی ئەو بانکانەی کە لە کوردستاندا کاردەکەن لقی ئەو بانکانەن کە بارەگای سەرەکییان لە ناوچەکانی باشوورو ناوەڕاستی عێراقە.

## خزمەتگوزارییەکانی بانکە ئەهلییەکان

هاوارشێخ ڕەئـوف، ئاماژەی بەوەکرد؛ بانکە ئەهلییەکان لە چەندین بـواردا کە بە ئاسانکارییە بانکییەکان ناسراون خزمەت پێشکەش بـە هاوڵاتییان دەکــەن، وەک «ئیعتماداتی موستەنەدی، خیتاب زەمان، قەرز، حەواڵەکردنو مەکشوفاتە»، بەڵام وەک خۆی وتی: «لەبەرئەوەی دامەزراندنی بانکی ئەهلیی هێشتا لە کوردستاندا تازەیە جۆرێک لە ترسو هەڵوەستەکردن لە ئیشوکاری بانکەکاندا بەدیدەکرێت».

دڵشاد باس لــەوەدەکـات، نـۆرس بانک توانیویەتی ئەو ئامانجەی کە خۆی هەیەتی بیپێکێت، بە وتەی خۆی ڕێژەی ئەو قەرزو ئاسانکارییە بانکییانەی کە بۆ هاوڵاتییانی دەکەن دەگاتە نزیکەی (٦٠) ملیار دینار.

## بێمتمانەیی لەنێوان بانکەکانو هاوڵاتییاندا

هەرچەندە لەپاڵ ئەوەی کە بانکە ئەهلییەکان توانیویانە لەچەندین بواردا خزمەتگوزاریی بانکیو دارایی پێشکەش بە هاوڵاتییان بکەن، بەڵام تائێستا جۆرێک لە بێمتمانەیی لەنێوان بازرگانانو بانکە ئەهلییەکاندا بوونی هەیەو ژمارەیەک لە بانکە ئەهلییەکان ئامادەنین سەرمایەکانیان بخەنە بـــازاڕەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە خودی بانکە ئەهلییەکان خۆیان لە بازاڕەوە دروستبوون.

جێگری بەڕێوەبەری بانکی مەنسور وتـی: «هەمیشە بوونی بانکە ئەهلییەکان لە هەر وڵاتێکدا وەک یەکێک لە هێماکانی پێشکەوتنی ئەو وڵاتە سەیردەکرێت، بەڵام نەبوونی متمانە لەنێوان بانکە ئەهلییەکانو هاوڵاتییاندا یەکێکە لە کێشەکانی بواری بانکیی لە هەرێمی کوردستاندا». هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سیستمی بانکی ئەهلیی لە کوردستاندا سیستمێکی نوێیەو بانکەکانیش متمانەیەکی ئەوتۆیان بە هاوڵاتییان نییە، چونکە جگەلەوەی سیستمی بەڕێوەبردن لە وڵاتدا سەرکەوتوو نییە، هاوکات ئاسایشو ئارامییو کۆمپانیای دڵنیاییبوونی نییەو زۆرجار ئەو دەزگاو دامەزراوە حکومیانەش کە موڵکەکان بۆ ڕەهنکردن دەخەمڵێنن خەمڵاندنەکەیان زۆر وردو زانستی نییەو دوورە لە بەهای ڕاستەقینەی موڵکەکانەوە.

ئـەوە سەرباری ئـەوەی سیستمەکەش سیستمێکی کۆمپیتەری نییەو کاتێک بانکێک موڵکێک ڕەهن دەکات لایەنێکی دیکە نەتوانێت هەڵسوکەوتو مامەڵە بەو موڵکەوە بکات، لەبەر هەموو ئـەو هۆکارانە دەتوانرێت بووترێت جۆرێک لە ترسو بێمتمانەیی لەنێوان بانکەکانو هاوڵاتییاندا بوونی هەیە.

## سەرمایەی بانکە ئەهلییەکان کەمە

ئەحمەد حەسەن ئـەوە ناشارێتەوە کە ئەو بانکە ئەهلیانەی لە کوردستاندا هەن، ئەو بانکانەن کە دەتوانن قەرزێکی کورتخایەن بدەن بە هاوڵاتییانو هیچیان لە توانایاندا نییە کە قەرزێکی درێژخایەن بدەن بە هاوڵاتییان بۆ ماوەیەکی درێژ، هەربۆیە ناتوانرێت لە بواری وەبەرهێنانو چەندین بواری دیکەدا خزمەت بە ژێرخانی ئابووریی بکەن، کە بانکە ئەهلییەکان جێ دەستیان دیاربێت.

## نەبوونی یاسای کارکردنی بانکەکان

تائێستا یاسایەک بۆ کارکردنی بانکەکان لە کوردستاندا بوونی نییەو بانکەکانی هەرێم بەپێی قانوونی عێراقی کاردەکەن، کە لەگەڵ دونیای ئەمڕۆی پێشکەوتنو سیستمی داراییو ئابووریی یەکناگرنەوە.

بەڕێوەبەری نۆرس بانک باس لەوەدەکات، کە لە ساڵانی حەفتاکاندا دامەزراوەی بانکیی هەبوو، بەڵام دواتر هەڵوەشایەوەو سیستمی بانکی ڕافیدەین دامــەزراو دوای ئەوەش دامەزراوەی بانکی ڕەشید دروست بوو.

جێگری بەڕێوەبەری بانکی مەنسور، پێیوایە؛ «مادام کەرتێکی بانکیی خەریکە لە کوردستاندا دەکەوێتە سەرپێ، ئەوا پێویستە پەرلەمانی کوردستان بیر لەوەبکاتەوە یاسایەکی نوێو مۆدێرن پەسەند بکات کە لەگەڵ دونیای ئەمڕۆدا بگونجێت».

## بەشێک لە بانکەکان تەنیا کاری حەواڵە دەکەن

هەرچەندە چاودێریی لەسەر ئیشوکاری بانکەکان هەیە، بەڵام بەشێک لە بانکە ئەهلییەکان تەنیا ئیشیان ئەوەیە کە سەرمایەکانیان لە بانکی ناوەندیی عێراق دادەنێنو ساڵانە بڕێک پارەی وەک سوود دەچێتەسەر، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئەرکی دامــەزراوە بانکییەکان زۆر لەوە گەورەترە کە ئەوان پێی هەڵدەستن.

دڵشاد ئەحمەد وتی: «بەهۆی تێپەڕاندنی قەیرانی هەڵاوسان، بانکی عێراقی سیستمی ئۆڤەرنایتی دانا، کە بریتییە لە دانانی پارە لە بانکی ناوەندیی بە ڕێژەی (٢٠٪ )ی سوود، هەربۆیە ژمارەیەک لە بانکەکان تەنیا کاریان ئەوەبوو کە سەرمایەکانیان لە بانکی ناوەندیدا دابنێن، چونکە دانـانـی ئـەو پـارەیـە جگە لەوەی سوودێکی باشو مسۆگەری هەیە، هاوکات هیچ مەترسییەکیش بۆ لەدەستدانو مایەپوچبوونیان نییە.

## بانکە حکومییەکان متمانەیان زیاترە

بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی جیهانی گرتووەتەوە، تائێستا نزیکەی (١٤٠) بانکی ئەهلیی لە ئەمریکا ڕووبـەڕووی مایەپوچی بونەتەوە، هەربۆیە بانکە حکومییەکان زیاتر جێگەی متمانەی هاوڵاتییانن، نەک بانکە ئەهلییەکان.

بەڕێوەبەری ئیدارەی بانکەکانیش لە کوردستان ئـەوە بە نموونە دەهێنێتەوە کاتێک ڕژێمی پێشوو لەساڵی (١٩٩١)دا ئیدارەکانی لە کوردستان کێشایەوە، ئەوکاتە پارەیەکی زۆری هاوڵاتییانیش لە بانکەکاندا بوون کە ڕژێم لەگەڵ خۆیدا بردنیەوە، بەڵام دواتر حکومەتی هەرێم توانیی هەموو ئەو پارانە بە سوودەکانیشیانەوە بگێڕێتەوە بۆ خاوەنەکانیان، هەربۆیە بەڕێوەبەری بانکەکان پێیوایە؛ ئەگەر بانکە ئەهلییەکان ڕووبەڕووی شکستێکی لەوجۆرە ببنەوە، ئەوا ناتوانن ئەوکارە ئەنجام بدەن.

## فەرمانگەکان حسابات لە بانکە ئەهلییەکان ناکەنەوە

بەڕێوەبەری نۆرس بانک ئەوەی نەشاردەوە کە تائێستا حکومەت ڕێگە نادات فەرمانگەکان حسابات لە بانکە ئەهلییەکاندا بکەنەوە، ئەوە لەکاتێکدایە کە بانکە ئەهلییەکانیش لەژێر چاودێریی بانکی هەرێمدان، بەڵام پێچەوانەی ئەو بۆچوونە، بەڕێوەبەری ئیدارەی بانکەکانی هەرێم ئاماژە بەوەدەکات؛ هەموو بانکێکی ئەهلیی بۆی هەیە حساب لە بانکە حکومییەکاندا بکاتەوە، بەڵام بەبێ ڕەزامەندیی وەزارەتی دارایـی ڕێگە نادرێت هیچ فەرمانگەیەک حسابات لە بانکە ئەهلییەکاندا بکاتەوە.

## نەبوونی پەیوەندیی نێودەوڵەتیی

دوای ئەوەی گەمارۆی ئابووریی خرایە سەر عێراق، بانکەکانیش وەک هەر سێکتەرێکی دیکەی ئابووریی وڵات پەیوەندییان بە دونیای دەرەوە نەما، ئێستاش کە (١٨) ساڵ بەسەر ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانو شەش ساڵ بەسەر پرۆسەی ڕزگارکردنی عێراقدا تێپەڕیوە، بەڵام تائێستا بانکەکانی عێراقو کوردستان پەیوەندییان بە دونیای دەرەوە نەماوە هەر ئـەوەش هۆکارە بۆ نەهاتنی کۆمپانیای گـەورەو زەبــەلاحو ڕاکێشانی سەرمایەی دارایی بۆ هەرێمی کوردستانو عێراق.

بەڕێوەبەری ئیدارەی بانکەکانی هەرێمیش پێیوایە؛ «پچڕانی پەیوەندیی بانکەکان بە دونیای دەرەوە کاریگەرییەکی ئەوتۆی کردووەتە سەر کەرتی بانکیی لە عێراقو هەرێمی کوردستانیش».

# پیرەمەگروون دەبێتە دەروازەی شکاندنی بێدەنگیی

**فاخیر تەلانی**



دانیشتووانی پیرەمەگروون بەرەبەیانی (١٢/٢٣) ئەو «بێڕێزیەیان» قبووڵنەکرد، کە لەلایەن بەرپرسانی شارۆچکەکەیانەوە پێیانکرابوو، بوونە دەروازەی شکاندنی بێدەنگیی‌و لە خۆپیشاندانێکدا پەیامێکیان نارد بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بەرپرسان خزمەتکاری خەڵکن، نەک خاوەنی خەڵک.

دوای ئەوەی لە دیمانەیەکدا سەرۆکی شارەوانیی پیرەمەگروون هاوڵاتییانی شارۆچکەکەی بە (کوێر) ناوبردبوو، خەڵکی پیرەمەگروون ڕژانە سەر شەقامەکان‌و دەسەڵاتیش وەک پیشەی هەمیشەیی تۆمەتی دەستی دەرکیی خستە پشتی خۆپیشاندانەکەوە.

حسێن عومەر، هاوڵاتییەکی شارۆچکەی پیرەمەگروونەو دەڵێت: «با دەسەڵات تۆمەت بۆ کەس دروست نەکات تا لایەنێک لە پشت ئەم کارەوەوە بووبێت، بابیر لە خزمەتگوزاریی بکەنەوە بۆئەوەی هاوڵاتییان کاری توندوتیژیی نەکەن».

خۆپیشاندەران لە کاتژمێر (١٠)ی بەیانییەوە تا کاتژمێر (٣)ی دوانیوەڕۆ ڕێگای سەرەکیی دوکان – سلێمانییان گرت‌و چەند ئۆتۆمبیلێکیان سووتاند، لەبەرامبەریشدا هێزەکانی ئاسایش ڕژانە شارۆچکەکەوە، بەم هۆیەشەوە چەند پۆلیس‌و هاوڵاتییەک بریندراربوون، کە هاوڵاتییەکیان بە تەقەی هێزە ئەمنییەکان بریندرابوو.

شارۆچکەی پیرەمەگروون لە (٥) هەزار ماڵ پێکهاتووەو نزیکەی (٣٠) هەزار کەس دانیشتووانەکەیەتی، یەکێکە لەو شارۆچکانەی وەک پێویست خزمەتگوزاریی پێشکەشنەکراوە، ئەمەش هۆکاری سەرەکیی ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکەبوو.

محەمەد ئیسماعیل، یەکێکە لە هاوڵاتیانی پیرەمەگروون‌و پێیوایە؛ هیچ خزمەت گوزارییەکیان بۆ نەکراوە تا ببینن‌و بیر لە خۆپیشاندان نەکەنەوە».

محەمەد ئاماژە بەوە دەکات؛ شارۆچکەکەیان فەرامۆشکراوەو ئەوەی ڕژێمی بەعس بۆی کردوون لە ساڵی (١٩٨٨) هیچ شتێکی لێ زیادنەکراوەو لە (٣٠٪) دانیشتووانی پیرەمەگروون ئاویان نییەو لەسەر بودجەی خۆیان بیریان لێداوە».

خەڵکی پیرەمەگروون نیگەرانن لە بەڵێنەکانی بەرپرسان، کە هەمیشە لە هەڵبژاردن‌و بۆنەکاندا پێیاندەدەن‌و دواتر بەڵێنەکانیان پشتگوێ دەخەن، ئەمەش خەڵکی شارۆچکەکەی تووڕەکردووە.

حسێن عومەر ئاماژەی بەوەشکرد؛ دەموچاو گۆڕین یان لە کارلابردنی لێپرسراوی یەکە ئیدارییەکان هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕێت، ئەگەر خزمەگوزاریی پێویستیان بۆ نەکرێت. وتیشی: «ئەو خەڵکەی هاتووەتە سەر شەقام داوای مافی خۆیان دەکەن، کە تائێستا دەسەڵاتی کوردی پێی ڕەوا نەبینیون، بۆیە پێویستە دەسەڵات بیر لە خەڵکگرتن نەکاتەوە، لەبەرئەوەی ئاکاری ئەم ڕێپێوانە بەرەو توندتر دەبات‌و خزمەت بە دەسەڵات ناکات.

هێزە ئەمنییەکان دوای تەواوبوونی خۆپیشاندانەکان پیرەمەگروونیان بەجێنەهێشت‌و کەوتنە دەستگیرکردن‌و چاودێریکردن‌و لێپرسینەوە لەو کەسانەی بەشداریی خۆپیشاندانەکەیان کردووە، ئەمەش هەندێک لە خۆپیشاندەرانی ناچارکرد پیرەمەگروون بەجێبهێڵن.

# ماموٚستایانی هەڵەبجە لە دانانی کۆنترۆڵی تاقیکردنەوەکان ناڕازین

**فەهمی عەبدولقادر**

بەڕێزان، خەمخۆرانی بواری پەروەردە، لە ڕاستیدا من نامەوێت لەم نووسینەدا ئاماژە بە کۆی دەرهاویشتە باش‌و خراپەکانی سیستمی نوێی پەروەردە بکەم، کە بێگومان وروژاندنی بابەتێکی لەمجۆرە لە رووپەڕی تەنیا یەک پەڕەی ڕۆژنامەیەکدا ناتوانرێت باسی لێوەبکرێت، بەڵام دەکرێت هەندێکجار ئاماژە بە باشی‌و خراپیی لایەنێکی ئەم سیستمە بکەین، کە بەڕاستی هەندێکیان کێشەیەکی گەورەیان لێکەوتووەتەوە، بەتایبەت بۆ ڕەگەزە بنچینەییەکانی سیستمەکە، کە بێگومان ماموٚستاو خوێندکارانن، بۆیە دەمەوێت سەرنجی خوێنەری بەڕێزو شارەزایانی بواری پەروەردەی هەرێمەکەم بۆ باسکردنی ئەم گرفتە ڕابکێشم، کە بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی هەڵەبجەی شەهید بۆ ماموٚستایانی دەڤەرەکەی دروستکردووە، دیارە بەپێی سیستمی نوێی خوێندن تاقیکردنەوەکان شێوازی وەرزییان وەرگرتووە، کە ئەوانیش وەرزی یەکەم‌و دووەمن، کە دیارە ئەمە کارێکی باشەو لە قازانجی کۆی سیستمەکەدایە، بەتایبەت بۆ خوێندکاران، بەڵام لێرەدا ئەوەی کە بەدیدەکرێت لە پراکتیزەکردنی ئەمجۆرە تاقیکردنەوەیەدا گرفتی گەورە بۆ ماموٚستایان‌و تەنانەت خوێندکارانیش دروست دەبێت، کە گومانم لەوەدا نییە خوێندکاران هیچ هەستێکیان بەم زیانەی نییە، چونکە ئاگاداری نین، بەداخەوە بەشێکی زۆری ئەم بڕیارانەش لە تەواوی ناوچەکانی هەرێمی کوردستان وەک یەک جێبەجێ ناکرێت، کە ئەمەش جۆرێک لە دژیەکی‌و جیاوازی‌و تەنانەت نائومێدیی لەنێو کادیرانی بواری پەروەردەییدا دروستکردووە.

بۆ نموونە دروستکردن‌و دانانی کۆنترۆڵی پشکنینی دەفتەری تاقیکردنەوەکان لە سنووری بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەکانی قەزاکاندا بە میزاجی چەند کەسایەتییەک دادەنرێن، نەک بەپێی یاسا ڕێکخرابێت، لەم کارەشدا بەهیچ جۆرێک ڕاوبۆچوونی خەڵکانی دیکەی ئەم بوارە بە هەند وەرناگیرێت، کە بێگومان ئەم حاڵەتە لە شارەکاندا ڕەنگە گرفتێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتبێتەوە، بەڵام لە بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی قەزاکاندا گەورەترین گرفتی بۆ ماموٚستایان دروستکردووە، بەتایبەت لە هاتووچۆکردنیاندا، کە ڕۆژانە لە خوێندنگەکانی خۆیاندا چاودێری هۆڵی تاقیکردنەوەکانن‌و پاشانیش دەیاننێرنە کۆنترۆڵەکان، کە لە ڕووی جوگرافییەوە ئەو شوێنانەی کە کراون بە کۆنترۆڵی پشکنینی دەفتەری تاقیکردنەوەکان زۆر دوورن‌و گرفتی هاتووچۆ گرفتێکی زۆر گەورەیە کە ڕووبەڕووی ماموٚستایان دەبێتەوە، هەروەها ئەو نادادییەی کە دروست دەبێت لە نێو ماموٚستایاندا لە پشکنینی دەفتەرەکاندا، بۆ نموونە ماموٚستای وا هەیە تەنیا پەنجا دەفتەری هەیە نزیکەی شەشسەد دەفتەری پێ دەپشکێندرێت، ئەمە سەرەڕای چەندین گرفتی دیکە کە بواری باسکردنیان نییە، وەزارەتی پەروەردەش نەک هەر ئامادە نییە ئەو کێشانە بۆ ماموٚستایان چارەسەر بکات، بەڵکو بە هیچ جۆرێک ئامادەش نییە هیچ هاوکارییەکی مادیی‌و تەنانەت مەعنەوییش پێشکەش بەو ماموٚستا بەڕێزانە بکات، بۆیە خوێنەری بەڕێز پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا وەزارەتی پەروەردە ئەو بودجە زەبەلاحەی بۆچییە؟ ئەگەر لە خزمەتی سیستمی نوێی خوێندندا نەبێت، ئەگەر تەنانەت نەتوانێت سادەترین‌و سەرەتاییترین کێشەی ماموٚستایان چارەسەربکات، کە دابینکردنی ئۆتۆمبێلە بۆ هاتوچۆیان لەم کاتانەدا، وەزارەتی پەروەردە ئەم بودجەیەی بۆ چییە؟ ئەگەر نەتوانێت دەفتەری تاقیکردنەوەکان بۆ خوێندکاران فەراهەم بکات، خوێندکاران خۆیان ئەو دەفتەرانە بکڕن یاخود بە جۆرێکی دیکە ڕێگە خۆشبکرێت بۆ دەستێوەردانی ڕێکخراوە خوێندکاریی‌و حیزبییەکان‌و دواجار ئەوانیش ئەم هەلە بقۆزنەوە بۆ جۆرێک لە چالاکیی خۆیان، کە بێگومان سەرچاوەکەی کەمتەرخەمیی حکومەتە، دەنا چۆن‌و لە سیستمی کام وڵاتی جیهاندا هەیە کە حکومەت پارەی نەبێت، بەڵام حیزب ئەو هاوکارییە پێشکەش بکات، بۆیە تێڕوانینەکانی بەشێکی زۆر لە پسپۆڕانی بواری پەروەردە لەم دەلاقەیەوەیە کە دەوترێت ئەم سیستەمە کەموکورتی زۆری تێدایە، بەم نەفەسی کارکردنەی حکومەتەکەی ئێمە ناتوانرێت بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە، چونکە سیستمی وا پێویستی بە حکومەت‌و وەزارەتی پەروەردەی سویدی یان خۆرئاوایی هەیە، نەک ئەو حکومەت‌و وەزارەتەی کە ئێمە هەمانە، کە هەمیشە چاویان لەوەیە لەسەر ئەساسی ئەرک‌و ماندووبوونی چینی خوارەوە ڕێزو سوپاس‌و پلەوپایەی بەرز بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن، ئیتر گرنگ نییە خەڵکی لە کوێی مافەکانی دایەو سیستمەکەش لە دوارۆژدا بە چ ئاقارێکدا دەڕوات.

# خۆپیشاندان لە دیدی دەسەڵاتەوە

**ڕەزا جەبار**

هێواش هێواش هەستی گردبوونەوەی دەستەجەمعیی لە دەوری داخوازییە گشتییەکان‌و مافە ئینسانییەکانیان لە بەرەوپێشچووندایە، بەرەبەرە هاوڵاتییانی کوردستان خەریکن پێکەوەو بەیەک دەنگ فشار دەبەن بۆ دەسەڵات تا ئەو ژیانە ئینسانییەی دەیخوازن بەرجەستەی بکەن، وردە وردە ترس دەشکێنرێت‌و بێدەنگیی دەبێتە قسەو لەوێشەوە دەبێتە خۆپیشاندان، بێگومان هەموو ئەمانە بۆ ئەم هەرێمەی ئێمە جێگەی دڵخۆشییە، بەو مانایەی ئینسانی کوردیی قۆناغێکی ئینسانیی خۆی تێدەپەڕێنێت، کە حیزب‌و دەسەڵات خەریکبوو ژیانیشیان بۆ دەکردنە منەت، نەخوازەڵا داوای ماف‌و داخوازییە جیاجیاکانیان بکردایە.

لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا ئینسانەکانی شارۆچکەی پیرەمەگروون لە خۆپیشانێکدا بە دەسەڵاتیان وت: کوێر نین، ئەگەر کوێر بین ناتوانین لە دەرگای ماڵەکانمان بێینە دەرەوە، چجای خۆپیشاندان بکەین، بە دەسەڵاتیان وت: دیموکراسی هەر بە تەنیا خۆشگوزەرانیی ئێوە نییە، بەڵکو خۆپیشاندانیشی تێدایە بۆ خۆشگوزەرانیی تەواوی کۆمەڵگە.

ئەوەی لێرەدا پێویستی بە هەڵوەستەکردنە، دیدی دەسەڵات‌و شرۆڤەی قەڵەم بەدەستەکانیانە لەسەر هەموو ئەو خۆپیشاندانانەی لەچەند ساڵی ڕابردوودا لەچەند شارو شارۆچکەیەکی ئەم هەرێمە بچکۆلەدا ڕوویداوە، هەمیشە شرۆڤەکارانی قازانجکەر لە دەسەڵات وایان خستووەتەڕوو ئەو خۆپیشاندانانە دەستیان لەپشتەو مەرامی سیاسی تێدایە، ئەم قسە سواوانە هیچ نین جگە لە بەخشینی شەرعییەت بە هەرجۆرە وەڵامدانەوەیەکی دەسەڵات بۆ هاوڵاتییانی خۆپیشاندەر، هەروەک دەڵێن ئەمجۆرە خۆپیشاندانانە بۆ تێکدانی ئەزموونی حکومڕانیی کوردستانەو دنیایەک قسە ڕیزدەکەن‌و تا دواجار پەنا دەبەنەوە بۆ خوێنی شەهیدە سەربەرزەکان‌و بە دژی شەهیدانی کوردستانی دەشوبهێنن، لەکاتێکدا ساتەوەختی گیانبەخشینی هیچ شەهیدێک بۆ ئەوە نەبووە خەڵکی کوردستان لە عەزابدا بژین‌و لێپرسراوان لە بەهەشتدا، هەربۆیە ئەمجۆرە قسەکردنانە جگە لە سەرنجڕاکێشانی ئەو خەڵکانەی چواردەورو لایەنگرانی خۆیان تا نەکەونە ژێر کاریگەریی حەقیقەتی داخوازییەکانی خەڵک، ناچنە هیچ چوارچێوەیەکی دیکەوە، لەلایەکی دیکەوە نووسەرانی حیزب لە جێگەی ئەوەی قسە لەسەر هۆکاری دروستبوونی خۆپیشاندانەکان بکەن‌و بە حیزبە دەسەڵاتدارەکەیان بڵێن ماف‌و داخوازییەکانی خەڵک ڕاست‌و ڕەوان، دێن پەنجەرە شکاندنێک‌و سەیارە سووتاندنێک «ئەگەرچی من لەگەڵ توندوتیژیدا نیم» بە گێرەشێوێنی‌و ڕەفتاری خراپی تێکدەرانە لە قەڵەم دەدەن، لەگەڵ ئەوەی ئەمجۆرە کارانەش کە لە خۆپیشاندانەکاندا ڕوودەدەن پێویستیان بە لێکۆڵینەوەی وردی زانستییانە هەیە تاوەکو لە هۆکارەکانی دروستبوونی ئەوجۆرە ڕەفتارانە بکۆڵێتەوە، نەوەک دەمودەست بخرێنە چوارچێوەی کاری تێکدەرانەوە.

شرۆڤەکارانی حیزب‌و دەسەڵات بەجۆرێک قسەکانیان دەردەبڕن وەک ئەوەی لە خزمەتی سەقامگیریی وڵات‌و ئارامیی ژیانی هاوڵاتییاندا بێت، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە لەم هەرێمەدا سەیارە سووتاندنێک دەبێتە کێشەی گەورەو کاری تێکدەرانە، بەڵام هەوڵی کوشتنی ئینسان هێندەی سووتاندنی ئاسنێک بایەخی نییە لەلای دەسەڵات!.

بێئاگایی ئەوانەی دژی خۆپیشاندەران قسەدەکەن لەوێوە دەردەکەوێت، کە دەڵێن پێویستە خەڵک داخوازییەکانیان بەشێوەیەکی هێمن‌و لەسەرخۆ بەرزبکەنەوە بۆ دەسەڵات، ئەگەر دەسەڵاتێک بەڕاستی بڕوای بە دیموکراسییەتی خۆی‌و مافی ئینسان هەبێت، نابێت ئەو لەبەرزیدا بێت تا داخوازیی بۆ بەرزبکرێتەوە، بەڵکو ئەوە ئەرکی دەسەڵاتە بەردەوام لە ڕێگەی دامودەزگا زۆرو زەوەندەکانیەوە ئاگاداری چۆنێتی ژیانی خەڵک‌و پێویستییەکانیان بێت، دەبێت دەسەڵات کوێرنەبێت‌و کەڕیش نەبێت، بۆئەوەی ژیانی خەڵک ببینێت‌و گوێ لە هاوارەکانیان بگرێت‌و ئیلتیزام بکات بە بەڵێن‌و دروشم‌و قسەکانیان لە مەرحەلەی بانگەشەی هەڵبژاردندا، نەوەک خەڵک بکاتە «کوێر».

# نەخۆشخانەی سۆزی دەروونیی ئاهەنگی سەری ساڵ دەگێڕێت

**بیستون فەتاح**

لەزۆر شوێن ئاهەنگی سەری ساڵ دەگێردرێت، بەڵام گرنگی ئەم ئاهەنگە دەگەڕێتەوە بۆ تایبەتمەندی نەخۆشخانەکەو ئەو نەخۆشانەی لەوێ چارەسەردەکرێن، گێڕانی ئاهەنگێکی لەو جۆرەو تیکەڵاوبوونی ئەو نەخۆشانەی گیروگرفتی دەروونییان هەیەو تیکەڵاوبوونیان لەگەڵ کەسوکاریاندا لە پایەی ئاهەنگەکەی بەرزکردووەتەوە.

د. ئەفرام محەمەد پسپۆڕی نەخۆشییە دەروونییەکان‌و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە سەبارەت بەئاهەنگەکەوتی: «بەبۆنەی سەری ساڵەوە ئاهەنگێکی خنجیلانەو تایبەتمان بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانەکەمان ئامادەکرد، کە بتوانین لە ماوەی ئەو ئاهەنگەدا نەخۆشەکان‌و کەسوکاریان تێکەڵاوی یەکتربن، هەموو نەخۆشەکان جلی کوردی ژنانەیان پۆشیبوو کە ژمارەیان (٢٩) بەشداربوو بوو».

د. ئەفرام وتیشی: «شەش نەخۆشیان کە چاکبوونەتەوەو نەخۆشخانەکەیان بەجێهیشتووە، بەسەردان هاتبوونەوە بۆ ئاهەنگەکە».

ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد، لەگەڵ چارەسەری پزیشکیدا هەوڵدەدرێت نەخۆشەکان چالاکی تایبەت فێربن وەک دروستکردنی کاری دەستی وردو ڕاهێنان لەسەر کارە ئاساییەکانی ڕۆژانە وەک دورین‌و وێنەکیشان‌و مۆسیقاو گەلێک چالاکی دیکە.

## بەڵێننامە بە خوێندکاران پڕدەکرێتەوە

# (٢٠٠)هەزار دینار بدەن‌و داوای دەرماڵەو بەشی ناوخۆیی نەکەن

**نەوزاد هەورامانی**

خوێندکارانی پەیمانگای تەکنیکیی هەڵەبجەی شەهید بە بیانووی نەبوونی جێگا لە هۆڵەکانی خوێندندا، لە بەیانیانەوە دەکرێن بە ئێواران‌و بێبەش دەبن لە دەرماڵەو کەلوپەلی بەشی ناوخۆیی‌و بەڵێننامەشیان پێ پڕکراوەتەوە کە پێشەکی (٢٠٠)هەزار دینار بدەن بە پەیمانگاو داوای گواستنەوەو دەرماڵەو بەشی ناوخۆیی نەکەن.

محەمەد توفیق محەمەد، نوێنەری خوێندکارانی بەشی ئێواران ئاماژەی بەوەکرد کاتێک ناویان هاتووەتەوە بەتەمای پەیمانگا نەبوون، بە تایبەتی ئێواران‌و وتی «بە دڵی خۆمان نەبوو، وەک چۆن ببرێیت بۆ عەسکەری بەو شێوەیە بوو».

محەمەد بە رۆژنامەی راگەیاند «ئێستا پێمان دەڵێن تەکمیلەی بەیانیان کە ئێمە تەکمیلەی بەیانینیان بۆ (٢٠٠)هەزار دینارەکەمان لێوەردەگیرێت‌و بۆ دەرماڵەمان پێنادرێت‌و بۆ لە دادنووس بەڵێننامەمان پێ پڕدەکرێتەوە؟».

بەشێک لەو خوێندکارانەی پەیمانگای تەکنیکیی هەڵەبجەی شەهید، پێویستییەکی زۆریان بە دەرماڵەیە کە مانگانە حکومەت پێیانبدات، نەک ئەوان ساڵی (٢٠٠)هەزار دینار بدەن بە پەیمانگا، هەروەک نیگەرانیشن لەوەی بۆ کێشەکانیان چوونەتە بەردەم نووسینگەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام وەک خۆیان دەڵێن، تائێستا وەڵامیان نەدراوەتەوە.

سەنگەر بەکر سەعید، یەکێکی ترە لە نوێنەرەکانی خوێندکارانی بەشی ئێواران‌و باس لەوەدەکات، لە دوای تەواوکردنی ئامادەیی، کاتێک فۆڕمیان پڕکردووەتەوە، بەهیچ شێوەیەک لە فۆڕمەکانیاندا پەیمانگایان نەنووسیووە، بە تایبەتیش ئێواران، بۆیە وەک خۆی دەڵێت «هیچ دڵم بەم خوێندنە خۆش نییەو پێشیان وتوین دەرماڵەو داخلیتان نادەینێ‌و بڕی (٢٠٠)هەزار دیناریشمان لێوەردەگرن».


بەهۆی نەبوونی جێگەوە ساڵی خوێندنی (٢٠٠٨-٢٠٠٩) وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریدا (٦٠٪)ی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان وەربگرێت، بەم هۆیەشەوە (١٠)هەزار خوێندکار نەیانتوانی درێژە بەخوێندن بدەن لە زانکۆو پەیمانگاکاندا، بۆیە وەزارەتی خوێندنی باڵا خوێندنی ئێوارانی هێنایە کایەوە.

یاسین حەمید ڕەشید، راگری پەیمانگای تەکنیکیی هەڵەبجەی شەهید لە بارەی کێشەکانی خوێندکارانی پەیمانگاکەیەوە، ئاماژەی بەوەکرد ساڵی پار زیاتر لە (٤)هەزار خوێندکار لە کۆلێژو پەیمانگاکانی ئێواران وەرگیراون‌و دەڵێت: ئەو ئێوارانەی کە لای ئێمە هەیە دەتوانین ناویان بنێین بە تەکمیلەی بەیانییان، لەبەر ئەوەی بەیانییان جێگایان نەبووەتەوە، بۆیە بوون بە ئێواران.

یاسین حەمید بۆ رۆژنامەی ئاشکرا کرد کە ساڵی پار وەزارەتی خوێندنی باڵا لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بڕیارێکی دەرکرد کە بڕی (٢٠٠)هەزار دینار لەخوێندکاران وەربگیرێت بۆ ئەو کارمەندانەی ئێواران کە دەمێننەوەو وانە دەڵێنەوە، هەر بۆیە خوێندکاران بێبەشبوون لە سەفرەی عیلمی‌و ئێستاش بۆ ئەوە کە بەیانیان جێگایان نابێتەوە کراون بە ئێواران‌و بێبەشبوون لەدەرماڵەو پێداویستی بەشە ناوخۆییەکان.

راگری پەیمانگای تەکنیکیی هەڵەبجەی شەهید دەنگی خۆی دەخاتە پاڵ دەنگی خوێندکارانی پەیمانگاکەی‌و ئاماژە بەوە دەکات مافی خۆیانە وەک خوێندکارانی دیکە دەرماڵەو بەشە ناوخۆییان بە پێداویستییەکانیەوە پێبدرێت، ئەم ساڵ حاڵەتێکی تازەش دروست بووە کە ئەویش پڕکردنەوەی بەڵێننامەیە لە دادنووس کە چەند مەرجێکی تێدایەو خوێندکارانی نیگەرانکردووە.

ئەم خوێندکارانە کە بە تەواوکەری بەیانییان ناودەبرێن‌و لە ئێواراندا دەخوێنن، ساڵی پار ژمارەیان (١٥٠)خوێندکاربووەو ئەمساڵیش (٣٠)خوێندکاری تری زیادکردووەو وا بڕیاریشە لە ئایندەدا (٣٠٠)خوێندکاری تریشی بچێتە سەر، لەسەر ئەم کێشەیەش پێشتر خوێندکارەکان مانگرتینان ئەنجامداوە.


بەڵێننامە

# سلێمانی دەبێتە «ناوچەی سوور» بۆ رۆژنامەنووسان

**بەرهەم عومەر**

لە شەش مانگی رابردوودا (٣٥) سکاڵای یاسایی دژی رۆژنامەنووسان تۆمارکراوە، ئەمەش بەپێی راپۆرتی چوارەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە شەش مانگ جارێک بڵاوی دەکەنەوە، هەروەها ئەوەش خراوەتەڕوو، کە لە شاری سلێمانیدا زۆرترین دەستدرێژیی کراوەتە سەر رۆژنامەنووسان، شوان داودی وتی: «ئەمجارە کۆنگرەی رۆژنامەوانیمان لە سلێمانی سازدا بۆ بڵاوکردنەوەی راپۆرتەکەمان، لەبەر ئەوەی زۆرترین پێشێلکاریی تێدا ئەنجام درابوو دژی رۆژنامەنووسان».

پاشنیوەڕۆی (١٢/٢٦) سەندیکای رۆژنامەنووسان، لە هۆڵی سلێمانی پالاس، راپۆرتی چوارەمی خۆی بڵاوکردەوە سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی سەر رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستاندا، ئەنوەر حسێن، سکرتێری لیژنەی داکۆکیی لە ئازادی رۆژنامەنووسی‌و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان پێیوابوو؛ سەندیکای رۆژنامەنووسان لایەنێکی تەنفیزیی نییە بۆ ئەوەی هەڵوێستی بەرچاوی هەبێت لە دژی هەر لایەنێک، کە دەستدرێژیی دەکاتە سەر رۆژنامەنووسان، بەڵام هەڵوێستیان وەرگرتووەو بە ئاشکراش بڵاویان کردووەتەوە.

ئەنوەر ئاماژەیکرد بەوەی؛ رۆژنامەنووسان گرفتی ئەوەیان هەیە، کە تائێستا لە دادگاکاندا بەپێی یاسای سزادانی عێراقی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت‌و (یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەگەریی) کاری پێناکرێت، داواشیکرد هەموو رۆژنامەنووسان پشگتیریی بکەن لە یاسای نوێی رۆژنامەنووسان.

بەپێی راپۆرتی چوارەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، زۆرینەی پێشێلکارییەکان لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنی مانگی تەممووزدا ئەنجامدراون لە دژی رۆژنامەنووسان، (٤) حاڵەتی هەڕەشەکردن لە کەرکوک‌و گەرمیان‌و کۆیە، دوو حاڵەتی لێدان لە هەولێرو سلێمانی، (٢١) حاڵەتی جیاجیا لە کەرکوک‌و هەولێرو موسڵ‌و سلێمانی‌و کەلارو کفری‌و دوکان‌و سۆران‌و سەیدسادق، ئەنجامدراون، هەروەها (٣) حاڵەتی دەستگیرکردن لە سلێمانی‌و سۆران‌و (٤) حاڵەتی سزادان لە دەزگاکانی شارەزوورو چەمچەماڵ‌و حاجیاوا ئەنجامدراون‌و (٣٥) داوای یاسایی‌و سکاڵای جۆراوجۆر لە دژی رۆژنامەنووسان تۆمارکراون.

لەم حاڵەتانەدا کە تۆمارکراون لە راپۆرتەکەدا (٦) حاڵەتیان دژی کەناڵەکانی راگەیاندنی کۆمپانیای وشە، بەتایبەتی کەناڵی (KNN) ئەنجامدراوەو لە کۆتایی راپۆرتەکەشدا هاوپێچی نووسراوی نەقیبی رۆژنامەنووسان بڵاوکراوەتەوە، کە ئاراستەی ئەو کەناڵەی کردووە سەبارەت بەو دەستدرێژییەی کراوەتە سەر نووسینگەی هەولێری کەناڵەکە لە شەوی (٢٦-٢٠٠٩/٧/٢٧)دا.

سکرتێری لیژنەی داکۆکی لە ئازادیی رۆژنامەنووسی‌و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان ئەوەشی خستەڕوو؛ هەندێکی دیکە پێشێلکاریی‌و سکاڵایان لەلایە، بەڵام لە راپۆرتەکەدا ئاماژەیان پێ نەکردووە، لەبەرئەوەی هێشتا کەیسەکەیان لە دادگا بڕیاری یەکلاییکەرەوەی لەبارەوە نەدراوە.

بەوپێیەی ئێستا لە کوردستاندا ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەو گۆڤار بڵاودەکرێتەوەو لە هەندێکیشاندا بابەتی نا ئاکاریی‌و پێشێلکاریی دژی دابی گشتیی بڵاودەکرێتەوە، ئەوەش بەشێکە لە پێشێلکاریی دژی مافی گشتیی‌و چاوەڕواندەکرێت بەو هۆیەوە فشاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن زیاتربێت بەسەر رۆژنامەنووسانداو کۆمەڵێک ئاستەنگ لە بەردەمی ئازادی نووسین‌و بڵاوکردنەوەدا دروست ببێت.

لە کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا شوان داودی، ئەندامی لیژنەی داکۆکیردن لە ئازادی رۆژنامەنووسیی باسی ئەوەیکرد، کە لەدوای (٤/٢٢)ەوە رەوتێک لەنێو رۆژنامەنووسانی کوردستاندا دروست بووە، کە دەبنە هۆی فشار بۆ سەر یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەگەریی‌و گرفت دروست دەکەن‌و ئەو پەراوێزە ئازادییەی بۆ رۆژنامەنووسان فەراهەمکراوە قۆرغی دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی هەندێک بابەتی نا ئاکاریی.

هەروەها وتیشی: «لە کوردستاندا رۆژانەو هەفتانە گۆڤاری نوێ‌و بڵاوکراوەی جۆراوجۆر دەبنین، کە بەبێ ئاگاداری سەندیکا دەردەچن‌و هیچ زەوابتێکی پیشەیی لە کاری رۆژنامەگەرییدا نەماوە».



لایەنە فەرمییەکان تائێستا هیچ روونکردنەوەیەکیان نەداوە لەسەر ئەو سێ راپۆرتەی پێشتر سەندیکای رۆژنامەنووسان بڵاویانکردووەتەوە لەسەر رەوشی رۆژنامەنووسان لە کوردستاندا، بەڵام کاتێک رێکخراوێکی نێودەوڵەتی راپۆرتێک لەو بارەیەوە بڵاو دەکاتەوە، وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەکەونە خۆیان‌و روونکردنەوەو لیژنەی تایبەتی بۆ دەستنیشان دەکەن.

شوان هەورامی، ئەندامی لیژنەی داکۆکیی لە ئازادی رۆژنامەنووسی‌و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئەگەر ئەمجارەش لایەنە پەیوەندیدارەکان هەڵوێستی روونیان نەبێت‌و بەدواداچوون بۆ ئەو پێشێلکارییانە نەکەن، بە ناچاری راپۆرتەکەیان دەخەنە بەردەم رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان.

هەروەها ئەوەشی خستەڕوو؛ لەدوای هەڵبژاردنەوە ژمارەی پێشێلکارییەکان کەمبووەتەوە، بەڵام بەوپێیەی هەڵبژاردنی دیکەمان لەبەردایە، پێشبینی ئەوە دەکەین ئەگەر بەدواداچوونی جدیی بۆ ئەو پێشێلکارییانە نەکرێت، بەهەمان شێوە لە هەڵبژاردنی ئایندەشدا چەندین رۆژنامەنووسی دیکە دەستدرێژیان بکرێتە سەر.

هەورامی باسی لەو کەیسانەش کرد ئێستا کاری تێدا دەکەن‌و هێشتا بە ئەنجام نەگەیشتووە، هەر بۆیە لەم راپۆرتەدا ئاماژەیان پێ نەکراوە، بۆ نموونە لە دوو رۆژی رابردوودا قایمقامێک فەرمانی دەکردووە هاوکاریی رۆژنامەنووسێک نەکرێت لە هیچ یەکێک لە فەرمانگەکانی ئەو قایمقامیەتەدا، لەبەر ئەوەی چاوپێکەوتنی لەگەڵ کەناڵی (KNN) کردووەو هەندێک زانیاریی درکاندووە.

رۆژنامەنووسەکەش پاش ئەوەی سەندیکا ئاگادار دەکاتەوە، پەیوەندیی دەکرێت بە قایمقامەکەوە، بۆ ئەوەی زانیاریی لە هیچ رۆژنامەنووسێک نەشاردرێتەوەو سەرچاوەکانی زیانیاریی لە بەردەمیاندا کراوەبێت.

## غەدر لە بوکی کوردستان دەکرێت

# دهۆک لەکوێی کارنامەی کابینەی شەشەمو خولی سێیەمی پەرلەماندایە؟

ئارام شێخ وەسانی

دهۆک

دهۆک وەک یەکێک لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کەوتووەتە بارودۆخێکی تایبەتەوە، بە بڕوای هاوڵاتییان ئەوان وەک هاوڵاتی ناوچەکانی دیکەی کوردستان سەیرناکرێن، بەڵکو فەرامۆشکردنو گۆشەگیرکردنو لاوازییەکی تەواو دیارە بەم شارەوە، بەتایبەت لە عەدالەتی ئیمتیازاتو خزمەتگوزاریی.

ئەندام پەرلەمانەکانی سنووری ئەو پارێزگایە لە لیستە جیاوازەکان بۆچوونێکی یەکگرتوو و یەکسانیان هەیە سەبارەت بەم بە فەرامۆشکردنو ئەو غەدرە سیاسییەی کە لەو پارێزگایە دەکرێت، بۆچوونێکیش هەیە باس لەوە دەکات، کە ئەم بابەتە لەسەردەمی دوو ئیدارەییەوە دەستیپێکردووەو تائێستاش ماوەتەوە.

### دهۆکو خزمەتی پێویست

هاوڵاتییانی سنووری پارێزگای دهۆک لە هەڵبژاردنەکانی (٧/٢٥) بەشێوەیەکی باش بەرەو سندوقەکانی دەنگدان ڕۆیشتنو بەرزترین ڕێژەی بەشداریی هاوڵاتییان لەو سنوورە تۆمارکرا، کە نزیکەی (٪٨٨) بوو، بەپێی ئامارەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان سنووری پارێزگای دهۆک ژمارەی دانشتووانەکەی (٩٨١) هەزارو (٨٩٥) کەسە، لەو ڕێژەیە (٥٦١) هەزارو (٨٤٩) کەس مافی دەنگدانیان هەبوو، لەکۆی ئەو (١٠٠) کورسییەی پەرلەمان بە هەموو حیزبەکان جگە لە کورسیی کۆتاکان، نوێنەرانی پارێزگای دهۆک (١٢) کورسییان هەیە، هەروەها لە (١١) کورسیی کۆتاشدا پارێزگای دهۆک (٤) کورسی هەیە، واتا کۆی گشتیی (١٦) کورسی دراوە بە پارێزگای دهۆک، کە لەکاتێکدا بەپێی ڕێژەی دەنگدەران بێت پێویستە ژمارەی کورسی تەرخانکراو بۆ ئەندامانی پارێزگای دهۆک لە (٢٥) کورسی کەمتر نەبێت، ئەگەرچی لە خولی دووەمی پەرلەمان ڕێژەکە هێندە نەبوو، بەڵام کۆی گشتیی کورسی تەرخانکراو بریتیبوو لە (١٧) کورسی.

لە خولی سێیەمی پەرلەماندا هەموو ڕێژەکان زیادیانکردووە، بەڵام نوێنەرایەتی ئەندامانی سنووری پارێزگای دهۆک کورسییەک کەمیکردووە بە بەراورد لەنێوان خولی دووەمو سێیەم، لە خولی دووەمدا ئەم بابەتە چەندینجار ورووژاو زۆر باس لەوەکرا کە دهۆک فەرامۆشکراوە، دهۆک لە پەراوێزدایە.

ئامینە زکری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی کوردستانی، بۆ ڕۆژنامە بۆچوونەکانی بە ڕوونی دەخاتەڕوو دان بەو ڕاستییەدا دەنێت کە حەقی دهۆک زۆر لەوە زیاتر بوو کە ئێستا پێیدراوە.

ئامینە دەڵێت: «پارێزگای دهۆک بەشێوەیەکی باش بەشداریی هەڵبژاردنیان کردو بۆ لیستەکەی ئێمە زۆرترین بەشداریی و دەنگمان بەدەستهێنا، کەچی کە سەیری ئیمتیازاتەکان دەکەین دەبینین لە ئاستی پێویستدا نینو غەدر لە دهۆک کراوە، تەنیا لیستی نوێبوونەوەو ئاوەدانی پێویست بوو (١٧) کورسی بۆ سنووری پارێزگای دهۆک تەرخان بکات».

بەگشتیی پێویست بوو نوێنەرانی سنووری پارێزگای دهۆک لە (٢٥) نوێنەر کەمتر نەبن لە پەرلەمان، بەڵام ئەو غەدرە کراوە لە دهۆک، لیستی نوێبوونەوەو ئاوەدانی (١٠) نوێنەری دهۆکی بۆ پەرلەمان داناوە، یەکگرتوو نوێنەرێکو لیستی گۆڕانیش نوێنەرێک، کە پێویست بوو هەموو ڕێژەکان لەوە زیاتر بوونایە.

بەهەمانشێوە تاقە ئەندامی نوێنەری پارێزگای دهۆک لە لیستی خزمەتگوزاریی و چاکسازیی باس لەو غەدرە دەکات کە لە دهۆک کراوەو نوێنەرایەتیی ئەو پارێزگایە کەمکراوەتەوە.

بەیان ئەحمەد بەرواری، ئەندامی فراکسیۆنی خزمەتگوزاریی و چاکسازیی لە پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕۆژنامە وتی: «لیستی خزمەتگوزاریی و چاکسازیی (٤٣) هەزار دەنگی هێناوە، لەو ڕێژەیەش پێویست بوو زیاد لە نوێنەرێکی لە دەڤەرەکە هەبێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ڕێژەی کورسییەکانمان وەک پێویست نەبوو بەهۆی ئەو هەموو ساختەکارییەی ئەنجامدرا بابەتەکە وایلێهات».

### دهۆک بەشێک لە هەولێر؟

بەشێک لە خەڵکی سنوورەکەو بەشێک لە ڕۆشنبیرانو سیاسییەکان هۆکاری خزمەتنەکردنی دهۆک بۆ ئەو هەیکەلە ئیداریی و سیاسیە دەگێڕنەوە کە لەسەردەمی دووئیدارەیی دروستبووەو تائێستا کاریگەریی بەسەر زۆرینەی هاوکێشەکاندا ماوە.

لەسەردەمی دوو ئیدارەییدا دهۆک بەشێک نەبووە لە ململانێکان، تەنیا ئیدارەی هەولێرو سلێمانی هەبووە، ئەمەش ئەو ڕەوشەی دروستکردووە کە دهۆک وەک پێویست خزمەت نەکرێت.

بەیان ئەحمەد بەرواری سەبارەت بە فەرامۆشکردنی دهۆک دەڵێت: «ئەو فەرامۆشکردنە دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی سەردەمی دوو ئیدارەیی، چونکە ئەوکات دهۆک بەشێک بوو لە هەولێر، ئەو فەرامۆشکردنو گرینگینەدانە بەو سنوورە بەشێوەیەکی ڕوون دیارە، ئێمە وەک پەرلەمانتار لەم خولەی پەرلەمان هەستمان بەو ناحەقیانە کردووە، بۆیە هەر لەسەرەتای کارەکانماندا شاندی پەرلەمانتارانی سنوورەکە سەردانی پارێزگارو ئەنجومەنی پارێزگاو زۆرینەی یەکە ئیدارییەکانمان کرد بۆئەوەی بە تەواویی بزانین ئەو ناحەقیو فەرامۆشکردنە لە کوێدایە، بۆئەوەی بتوانین لە ڕێگەی پەرلەمانەوە هەوڵ بۆ چارەسەری کێشەکان بدەین».

ئەو پەرلەمانتارە وتیشی: «داوامانکردووە هەموو ئەو کێشەو گرفتانە بەشێوەی داتاو ئاماری پێویست ئامادەبکرێن بۆئەوەی ئێمە بتوانین پاڵپشتیی قسەکانمان بە داتا بکەین، بۆ نموونە کێشەی زمان کێشەیەکی گەورەیە، دهۆک فەرامۆشکراوە ئەو کێشەیە ماوەتەوە قوتابییانمان ڕێژەی نمرەو دەرچوونیان لە دابەزینو ئاستێکی نزمدایە».

لەم خولەی پەرلەمانو حکومەتدا بە ڕوونی ئەوە دیارە کە هەردوولایان هەست بەوە دەکەن کە لە کابینەی پێشوودا دهۆک وەک پێویست خزمەت نەکراوە، بۆیە لە یەکەمین گەشتیدا سەرۆکی حکومەت پارێزگای دهۆکی هەڵبژاردو گوێبیستی گلەییو کێشەکانی ئەو پارێزگایە بوو.

عەبدولڕەحمان زاخۆیی، پەرلەمانتار لە لیستی گۆڕان لە سنووری پارێزگای دهۆک، باس لەوە دەکات، کە ئەوان بە گوڕوتینەوە هەوڵدەدەن لەم خولەی پەرلەمان سنووری پارێزگای دهۆک ئەو فەرامۆشیە بەخۆیەوە نەبینێت.

عەبدولڕەحمان بۆ ڕۆژنامە وتی: «هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونمانەوە ئێمە گوێبیستی کێشەکانی خەڵک بووین، نووسینگەی پەرلەمان هەیە هەم لە زاخۆ هەم لە دهۆک، لە زاخۆ (٤) ئەندام پەرلەمان کە نوێنەرایەتی ئەوشارە دەکەن بەردەوام سەردانی یەکە ئیدارییەکان دەکەنو گوێبیستی کێشە سەرەکییەکان دەبین بۆئەوەی لە پەرلەمان بتوانین نوێنەرێکی ڕاستەقینەی خەڵک بین، هەروەها ئێمە وەک لیستی گۆڕان لیستێکی زیاد لە (٢٠) خاڵیمان ئامادەکردووە کە هەموو کێشەی خەڵکی سنووری زاخۆیە تەنیا پشتگیریی خەڵک ماوە بۆ ئەوەی ئەو کێشانە کاری باشیان بۆبکرێت».

بەهەمانشێوە ئامینە زکری باس لەو چالاکیانە دەکات کە لە سەرەتای دەستبەکاربوونی خولی سێیەمی پەرلەمانەوە ئەنجامدراون، ئامینە دەڵێت: «ئێمە هەریەکەمان وێڕای ئەوەی کە لە دهۆک دەبێت ئاگاداری کێشەو ژیانی خەڵک بین، دەبێت هەوڵبدەین کە هەموو ئەندامانی سنووری پارێزگاکە لەو لیژنانەی کە کاری تێدا دەکەن گرفتو پڕۆژەی تازە بۆ چارەسەری گرفتەکان بکەنە ئەولەویاتی کارەکانی لیژنەکان بۆئەوەی دهۆک وەک پێویست خزمەت بکرێت».

### نوێنەری دهۆکنو لە دهۆک نیشتەجێ نین

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی دهۆک، ئەوەیە کە لەو (١٢) پەرلەمانتارەی سنووری پارێزگای دهۆک (٤) ئەندامیان دانشتووی هەولێرن، بەڵام وەک نوێنەری ئەو پارێزگایە هەڵبژێردراون، بۆ ئەم بابەتەش بۆچوونی جیاواز هەیە.

ئامینە زکری، ئەندامی لیستی کوردستانی، پێیوایە؛ ئەگەر ئەندام پەرلەمان لەو شوێنە نیشتەجێ بێت کە نوێنەرایەتی دەکات، باشتر ئاگاداری کێشە ڕۆژانەییەکانی خەڵک دەبێت. ئامینە دەڵێت: «ئەگەرچی ئێمە چەند ئەندامێکمان لە هەولێر نیشتەجێن، بەڵام هەموو ڕۆژانی شەممە کۆبوونەوەمان هەیەو یەکتر دەبینینو باس لە کێشەو بابەتە تازەکان دەکەین، بەڵام واباشتربوو ئەو ئەندامانە ماڵیان لە دهۆک بوایە بۆئەوەی باشتر ئاگاداری هەموو ڕووداوە ڕۆژانەییەکانیش بوونایە، ئەگەرچی ڕۆحی هاوکاریی نێوانمان لە ئاستێکی بەرزدایە، هەرشتێک ڕووبدات با پەیوەندیی بە لیژنەکانی ئێمەشەوە نەبێت دەتوانین هاوکاربین تا یەکتر دەبینین».

بەڵام بەیان ئەحمەد وەک تاکە نوێنەری لیستی یەکگرتوو لە دهۆک، کە ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە، دەڵێت: «هەرکاتێک زانیم ئەو بابەتە کێشە دروست دەکاتو وەک پێویست ناتوانم خزمەت بکەم، ماڵ دەگەڕێنمەوە بۆ دهۆک. بەیان وتی: «من ئەوە بە کێشەیەکی گەورە نابینم، ئێمە هەموو شەممان لە نووسینگەی دهۆک کۆبوونەوەمان هەیە، دووشەممە تا چوارشەممە دەبێت لە هەولێر بین لە پەرلەمان، پێنج شەممەو شەممە دەوام نییە، تەنیا یەکشەممە دەمێنێتەوە، هەروەها ئێمە وەک یەکگرتووی ئیسلامیی پلانی سەردانکردنی هەموو ناوچەکانمان هەیە بەشێوەیەکی مەیدانیی».

## چوار پەرلەمانتاری دهۆک لە شارەکەی خۆیان ناژینو لە هەولێر نیشتەجێن

## دەبوایە دهۆک ٢٥ کورسی لە پەرلەمان هەبوایە، بەڵام ١٦ کورسی هەیە



شاری دهۆک

**لەسەردەمی دوو ئیدارەییدا دهۆک بەشێک نەبووە لە ململانێکان، تەنیا ئیدارەی هەولێرو سلێمانی هەبووە، ئەمەش ئەو ڕەوشەی دروستکردووە کە دهۆک وەک پێویست خزمەت نەکرێت**

# بەڕێوەبەرێکی رۆشنبیریی (٩) ملیۆن دیناری حکومەت قەرزدارە

**ئارام نەجیم**

**هەڵەبجە**

بەڕێوەبەری رۆشنبیریی هەڵەبجە بڕی زیاتر لە (٩) ملیۆن دیناری وەک قەرز وەرگرتووە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان/ وەزارەتـی رۆشنبیریی، بە فەرمانی وەزاری ژمارە (١٢٦٣/٣/٢)، کە لە بەرواری (٢٠٠٧/٧/٢١) دەرچووە پاشان بە فەرمانی بەڕێوەبەرێتی گشتیی رۆشنبیریی سلێمانی ژمارە (٣٥٣/٣) کە لە بەرواری (٢٠٠٧/٢/٢٦).

ئیبراهیم هەورامانی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی هەڵەبجە، بە مەبەستی سەفەرکردن بۆ دەرەوەی وڵات ئەم پارەیەی وەرگرتووەو خەرجیکردووە، بەڵام ئەو سەفەرەی ئەنجام نەداوە، بۆیە وەزارەتی رۆشنبیریی بە نووسراوی ژمارە (٤٩٧٧/٣/٢) لە بـەرواری (٢٠٠٧/٧/١٩) ئاگاداریان کردووەتەوە بۆ گەڕانەوەی ئەو پارەیەی کە لە لایەتی، بەڵام چەند ساڵێک بەسەریدا تێپەڕیوەو تائێستا ئەو پارەیە نەگەڕێنراوەتەوە.

فەرمانبەرێکی بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی هەڵەبجە، کە نەیویست نـاوی بهێنرێت بە رۆژنامەی راگەیاند: لە ساڵی (٢٠٠٧) تائێستا چەند جارێک دیوانی چاودێری دارایی سەردانی کردووین، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەو فەرمانەی پێی وەرگرتووەو ئەو فەرمانەی داوای دەکاتەوە نەخراوەتە ناو دۆسییەکەی بەڕێوەبەرەوە چاودێری دارایی پێی نەزانیوە».

ئیبراهیم هەورامانی، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتی رۆشنبیریی هەڵەبجە، نکۆڵی لە وەرگرتنی ئەو پارەیە نەکردو بە رۆژنامەی راگەیاند: «داوام کردووە کە مووچەکەم رابگیرێت لە جیاتی پارەکە، یاخود ئەو بڕە پارەیەم بۆ بکرێت بە قیستو مانگانە بیدەمەوە».

سەبارەت بە هۆکاری ئاشکرانەبوونی ئەو مەسەلەیە لای دیوانی چاودێری دارایی، ئیبراهیم هەورامانی وتی: «ئەوە پەیوەندیی بە ئـێـرەوە نییەو لە دیوانی وەزارەت وەرمگرتووە».

# پزیشکی دادوەریی لە سۆران دەستبەکار نابێت

**ئەحمەد باڵەکی**

**سۆران**

نەخۆشخانەی سۆرانی گشتیی، مـاوەی پێنج ساڵە بەشی پزیشکی دادوەریی بۆ دروستکراوە، بەڵام تائێستا بەهۆی نەبوونی پزیشکی شـارەزاو سـاردکـەری هـۆڵـەکـەیـەوە دەستی بەکارەکانی نەکردووە.

هاوڵاتییانی قەزای سۆران لە کاتی هەر رووداوێـکدا کە گیانلەدەستدانی تێدابێت ناتوانن سـوود لـەو بەشە وەربگرن کە وەک پزیشکی دادوەریی لە نەخۆشخانەی گشتیی قەزاکەیان کراوەتەوە، بۆیە ناچاردەبن بۆ پشکنین، مـردووەکـانـیـان ببەن بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

دکـتـۆر رەفـیـق مـەلا ئـەحـمـەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرێتیی تەندروستیی سـۆران، لەم بارەیەوە بە رۆژنامەی راگەیاند: «بـە راستی ئـەم بەشە لە سـۆران زۆر پێویستە، لە سەردەمی کابینەی چـواردا (٢)ژوورمـــان لەناو بەڕێوەبەرێتیی نەخۆشخانەی سۆران دروسـتـکـردووەو (٢)کارمەندیشمان لەوبارەیەوە خولیان بینیوە، چەندینجار داواشمانکردووە کە دکتۆری شارەزامان لەم بەشە بۆ دابینبکەن، بەڵام تائێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە».

# قایمقامی نوێی هەڵەبجە تەکفیر دەکرێت

**ئارام نەجیم**

**هەڵەبجە**

گـۆران ئـەدهـەم، سـەرۆکـی دەستەی پارێزەرانی دۆسیەی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، دەبێتە قایمقامی هەڵەبجە، لە بەرامبەریشدا لەلایەن ژمارەیەک لە وتاربێژی مزگەوتەکانی هەڵەبجەوە بە کافر ناودەبرێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست رۆژنامە کەوتوون، پاش ئەوەی قایمقامی پێشتری ئەو شارە هەڵهاتو خۆیشاردەوە، وابڕیارە گۆران ئەدهەم سەرۆکی دەستەی پارێزەرانی دۆسیەی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بکرێتە قایمقامی هەڵەبجەو گۆران ئەدهەمیش بەهۆی ئەوەی کاکەییە لەلایەن وتارخوێنانەوە تەکفیر دەکرێت.

عەتا عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری ئەوقافی شارەزوور، بە رۆژنامەی راگەیاند: «تەعلیماتی وەزارەتی ئەوقاف وایە لەگەڵ هیچ وتارێکدا توندوتیژیی نابێت بووترێتو رازینابین هیچ مامۆستایەک تەشهیر بە شەخس بکات، یان خەڵک بانگهێشت بکات بۆ جیاوازی تایفیی».

هەر لەوبارەیەوە کامیلی حاجی عەلی، وەزیـری ئەوقافو کاروباری ئایینی، بە رۆژنـامـەی راگەیاند: ئـەو مامۆستایانە بانگهێشت دەکرێنو کارێکیان لەگەڵ دەکەین بۆئەوەی خزمەتی ئیسلامو دینو دەوڵەتو ئیسلامو وڵاتیش بکەن.

لای خۆیەوە گۆران ئەدهەم ئەو هەواڵەی رەتنەکردەوە، کە دەبێتە قایمقامی هەڵەبجەو سەبارەت بە وتـاری مامۆستایانی ئایینی وتی: «سەردانی یەکێتیی زانایانم کردووەو دانیشتووم لەگەڵیاندا مەوقیفیان زۆر باش بووەو ویستوویانە بەیاننامە دەربکەن خۆم نەمویستووە، ئەوانەش کە لەسەر من قسەیان کردووە دەستێک هانیان دەدات ئەو قسانە بکەن».


گۆران ئەدهەم

هەروەها رۆژی ١٢/٢٧، ئەنجومەنی کاکەییەکانی هەڵەبجە وەک دەربڕینی ناڕەزایی بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کە تیایدا داوا لە رۆشنبیرانو نیشتمانپەروەران دەکەن دژایەتی دابەشکردنو جیاوازی ئاینیی بکەنو داواش دەکەن کاکەییەکان لە هەڵەبجە وەکو هاوڵاتی پلە دوو مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت.

# سلێمانی نائارامیی بەخۆیەوە دەبینێت

**ئەلەند مەحوی**

ماوەیەکە نـاوەنـدی شـارو قـەزاو ناحیەکانی سلێمانی بـە دۆخێکی نائارامدا تێدەپەڕنو رێژەی تەقەکردنو کوشتنو هەڕەشەکردن بەشێوەیەکی ئـاشـکـرا زیـادیـکـردووە، ئـەمـەش هێزەکانی ئاسایشی پارێزگای سلێمانی نـاچـارکـردووە، بەکارهێنانی چەک قەدەغە بکەن.

پـاش ئـەوەی لە (٢٠٠٩/١٢/٤)دا سەردار قادر، کە یەکێکە لە کاندیدەکانی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی عێراق، لە ماڵی کەسێکی نزیکی خۆی لەناوجەرگەی سلێمانیدا، درایە بەر دەستڕێژی گوللەو تائێستاش ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە ئاشکرا نەکراون، لە کاتێکدا ئەو رووداوە چەند رووداوێکی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە.

هەر لەم مانگەدا تەرمی گەنجێک لە هەڵەبجەی شەهید دۆزرایەوەو کچێکیش بە ناوی فرمێسک فایەق لە قەرەداغو لەناو ماڵی خۆیاندا تەقەی لێکراو پیاوێکیش بە ناوی رەئوف زەڕایەنی لەبەردەمماڵەکەی خۆی لە هەڵەبجەی تازە کوژرا، بەبێ ئەوەی ئەنجامدەری ئەم کارانە لەلایەن هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆوە بدۆزرێنەوە، هەروەها (١١) رۆژ لەمەوبەر پێشمەرگەیەک بەناوی یاسین عەبدوڵڵا لە گەڕەکی مامۆستایانی سلێمانی تەقەی لێکرا.

لای خـۆیـەوە بـەڕێـوەبـەرێـتـیـی ئاسایشی پـارێـزگـای سلێمانی بۆ کۆنترۆڵکردنی رەوشەکە، هەڵگرتنی چەکی قەدەغەکردو لە بەیاننامەیەکدا کە کۆپییەکی لای رۆژنامە پارێزراوە، رایگەیاند «لەبەر بەرژەوەندیی گشتیو سەقامگیرکردنی ئاسایش لەناو شاری سلێمانیو دەوروبـــەری، ئـاگـاداری هەموو لایەک دەکەینەوە کە لە رۆژی (٢٠٠٩/١٢/٢٣) بـەدواوە هەڵگرتنی چەک بەهەموو جۆرەکانیەوە قەدەغەیە، تـەنـانـەت ئـەو کـەسـانـەش مۆڵەتی چەکهەڵگرتنیان هەیە بەهەمانشێوە ئەم بڕیارە دەیانگرێتەوە بەدەر لە هێزەکانی ئاسایشی نـاوخـۆ، بەپێچەوانەوە چەکەکەی دەستی بەسەردا دەگیرێتو بەپێی یاسا سزا دەدرێت».

عەمید نەجمەدین قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای سلێمانی، لەبارەی هۆکارەکانی زیادبوونی ئەو جۆرە رووداوانـــەوە بە رۆژنامەی راگەیاند «هێشتا کێشەی عەشایەریی ماوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەکێکی زۆر لەناو خەڵکدا بڵاوەو هەندێکجار بەکاریش دەهێنرێت».

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا خەزنەدارێکی بەڕێوەبەرێتی پۆلیسی سلێمانی لە (١٦)ی ئـەم مانگەوە هەڵهاتووەو هێزەکانی پۆلیسو ئاسایشی ناوخۆش تائێستا دەستگیریان نـەکـردووە، لەکاتێکدا تۆمەتبارکراوە بە بردنی (١٠٠) ملیۆن دیناری بەڕێوەبەرێتییەکەی.

پێشتریش دوو چەکدار لە (١١/٧)دا لـە گـەڕەکـی بـەخـتـیـاری بـەبـۆری هێرشیانکردە سەر فەریق داراو دوای ئەوەی سەری لە چەند لایەکەوە شکێنرا هەڵاتنو بەجێیان هێشت.

لە تازەترین رووداویشدا ئێوارەی رۆژی ١٢/٢٨ لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە لە سلێمانی تەقە لە ماڵی بەختیار شێخ عوسمان کادری دیاری بزوتنەوەی گۆڕان دەکرێت، ناوبراویش بەپیلانێک لە دژی خۆی دەزانێت.

جێگەی ئاماژە پێکردنە بەشێک لەو کەسانەی لەم ماوەیەدا رووبـەڕووی ئەم رووداوانە بوونەتەوە لە لایەنگرانی بزووتنەوەی گـۆڕان بـوون، ئەمەش گومانی لای هاوڵاتیان دروستکردووە، کە بۆچی تائێستا ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانە دەستگیرنەکراون؟

بەشێک لەو کەسانەی کە تا ئێستا تەقەیان لێکراوە پێشمەرگەی دێرین بوون، ئەمەش پێشمەرگە دێرینەکانی ناچارکرد کە لە بەیاننامەیکدا ئاشکرای بکەن کە پیلانێک لەدژیان دانـراوە بۆ ئەوەی تیرۆر بکرێن.

لـەو بەیاننامەیەدا کە کۆپیەکی لای رۆژنامە پـارێـزراوە پێشمەرگە دێرینەکان دەڵێن: هێرش دەکرێتە سەر ئەو پێشمەرگە دێرینانەی لە رابردوودا زۆر لە تەمەنی خۆیان کردە سوتەمی شـۆڕشـی میللەتەکەیانو هـەوڵـی تیرۆرکردنیان دەدرێت.


فۆتۆ: ئەلەند مەحوی

# مەسخەرە یان بڕیار
# حکومەتی هەرێمو گەندەڵیی



سۆران عەبدولقادر

**ناکرێت دەسەڵاتو سیستمێک تا سەراپای لە گەندەڵیدا نغرۆبووبێتو بە ڕێگەی پاداشت گەندەڵییەکان چارەسەربکات**

پاش ئەوەی لەچەند ڕۆژی ڕابردوودا لە ماڵپەڕو ڕاگەیاندنەکانەوە هەواڵی خەڵاتەکانی حکومەتمان بۆ پشتڕاست بووەوە، ئەو خەڵاتەی کە دەدرێت بە هاوڵاتییان بۆ ئاشکراکردنی گەندەڵییەکان. بۆ نموونە لە سایتی ئاوێنە، لە سایتی چاوی خەڵک، لە سەروو هەمووشیانەوە (PUK میدیا، سایتی ناوەندی ڕاگەیاندنەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان) کە ناوەڕۆکی بڕیارەکەی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردووەتەوەو بەپێی ئەو بڕیارە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم چەند ڕێژەو نەختێکی داناوە بۆ خەڵاتەکان.

ڕاستەوخۆ خودی ئەم بڕیارەو بڵاوکردنەوەی لەکەناڵەکانەوەو تەنانەت جێبەجێکردنیشی مەسخەرەیەکە بە خەڵکی کوردستان دەکرێتو جۆرێکی زۆر مۆدێرنو پیشەوەرانەی فێڵکردنو خۆڵکردنە چاوی خەڵکی کوردستانە لەلایەن دەسەڵاتە دۆگماکاندا، بەڵام پرسیار لەوەدایە «ئایا حکومەتی هەرێم بۆ ئەم کارە دەکات؟ بۆ بەمجۆرە مامەڵە لەگەڵ دیاردەیەکی ترسناکی وەک گەندەڵیی دەکات؟ ئایا هاوڵاتی بەڕێز پێتوایە ئەم کارە هەروا سادە کرابێتو بڕیاری لێدەربچێت؟» بێگومانو زۆر بە سادەیی نەخێر!، بەڵکو چەند هۆکارێکی ئاشکراو نائاشکرا لەپشت دەرکردنی بڕیارەکەوەیە، کە کەمێک شاراوەیەو بە ئەرکێکی پیشەیی خۆمی دەزانم لێرەدا هەندێک لەو هۆکارانە ڕوونبکەمەوە:

١. بەپێی ئەوزانیاریانەی لەسەر ئیدارەی حکومەتی هەرێم هەن لەلای ڕێکخراوە جیهانییەکان بۆ بەرەنگاریی گەندەڵیی نێودەوڵەتی، هاندەرن بۆئەوەی لەسەر ئاستی جیهانیی لێپرسینەوە لەم ئیدارەیە بکرێت، نموونەی ئەو ڕێکخراوانەش، (ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتیی Transparency International)ە، کە بەپێی دیاردەکانی هەرێمی کوردستان زۆر بەئاسانیی دەتوانێت سەرچاوەو ئەگەرو هۆکارەکانی گەندەڵیی دیاریبکاتو چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەمە خاڵێکی گرنگیشە بۆ لایەنە ئۆپۆزسیۆنەکان ئەگەر دەیانەوێت کار لەسەر مەلەفی گەندەڵیی بکەن.

٢. هەڵبژاردن نزیکەو پێویستە بە کۆمەڵێک هەنگاوی بریقەدارەوە دەسەڵات خۆی نمایش بکاتەوە، ئەمە یەکەم جاری نییەو چەندینجار ئەم ڕەفتارو فێڵانەمان لە دەسەڵاتی ناشەفافی کوردی بینیوە.

٣. هەر خودی بڕیارەکە دەرفەتێکی یاسایی دەداتە کاری گەندەڵییو بەهۆی ئەم بڕیارەوە حکومەتو دامەزراوەکانی دەتوانن چەند کەسێکو چەند بڕە پارەیەکی دیکە لە داهاتی حکومەت بۆ دەرخستنی گەندەڵیی تەرخان بکەنو جارێکی دیکە کەس نەزانێت چۆن ئەو بودجانەش خەرج دەکەن.

٤. یەکێک لەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی دەسەڵاتی هەرێم بووەتەوە لەپاش فەزیحەتەکانی نەوتەوەو بە ئاشکراو بە ڕەسمیی لەلایەن دەوڵەتو پارتە دۆستەکانی دنیاوە بەم ئیدارەیە دەوترێت، ئەوەیە: «بۆ حکومەتی هەرێم هەڵناسێت بە هەنگاونان بۆ چارەسەری گەندەڵیی، خۆ ئاشکرا بە بەرچاوانەوە دیارە دیاردەی گەندەڵیی تەواوی جەستەی کۆمەڵگەی کوردی تەنیوە؟» لێرەدا حکومەت دێتو بەمجۆرە بڕیارانە شانی خۆی لە گوناهەکان خاڵی دەکاتەوە.

٥. حکومەتی هەرێم بەو بڕیارە دەیەوێت هەموو ئەو گەندەڵیانە پەردەپۆش بکات کە دەتوانێت قاڵبێکی یاسایی بۆ دیزەبەدەرخۆنەکردنیان بدۆزێتەوەو ئەوە پیشانبدات کە حکومەتێکی شەفافەو تەنیا چەند گەندەڵییەک هەیەو چارەسەریان دەکات، ئەوەکانی دیکە تەنیا پروپاگەندن.

٦. دەیەوێت بڵێت تەنیا دزی پارە گەندەڵییە لەگەڵ ئەو دۆکیومێنتانەی خراپ بەکارهێنانی پارە دەردەخەن، بەڵام نایەوێت خەڵک بە واتا بنەڕەتییەکە مامەڵە لەگەڵ گەندەڵیدا بکات، کە بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتو بەگەڕخستنی بەرژەوەندیی گشتیی بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی، ئەوبەرژەوەندییە تایبەتییە حیزب بێت یان تاکەکەس یان تاقمو خێڵو گرۆ.

٧. دەیەوێت لە ڕێگەی تۆمارەوە پیشانی ڕای گشتییو خەڵکی بدات کە حکومەتی هەرێم دەیەوێت بەرەنگاری گەندەڵکاریی ببێتەوە.

٨. دەیەوێت بەم بڕیارە قاڵبێک بۆ ڕۆژنامەی ئازاد دابنێت، کە ئیدی کەس قسە لەسەر گەندەڵیی نەکات، ئەگەر بەڵگەی هەیە بیهێنێتە وەزارەتەکەمانو ئێمەش پاداشتی دەکەین.

٩. یەکێکی دیکە لەو ڕێگەیانەی کە دەسەڵات دەیەوێت بیگرێتەبەر، کەشفکردنی ئەو سەرچاوانەی دۆکیومێنتیان لەسەر گەندەڵیی کۆکردووەتەوەو پشان بە ڕێگەی ناشەرعیی سەرکوتیان بکات.

گەندەڵیی لە کوردستاندا دیاردەیەکی سیاسی ئابووریی کۆمەڵایەتی ئاشکرایە، کە بەهەموو جۆرەکانیەوە: گەندەڵیی سیاسی، گەندەڵیی ئابووریی، گەندەڵی ئیداریی، گەندەڵیی ئەخلاقیو گەندەڵیی کۆمەڵایەتی پیادەدەکرێتو بەهەموو شێوەیەک دەسەڵاتی سیاسی بەکاردێت بۆ بەرژەوەندیی تاکەکەس، بۆ بۆنەو خۆشگوزەرانییەکانی هەردوو بنەماڵەی حوکمڕانو پاشان حیزبی حوکمڕانو پاشان کوتلەو باڵە حکومڕانترەکان لە هەرێمی کوردستاندا. لێرەوە دێینە سەر ناوەڕۆکی مەسەلەکانو دەڵێین: با بڕوانینە سادەترین شێوەی گەندەڵیی لە هەرێمی کوردستانداو بیکەینە مشتێک بۆ خەرمانێک. لەسلێمانی پەیوەندیی خزمایەتیی کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لە حکومکردنی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانیداو خێزانی سەرۆک کۆمارو سکرتێری گشتیی ڕاستەوخۆ حوکمی ئۆرگانێکی حیزبیی دەکات، کە دەسەڵاتی بەسەر حکومەتەکەدا هەیە، بەمەرجێک نە لە ئاستی مەکتەبی سیاسیی نە لە ئاستی سەرکردایەتیدا نییەو حیزبێک لەناو خۆیدا یاساکانی خۆی پێشێل بکاتو یەکێک لە ڕێگەکانی گەندەڵیی بگرێتە بەر، دەبێت بەرامبەر حوکمو میللەت چی بکاتو ئەو کاریگەریانەی لەسەر کابینەکانی حکومەت دایناوە چۆن کاریگەرییەک بووبن؟ پاشان با بچینە هەولێر، هێشتا سەرۆکی پێشووی حکومەت حکومەتەکەی بەجێنەهێشتووەو تەنیا بە ڕووکەش تەسلیمی دکتۆر بەرهەم ساڵح کراوە، چونکە (٥٠٪)ی پۆستە حەساسەکان لەسەر داوای پارتی دیموکراتی کوردستان تەسلیم بە یەکێتیی نیشتمانیی نەکراونو سەرۆک وەزیرانی نوێش هیچ دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نییە! هەر بۆ نموونە مافی نەبوو بە تەنیا کابینەکەی پێکبهێنێت، پاشان لە ڕووی سیمبولیشەوە تاکە پەرلەمانو تاکە شوێنین لە دنیادا دوو سەرۆک وەزیرانمان هەبێت بۆ هەمان مەبەست، هەر لەمبارەیەوە بە تەنیا لەبەردەم پەرلەماندا سوێندی نەخواردو لەگەڵ هاوتاکەیدا لە پارتی بەرامبەر هاتە سوێندخواردنو دواتریش ناچارکرا بە هێشتنەوەی خراپترین وەزیرەکانی حکومەتی پێشوو، هەروەها مانەوەی (د.نوری عوسمان) لەسەر کارەکەی خۆی، کە هیچ بڕیارو پڕۆژەو پێشنیازێک بەبێ ئەم ناگاتە سەرۆک وەزیران. ئەمانە دوو بەڵگەی ئاشکرای گەندەڵکارین لەسەر بنەمای نیپۆتیزمو کرۆنیزم.

نیپۆتیزمو کرۆنیزم تەنیا دووانن لە پێوەرەکانی گەندەڵیی، من خودی خۆمو پێشتریش لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی کەناڵی ئاسمانی KNNەوە باسم لە (٣٥) پێوەری گەندەڵیی کردووە، کە هەموویان لە کوردستاندا هەنو هیچ وڵاتێکی دنیا نییە هەر (٣٥) پێوەرەکەی بەسەردا پێوانەبکرێتو بچەسپێت، جگە لە کوردستان، بۆیە کاتێک باس لە گەندەڵیی دەکرێتو بڕیارێکی لەوجۆرە لەلایەن حکومەتەوە دەردەچێت، بۆ من وەک کەسێک کە کارم لەوبوارەدا کردووە، وەک مەسخەرە وایە، گەندەڵیی تاوانکارێکی قاچاغ نییە بەدوای بکەوینو خەڵکی لەسەر خەڵات بکەین، گەندەڵیی ئۆسامە بن لادن یان عیزەت دووری نییە بە خەڵک بڵێین عینوانەکەیمان بەنێ خەڵاتتان دەکەین، گەندەڵیی لە سیستم دەداتو سیستم تووشی گەندەڵیی دەبێتەوە، ئەگەر گەندەڵیی لەسەر ئاستی تاکەکەسی بکرێت، ئەوا دەبێتە تاوانو بە تۆمەتەکانی دزی یان (خیانەتو ئەمانە) یان سەرپێچی یاسایی دەتوانرێت حوکم بدرێتو چارەسەربکرێت، گەندەڵیی دیاردەیەکە لەسەرەوە بۆخوارەوە، دەرهاویشتەی حوکمڕانی تۆتالیتاریە، دەرهاویشتەی حوکمڕانییەکە کە جگە لە خۆی کەسی دیکەی قبووڵ نییە، گەندەڵیی لە کوردستاندا گەندەڵیی سیستمێکی تۆتالیتاری خوێنڕێژە لەژێر ناونیشانی دیموکراسیدا، واتە ئەو سیستمەی بنەماکانی تۆتالیتارییەتیان تێدا بەدیدەکرێتو بە عینوان دیموکراسین، بێگومان گەندەڵکارییان تێدا دروست دەبێت بەوشێوەیەی لە کوردستاندا هەمانە. داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم لەم لاپەڕەیەدا ناتوانین هەموو نموونەکان بخەینەڕوو، بەڵام گەندەڵیی لە کوردستاندا ڕوونو ئاشکرایەو بەدیارچاوی هەموو خەڵکەوە ڕوودەدات، دیاردەیەکە پێویستی بە بەڵگەهێنانەوە نییەو بێشەرمانە دەکرێت.

مرۆڤ دەتوانێت بچێت لەو گوناهلێکراوانە بپرسێت کە لە بەندیخانەکاندا لەسەر لەشفرۆشی گیراون، بزانن بڕی ئەو پارەیەی بەرپرسەکان لەبەرامبەر شەوە سوورەکانیاندا خەرجی دەکەن چەندە؟ مرۆڤ دەتوانێت بەراوردی سیستمی مووچەو باج بکات بزانێت ڕێژەی کەلەبەرو نابەرابەری چەندە؟ مرۆڤ دەتوانێت سەیری بازگەکانی گومرک بکاتو بزانێت چی پیا تێدەپەڕێتو چۆن لێپرسینەوە دەکرێت؟ بزانێت چاوپۆشی بۆ کێ هەیەو بۆ کێ نییە؟ ئەمانە بێزاریی ڕۆژانەی هەموو خەڵکن، تەنانەت ئەوانەی گەندەڵییش دەکەن، چونکە بێگومان ئەوەی لە ئاستێکی نزمدا گەندەڵیی دەکات، لە ئاستێکی بەرزتر گەندەڵیی بەرامبەر دەکرێتو بەهۆیەوە تووشی چەوساندنەوە دەبێت، کە بەمەیان دەوترێت چەوسانەوەی ئاستە جیاوازەکانی گەندەڵکاریی Implicit output of persecution between different levels of corruption.

لێرەدا با پرسیارەکانمان دیاریکراوترو سادەتر بکەینو ئاراستەی خۆمانو هەموو خەڵکی بکەین، پرسیارەکانیشمان بۆ وەزارەتی داراییە! کاکی وەزیرو دەستەی بڕیاردەری وەزارەتی حکومەتی هەرێمی خۆشەویست، کێ هەیە بچێتە بازارەکانی کوردستانو شتێک بکڕێتو داوای وەسڵی بەتاڵ بکاتو خاوەن دوکانەکە بڵێت نایدەم؟ سیستمی شتکڕین بە لیژنە (١٥) ساڵیشە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا نەماوە، لیژنەکانی کڕینی هەرێم باشترین هۆکارن بۆ گەندەڵیی داراییو تائێستا واقی حکومەت وڕماوە لە چارەسەرکردنیان، کامە چاپخانە هەیە کلێشەی وەسڵی دەستکرد نەتوانێت چاپ بکات؟ لەبری ئەو خەڵاتانە زۆر ڕێگە هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانرێت چارەسەری بەشێکی گەورەی گەندەڵیی بکرێت، لێپرسینەوەی نیشتمانیی لە داهاتی تاکەکەس هەیە؟ لێپرسینەوەی نیشتمانیی لە داهاتی کەرتی تایبەت هەیە؟ لێپرسینەوەی نیشتمانیی لە داهاتی کەرتی مەدەنیی هەیە؟ بێگومان ئەمانە هیچیان نین! لێپرسینەوەی نیشتمانیی لە کەرتی گشتیی ئەگەر هەشبێت زۆر لاوازەو بە تەنیاش بۆ کارمەندەکانی خوارەوەیە! لێپرسینەوەی نیشتمانیی لە حیزبە باڵادەستەکانو سیستمی نەسریەو...تاد، نەک نییە، بەڵکو قەدەغەشە. پێم ناڵێن خەڵاتی چیو هی کێ دەکەن؟ دواجار لە ڕووی لۆجیکی سیاسییەوە، ناکرێت دەسەڵاتو سیستمێک تا سەراپای لە گەندەڵیدا نغرۆبووبێتو بە ڕێگەی پاداشت گەندەڵییەکان چارەسەربکات، تائێستا وەزارەتەکەتان نازانێت داهاتی سەرۆکەکەی لە مانگێکدا چەندە؟ ئیتر خەڵاتی کێ دەکەن؟ تائێستا ئەوە زیاتر لە دە ساڵە ئێمە مامەڵە لەگەڵ ڕۆژنامە سەربەخۆکاندا دەکەین، کەسێک نابینین توانای هەبێت دەستی بگاتە بەڵگە داراییەکان، ئەوەی دەستیشمان دەکەوێت بەوپەڕی نهێنییەوە کاری تێدا دەکەینو ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی مەترسیی دەبینەوە. پێم ناڵێن خەڵات دەدەن بەکێ؟ بۆیە ئەمەی وەک بڕیار دەیبینین مەسخەرەیەکی زۆر ناشرینەو ئەوەندەی تر ئاماژەمان دەداتێ کە گۆڕانکارییەکان لەناو دەسەڵاتدا ناکرێتو بەناچاریی دەبێت گۆڕانکارییەکان لەدەرەوە بکرێنو پێویستیشە هاوڵاتی ژیرو هۆشیار بەرەوڕووی ئەم داواکارییەوە نەچێت، هەتا سیستمێکی لێپرسینەوەی نیشتمانیی بێلایەن نەبێتو ڕۆڵی دادگاکان چالاکو بێلایەن نەکرێتو دیموکراسییەتو سیستمی سیاسی لە کوردستاندا چاک نەکرێتەوە.

# ڕۆژی
# (بەڵێنە گەورەکە)



عەبدوللا ڕێشاوی

**«ئەگەر هەژاریی پیاوێک بووایە دەمکوشت» عەلی کوڕی ئەبوتالیب**

بەدڵنیاییەوە دەڵێم، باوەڕناکەم هیچ سیستمێک لە کوردستاندا بەقەدەر سیستمی مووچە نامرۆییو ئابڕووبەرانە بەڕێوەچووبێت، بە ئاستێک کە دەتوانین بڵێین لە کوردستاندا شتێک نییە بەناوی سیستمی مووچە، بەڵکو شتێکی دیکە هەیە بەناوی (فەوزاو پاشاگەردانیی مووچە).

جا ئەگەر ئێستا نەخشەیەک لە مووچەی مووچەخۆرەکانی کوردستان بخەینە بەرچاوی خوێنەر، بێگومان نەخشەیەکی تەواو ناتەریبو نادادپەروەرانەو ناشرین دەبینین، بەشێوەیەک گومان دەکەین ئەو مووچانە مووچەی هەمان ئەو کەسانە بن کە لە یەک وڵاتو لە یەک بارودۆخی ئابووریدا بژین یاخود هاوڵاتییانی هەمان حکومەت بنو یەک یاسا ژیانیان بەڕێوەبەرێت.

ئەوە بەسە کە بە تەنیا سەرنج بدەین خانەنشینێکی پێشمەرگە (٣٧) هەزار دینار وەردەگرێتو پەرلەمانتارێکیش، کە تەنیا بە چوارساڵ خانەنشین بووە نزیکەی (٦) ملیۆن وەردەگرێت!

کێشەی سیستمی مووچە لە کوردستاندا کێشەیەکی هێندە گەورەو مەترسیدارە، کە دەبوو زۆر بەر لە ئێستاو زیاتر لە هەر کێشەیەکی دی قسەی لەسەر بکرایە، چونکە بێگومان ناڕێکوپێکیو پاشاگەردانیی مووچە هۆکاری زۆرێک لە کێشەو گرفتەکانی دیکەی ئەم هەرێمەیە،

بەڵام دیارە قسەنەکردنو هەڵوێست وەرنەگرتن لەسەر ئەم نادادییە فاحیشەی کوردستان پەیوەندیی بەوەوە هەبوو کە زۆرێک لەوانەی بەرپرسیاربوون لە دەستبردن بۆیو چارەسەرکردنو تەقەلێکردنی، خۆیان بەشێوەیەک لە شێوەکان سوودمەندبوون لەو بارودۆخە، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕێکەوتنی بۆرژوایانە لە دژی چینەکانی خوارەوەی گەل.

من نازانم دەبێت جیاوازیی ئیشی مامۆستایەک لەگەڵ پەرلەمانتارێک چی بێت تا جیاوازیی نێوان مووچەکانیان هێندە بەرین بێت؟!، یان دەبێت بۆچی مووچەی پیاوانی شارەوانی، کە شار پاکوخاوێن دەکەنەوە هێندە کەموکورتو بێ پیت بێت! بۆچی دەبێت خزمەتگوزارێکی شارەوانی لەگەڵ وەزیرێک مووچەکەیان بەمشێوەیە جیاواز بێت! باشە پیاوەکانی شارەوانی ماندوو نابن؟ کارەکەیان گرنگ نییە؟

لە هەڵبژاردنی (٢٥)ی تەمموزدا بابەتی مووچە وەک بەشێک لە نادادیی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا بوویە تەوەرێکی سەرنجڕاکێش لە بانگەشەی هەڵبژاردنەکان، لیستی گۆڕانیش وەک لایەنێکی هەڵبژاردنەکە ئەم بابەتەی وورووژاندو (کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان مووچەکان)ی کردە بەڵێنی هەڵبژاردنو پێشموایە ئەم خاڵە ڕەونەقێکی گەورەی بەخشیە بانگەشەی ئەو لیستەو هەرئەوەش بوو جەماوەرێکی زۆری لە دەوری گردەکە گردکردەوە.

ئەوکات من بەڵێنی سەرۆکی لیستەکە، نەوشیروان مستەفام بۆ (کەمکردنەوەی جیاوازیی نێوان مووچەکان) ناو نابوو (بەڵێنە گەورەکە)و ڕاشمگەیاند ئەگەر لیستی گۆڕان بە تەنیا ئەم بەڵێنە جێبەجێ بکات، ئەوا گەورەترین خزمەت بە کوردستانو ئایندەی ئەم هەرێمەو ژیانی خەڵکەکەی دەکات.


ئێستاش کە فراکسیۆنەکەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان پڕۆژەیاسای ڕێکخستنەوەی مووچە پێشکەش دەکات جێگەی دڵخۆشییەو دەستکردنە بە جێبەجێکردنی (بەڵێنە گەورەکە)، بۆیە پێویستە فراکسیۆنەکە بە جدیی بە دوای پڕۆژەیاساکەیدا بڕواتو ئیشی بەردەوام بۆ جێبەجێبوونی بکات.

پێویستە فراکسیۆنەکە ڕادیکالانە ئیش لە ڕێکخستنەوەی مووچەدا بکات، نەک سەربانانە، شۆڕشگێڕانە ئیش لەسەر ئەو بابەتە هەستیارە بکات، نەک بۆرجوازانە، لێبڕاوانە نەک موەزەفانە، کە ئەم بابەتە ئێستا بووەتە بەشێک لە ویژدانی خەڵکو لەمە زیاتر بەردەوامبوونی مەرگی ویژدانییو درزی بونیادیی لە جەستەی نەتەوەکەدا دروست دەکات.

لەسەر هەموو لایەکیش پێویستە- لە ئاستە جەماوەرییو حیزبییو ڕێکخراوەییەکان-و فراکسیۆنەکانی دیکەی پەرلەمان بەتایبەت هەردوو فراکسیۆنی یەکگرتوو و کۆمەڵ پشتگیریی هەنگاوەکە بکەنو بە حەماسەتەوە داوای سەرخستنی پڕۆژەیاسای ڕێکخستنەوەی مووچە لە کوردستاندا بکەن.

reshawyaxt@yahoo.com

# کێ کوێرایی داهاتووە؟ خەڵک یان دەسەڵات؟



خالید ڕەزا

خەڵکی کوردستان بۆ بەدەستهێنانی ئازادیی درێغییان لەهیچ شتێک نەکردووە، گیان کە شیرینترین شتێکە بۆ مرۆڤ، بەوپەڕی لەخۆبردوییەوە بە نیشتمانەکەی خۆیانیان بەخشیوە.

کورد لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٩٢)وە بووە بەخاوەنی دەسەڵاتی خۆماڵی، لێرەدا نامەوێت قسە لەسەر هەورازونشێوەکانی دەسەڵاتی کوردی لە پێش ڕوخانی حیزبی بەعسی عەفلەقی بکەم، بەڵام ناکرێتو ناشێت بەکورتی باس لەو قۆناغەمێژوییەی دوای ڕوخانی بەعسو دروستکردنەوەی حکومەتی عێراق نەکەم لەسەردەستی کورد خۆی! ئەو حەماسو سووربوونەی سەرانی کـورد بۆ دروستکردنەوەی حکومەتی عـێـراق کە نە سوپا، نە دامـودەزگـای سەرکوتکەر، نە پۆلیس نە هێزی ئاسمانی مابوو بەپێداگرییەکی کەم وێنەوە، بێوێنەتر لە دامەزراندنی حکومەتی یەکگرتووی کوردی، بە هەموو قورسایی خۆیەوە بوونە کۆتری ئاشتی بۆ پێکهێنانەوەی عەرەبی شیعەو سوننە بۆ دروستکردنەوەی عێراقی عـەرەبـی!، بـەڵام لەناوخۆی خۆماندا نەک هەر نەیانتوانی ناوماڵی کورد ڕێکوپێک بکەن، بەڵکو بوونە مایەی فیتنەو تائێستاش نەیانتوانیوە حکومەتێکی یەکگرتووی فیعلیی دروسـت بکەن، ئەم سووربوونە بۆ دروستکردنەوەی عێراقو ئەم کەمتەرخەمیو پشتێنشلییەی سەرانی کورد بۆ ڕێکخستنەوەی ناوماڵی کورد هۆشمان بۆ ئەوە دەبات کە ئەوان عێراقیان بۆ وەدەستخستنی ئیمتیازی حیزبیو شەخسی دروستکردەوە نەک بۆ زامنکردنی مافە نەتەوەییەکانمان.

کـێ دەڵـێـت وا نییە؟ دەتـوانـێـت بەراوردێکی سەرپێیی لە بەینی ئیمتیازە حیزبیو شەخسییەکانی هەردوو حیزب، هــەردوو ســەرۆک، سـەرکـردایـەتـیو بنکردایەتی ئـەو دوو حیزبەو پرسە نیشتمانییەکان هەر لەدیاریکردنی سنووری کوردستان، مادەی سەدوچل، مەسەلەی سەرچاوەسروشتییەکان، مەسەلەی هێزی پاسەوانی سنوور، دانانی نوێنەرانی هەرێم لە سەفارەتەکانی عێراق، تا دەگاتە سەر بەکارهێنانی زمانی کوردی بکات تا بزانین چییانکردوە!

خەڵکی کوردستان نابینا نین، خەڵکی کوردستان چاوەکانیان وەک چاوی هەڵۆو بازەکانی کوردستان تیژە، بەچاوی خۆیان جگەلەفەرامۆشکردنی پرسە نیشتمانییەکان، هەموو ئەو دزیو گەندەڵیو ناحەقیو نا دادپەروەرییە دەبینن کە ڕۆژانـە بە بەرچاویانەوە ڕوو دەدەن! ئەوە دەسەڵاتی کوردییە، ئەوە حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردسستانن کە کوێراییان داهاتووەو ئەو هەموو پیسوپۆخڵییەی خۆیان نابینن!

کاتێک خەڵکی کەلار لە (٢٠٠٥/٩/٧) بەسەرپەرشتی کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی کـەلار- ڕزگـاری، بۆ نارەزایی دەربرین لەدەس کەمیی کارەباو گەندەڵیی ئیداریی ناوچەکە ڕێپێوانێکی هێمنانەیان ڕێکخست، بـەداخـەوە دەسـەڵاتـی ناوچەکە لەباتی گوێگرتن بۆ داواکانیان بە بیانووی نەبوونی ئیجازەو بە تۆمەتی گێرەشێوێنی بە تەقەو دەستڕێژی گولله وەڵامـی جەماوەریان دایەوە، دەسەڵات ئەو هەزاران خەڵکەیانکرد بە تابووری پێنج! من لە دەسەڵات دەپرسم، ئایا دوای زیاتر لە چوار ساڵ لە نارەزایەتی خەڵکی کەلار کارەبای شارەکەیان باشتر بـووە؟ یان خراپتر؟ ئایا ئەوانەی کە لە گەندەڵییەوە گـلاون بـەر لێپرسینەوە کـەوتـوون؟ دراون بە دادگا؟ یان پلەو پایەو دەسەڵاتەکانیان بەسەر خەڵکی ڕەشـوڕووتـی کـەلارو ناوچەکەدا زیاتر بووە؟ بەداخەوە خەڵکی کەلارو ناوچەی گەرمیان بۆ موزایەدەی سیاسیو وەک قوربانییەکی دەستی ڕژێمی بەعس، بووەتە بنێشتە خۆشەی سەر زمانی حیزبی حاکم! خەڵکە سەبەرزەکەی گەرمیان شایەنی بەزەییو کڕوزانەوە نین تا بۆ موزایەدەی سیاسی بەکاریانبهێنن!، بەڵکو ئەوان وەک هاوڵاتیی کوردستانی مافی خۆیانە خزمەت بکرێن، مافی خۆیانە ژیانێکی سەربەرزانە کە شایستەی گەورەیی خۆیان بێت بۆیان دابینبکرێت. خەڵکی کەلارو گەرمیان چاویان وەک چاوی بازەکانی دەشتو هەردەکانی گەرمیان تیژەو باش بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەبینن، ئـەوان بەچاوی خۆیان پشتگوێخستنی شارو ناوچەکەیان دەبینن، ئێمەش لە شاشەی تیڤییەکانەوە کەلارو ناوچەی گەرمیان دەبینین کە بەس لەشار ناچێت! گەلۆ دەسەڵات موزمەعیلەو هیچ نابینێت! یان خەڵکی ئەم دەڤەرە؟

هـەڵـەبـجـەی شـەهیدیش یەکێکی تر بـوو لـەوشـارە پـەراوێـزخـراوانـە کە خەڵکەکەی لەپای خراپیی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکاندا، ڕێپێوانێکی هێمنانەو مەدەنییانەیان ڕێکخست، خەڵکی هەڵەبجە هێندە بێزاربوون لە دەسەڵات کە داخی خۆیان بە سوتاندنی سیمبولی شارەکەیان، (مۆنۆمێنتی هەڵەبجە) ڕشت! دەسەڵات وەڵامی هەڵەبجەییەکانیشی بەدەستڕێژی گولله دایــەوە! حیزبو دەســەڵات وەک پیشەی هەمیشەییان لەباتی گوێگرتن بۆ داوارەواکانی خەڵک، تۆمەتی نارەوایان خستە پاڵ هەڵەبجەییەکانو لە تابوری پێنجیان تێپەڕاندو کردیانن بە خائینو دەستی دەوڵەتانی دراوسێ! من دەپرسم لە ڕۆژی ئەو ڕێپێوانە هێمنانەی خەڵکی هەڵەبجەوە کە خەڵتانی خوێنکرا، ئەگەر بەراوردێک بکەین تەنها بۆ ڕەوشی کارەبا، ئایا ئەوسا باشتر بوو یان ئێستا؟ خەڵک نابینایە یان دەسەڵات کوێرایی داهاتووەوو ئەو هەموو کەموکورییەی شارەکە نابینێت! چیتر هەڵەبجە پێویستی بە ڕشتنی فرمێسکی تیمساحییانەی دەسەڵاتی کوردیی نییە، هەڵەبجە چیتر نابێت ببێت بە نێچیری دەمی گورگەکانی دەسەڵات، هەڵەبجە پێویستە بکرێتەوە بە شارو بە قەدەر گەورەیی خۆی خزمەتگوزاریی پێشکەش بکرێت، دەسەڵات نابێت کوێربێتو ئەو هەموو موعاناتو پەراوێزخستنەی هەڵەبجەو هەڵەبجەییەکان نەبینێت.

خەڵک ڕابـووەو بەچاوێکی کراوەوە داوای مافە ڕەواکانی خۆی لەدەسەڵاتی کوردی دەکات، ئەو زەمانە بەسەرچوو کە یاری بە چارەنووسو ژیانی خەڵک بکرێت.

ناحیەی پیرەمەگروون دوای پێنج ساڵ بۆ دەربڕینی نارەزاییو دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانیان، ڕۆژی (٢٠٠٩/١٢/٢٣) بەشێوەیەکی هێمنانەو بەبێ چەک جادەی نێوان (دوکان- سلێمانی)یان داخست تا سەرنجی دەسەڵاتی کوردی بۆ ئاوڕلێدانەوە ڕاکێشن.

خەڵکی پیرەمەگروونیش هەمان داخوازی پێنج ساڵ لەمەوبەری گەرمیانو هەڵەبجەیان هەبوو، وەک پیشەی خۆیان ئەمجارەش هێزە ئازاکانی دەسەڵات بە دەستڕێژی گولله پێشوازییان لە داواکانی خەڵک کرد، بەڵام تۆمەتی ئەمان لەچاوی دەسەڵاتەوە، ئەم جارەیان شتێکی ترە! پیرەمەگروونییەکان نە وەک کەلارییەکان تاپوری پێنجن، نەوەک هەڵەبجەییەکانیش دەستیان لەگەڵ شەیتان تێکەڵاو کردووەو خائین بن! ئەمجارە باڵۆرەکەی دەسەڵات شتێکی ترەو تۆمەتەکانی دەسەڵات ڕوو لە ئۆپۆزسیۆنە! ئەم نەفەسو مەنتیقی تۆمەت بەخشینەوەیە، هەمان عەقڵو مەنتیقی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکانە! ئاخر ئەمانیش وەک دیکتاتۆرەکان کوێرن ناعەدالەتیو خەڵکە پەراوێزخراوەکان نابینن.

بـەلای منەوە جوانترینو ساکارو پڕماناترین وەڵام بۆ دەســەڵات، وەڵامی ئەو هاوڵاتییەی پیرەمەگروون بوو کە لە کەناڵی (KNN) بینیم وتی: (من داوای ئاوی خواردنەوە دەکەم، داوای چاککردنی ئـاوەڕۆی بەردوکانەکەمو دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان دەکەم، ئەمە چ پێویستی بەوە هەیە خەڵکێک بێتو من هانبدات!!)


دەسـەڵاتـی کــوردی کاتێک هێز بۆ سەرکوتکردنی هاوڵاتییەکانی خۆی دەنێرێتو فەرمانی تەقەکردن بە هێزەکانی دەدات، نابێت چـاوەڕێـی ئەوەبێت کە خەڵک گوڵبارانیان بکات! خەڵک کە سەرکوتکردنی لە دەسەڵاتی بەعس قبوڵ نەکرد، چۆن لە دەسەڵاتی خۆماڵی قبوڵ دەکات کە بەخوێنی ئەوان هاتونەتە سەر کورسیی دەسەڵات! کاتێک خەڵکی بێچەک بە موسەلەحەو مەترەلۆزەوە پەلامار بدرێت، نابێت چاوەڕێی ئەوەبن خەڵک وەک مریشکی سەربڕاو لەبەردەمیاندا بکەون! دەبێت چاوەڕێی ئـەوەش بکات کە خـەڵک ترۆمبێلەکانیان بسوتێنن! هەڵبەتە هەرکەسێک دەست بۆ سوتاندنو تێکدانی شوێنەگشتییەکان، داودەزگـا خزمەتگوزاریو فێرکارییەکان ببات ئەوە جورێکە لە تـاوان، چونکە ئەو شوێنانە موڵکی گشتین.

ئۆپۆزسیۆن، لە پێشی پێشەوەشیان بـزووتـنـەوەی گـۆڕان نابێت لـەو قسە ناماقوڵانەی دەسەڵات بسڵەمێتەوەو دەبێت پێشرەوایەتی نارەزایەتیو داوا ڕەواکانی کۆمەڵانی خەڵک بکاتو خەباتی پەرلەمانی بە خەباتی جادەوە گرێبداتو هەموو ڕێگە مەدەنیو دیموکراتییەکان تا پەنابردنیش بۆ (ئیعتیسام)ی مەدەنی بگرێتەبەر لەبەرامبەر ئـەو هەموو ناهەقیو ناعەدالەتییەی دەسەڵاتدا، لەبەرامبەر ئەو پەرەسەندنە ترسناکەی کـردەوە تیرۆریستییەکان لەبەرامبەر ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەنووسانو چالاکوانانی سیاسی کە لە کەرکوکەوە بە تیرۆرکردنی سۆرانی مامە حەمە دەستی پێکردووەو تا هەنوکە بە بریندارکردنی پێشمەرگەی دێرینی دووجـار برینداری یەکێتی کاک(یاسین عەبدوڵا ساڵح) کۆتایی هاتووە کە بە بڕوای من، ئەگەر بەتوندیی بەگژ ئەم کردە تیرۆریستییانەدا نەچینەوە، درێـژەیـان دەبێتو بەمەش دەسەڵاتی کوردی هەم بەرپرسیاری یەکەم دەبێت، هەم دەکەوێتە ژێرپرسیاری جۆر بەجۆرەوە!

لەکۆتاییدا دەبێت ئەوە بڵێم کە هەتا تەواوی ئەم سیستمە ستۆکو خراپەی کە دەسەڵاتی کوردی دەقی لەسەر گرتووە نەگۆڕین، کێشەکان وەک خۆیان دەمێننەوە، هەتا حیزب لە حکومەت، دەسەڵاتەکان لەیەکتر جیانەکرێنەوە، قەیرانەکانی نێوان دەسەڵاتو خەڵک قووڵترو سەختتر دەبن، کێشەکان بە گۆڕینی دەموچاوەکان، بە دروستکردنی لیژنەبۆدیزەبەدەرخۆنەکردنی گەندەڵییەکان چارەسەرنابن ئەوە (١٨) ساڵە ئەم دەموچاوانە وەعدو بەڵێنمان پێدەدەن، کەچی نایبەنەسەر! دەموچاوەکان جێگۆڕکێیان پێدەکرێت کەچی تەنگەژەو کێشەکان هەروەک خۆیانن! سەدان لیژنەی پارەخۆریان بۆ دروستکردین، کەچی کەسێک نەدرا بە دادگا!

خـەڵـک چـاوی وەک چـاوی بـازەو دەسەڵاتیش شەمشەمەکوێرە!

# کۆشکی بڕیارو خواستی سەر شەقام



هیوا محەمەد

خـۆپـیـشـانـدانـی ئـاشـتـیـانـەو خستنەڕووی داخوازییەکان، مافی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەیە لە هەموو سیستمە دیموکراسییەکاندا، مەرج نییە خۆپیشاندان بە مانای ڕەتکردنەوەی کۆی سیستمی حوکمڕانی بێت، بەڵکو لە ئەنجامی وەڵام نـەدانـەوەی دەسـەڵاتـی ئـەو شـارە یان شارۆچکەیەیە بۆ داخوازییەکانی خەڵک.

لەو حوکمانەدا کە تەنها بۆ ڕیکلام باوەڕیان بە دیموکراسی هەیە، زۆر لە خۆپیشاندان دەترسنو پێیان وایـە، لە هەر سوچێکی وڵات خۆپیشاندان بکرێتو کەسێک بەشداری بکات ئیتر ئەو کەسە دژی دەسەڵاتو حیزبی خاوەن دەسەڵاتە.

ئـێـمـە جــاران لــە دژی بەعس خۆپیشاندانمان ئەنجام دەدا، واتا هەر خۆپیشاندانێک بکرابایە بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی حوکمی بەعس بوو، ئیتر ئەگەر هەوێنی خۆپیشاندانەکە هەرچییەک بوایە دەگۆڕدرا بۆ دژی ڕژێم، هەر بۆیەش پیاوانی ڕژێم بە ئاگرو ئاسن وەڵامیان دەدایەوەو پێیان وابوو، هەر نارەزایی دەربڕینێک هێزی پێشمەرگەی لە پشتە.

ئێستا لە کوردستاندا، کاتێک خەڵک جامی چاوەڕوانی لە بەرامبەر بەڵێنی درۆو پشتگوێخستنی خزمەتگوزارییەکان پـڕدەبـێـتو دەڕژێـتـە سـەر شـەقـام، کەچی لەبری ئـەوەی بەرپرسانی باڵا بە خۆشحاڵییەوە بـەرەو پیریان بچنو گوێیان لێبگرن، هێزی پۆلیسو چەکداریان بۆ دەنێرن کە ئەمانە نە بەرپرسن لە داخوازییەکانی ئەوانو نە هەڵگری زمانی گفتوگۆن، پۆلیس واتـا ئەگەر بەقسەت نەکردم هێز بەکاردەهێنم، ئەمەش ئەنجامی خراپی لێدەبێتەوە.

دەبـوایـە لە خۆپیشاندانی خەڵکی پیرەمەگرووندا، دەسەڵاتی کوردستانو لەسەروشیانەوە سـەرۆک وەزیـران، سوپاسی خەڵکەکەی بکردایە کە دەستی پارەخۆرو درۆزنەکان ئاشکرا دەکاتو دژی گەندەڵیو پشتگوێخستنی میللەت ڕژاونەتە سەرجادە، دەکـرا پارێزگاری سلێمانیو ئەو بەرپرسە حیزبییانەی لە بۆنە خۆشەکاندا (بەمەقەستێکەوە) دەکـەونـە قردێلەقرتاندنو پرۆژەکان دەکـەنـەوە، بەپەلە خۆیان بگەیاندایەتە خەڵکو داواکارییەکانیان وەربگرتنایە، ئاخر سـەرۆک شارەوانییەکی شارۆچکەیەک دەبێت چی بێت، ڕێگە بەخۆی بدات دوای ئەمەی کە کـارە خزمەتگوزارییەکانی دواخستووە، تاوانباریشیان بکات بەوەی کە ئەو هەموو پرۆژە جێبەجێکراوە بە پاکی خراوەتە بەردەستیانو نایبینن؟ ئەمەیە بەڕێوەبەرانی حوکمی دیموکراسی کە قسەی نابەجێ بگرێتە خەڵک؟

ئـەمـڕۆ خـەڵـک گوێبیستی وتـارە بریقەدارەکانی ناو کۆشکەکانی دەسەڵاتە کە بە وشەی دیموکراسییانە دەڕازێنرێتەوە، بۆیە بە مافی خۆی دەزانێت کە دەستەکان لە ڕێگەی هـاوارەوە ئاشکرا بکات. ئەم خۆپیشاندانەو چەندی تر کە ڕوودەدەن لە ئەنجامی ئەو کەللەڕەقییەی دەسەڵاتە بەتایبەت لە سلێمانیو داننەنانی بە ئەنجامی هەڵبژاردنو نانبڕینی خەڵکو قۆرغکردنی هەموو شت بۆ خۆیو ئەو خەڵکەی ئەو دەسەڵاتەی قبوڵ نییە (جام کە پڕبوو لێی دەڕژێت)، دەبێت چاوەڕوانی ئەوەش بکەن کە ڕۆژێک دادێت (ئەگەر سوور بن لەسەر سیاسەتی بۆ خۆکێشانو دژایەتی ئەوەی لەگەڵم نییەو بەر نەدانی کورسیی دەســەڵاتو بەسەفتە ئاودیوکردنی دۆلارەکـانو کڕینی هەموو زەوییەکانی شارو هتد،..) ئەوە ئۆباڵی ڕوودانی هەر پشێوییەک دەکەوێتە ملی دەســەڵات، بۆیە دەبێت دەسەڵات لەپێناوی پاراستنی ئاسایشی وڵاتو نەڕووژاندنی (کە لە ڕێیەوە دوژمنانو ناحەزانی کورد سوودی لێببینن) هەنگاوی باش بنێتو جدیی بێت لە جێبەجێکردنی داخوازییەکانی خەڵکو سەیری ئەوە نەکات کە کێ جوڵێنەرەو چ گروپێک یان لایەنێک داوادەکـەن، وڵات هی هەموانەو بۆ هەموانە، لە هیچ سیاسەتێکدا پەسەند ناکرێت کە وڵاتێک هەرچی خێرو بەرەکەتی هەیە بچێتە گیرفانی کۆمەڵێک خەڵکو ئەوەش لەگەڵیدا نەبوو بێبەش بکرێت لە مافەکانی.

ئەو بەرپرسەی کە نایەوێت وەڵامی پێداویستییەکانی خەڵک بداتەوە، ئەوە خۆی لە خۆیدا دژی ئەزموونی بەدەستهاتووەو دەیەوێت خەڵک بێزار بکاتو بیانڕژێنێتە سەر جادە، لەم کاتەشدا دەبێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە شیرازەو کۆنترۆڵ لەدەست دەدرێـتو خراپی دەهێنێتەکایەوە، ئەو دەســەڵاتــەش یـان ئـەو بەرپرسەی کە بەپیر داخوازییەکانی خەڵکەوە دەچێتو هەمیشە لـە بـەرەی خەڵکدایە، ئـەوە کەسی نیشتمانپەروەرو دڵسۆزی خاکی خۆیەتیو ئێمە کە هەمیشە وەک کورد دەیـان ساڵە مافخوراو بووین، ئێستا دەمانەوێت بە ئاسوودەییو لە ژێر چەتری دیموکراسیدا بژینو هەوڵی پێشخستنو بەشارستانیکردنی وڵات بدەین.

پێویستە دەســەڵات ڕێـز لە توانای خەڵک بگرێت، دەبێت لە ئەڵقەی چاوەڕوانی بێسنووردا نەیانهێڵێتەوەو بەرپرسەکانیش بەسەر قووتی ئەوانو بە پارەی پرۆژەکانی ئەوان کۆشک بەرز بکەنەوە، خۆپیشاندان واتای چی دەبێت، جگەلەوەی دەسەڵات بیربکاتەوەو بە چاوی گرنگییەوە بۆی بڕوانێت کە ئەمە خەڵکە بەگشتیی نارەزایی دەردەبڕێت نەک چەند کەسێک، ئەمە خەڵکە پێتان دەڵێت، دروشمەکانتان بریقەدارن، بەڵام بەڵێنەکانتان هەموویان ئێکسپایەر بوون.

هێزی ئۆپۆزسیۆنیش کە هەمیشە لایەنگری خەڵکە (لـە شتە ڕەواکـانـدا) دەیـەوێـت ئەو بەڵێنانە بهێنێتەدی کە بەخەڵکی داون، جا ئەگەر بکرێت لە ڕێگەی پەرلەمانەوە پرۆژەیاساکانی پەسەند بکرێن، ئەوە دەتوانێت بڵێت، ئێمە بەڵێنەکانی خۆمان هێنایەدی، ئەگەر نا ئەوە ئۆتۆماتیکی دەکەوێتە ناو بەرەی خەڵکەوە بۆ گرتنەبەری شێوازی تر بۆ بەدەستهێنانی داخوازییەکانیان، چونکە لە سیستمی پەرلەمانیدا لە وڵاتانی دیموکراسیدا مافی ئەندام پەرلەمانە چۆنی بووێتو لە چ شوێنێکدا پێی خۆش بێت سەری پیادا بکاتو گوێ لە داواکانی خەڵکو کێشەکانیان بگرێتو چۆنیشی بوێت بەشداری لە چالاکییەکانیاندا بکات (بە مەرجێک مەترسیی بۆ سەر ئاسایشی وڵات نەبێت)، دیـارە ئەم کـارەش زیاتر ئـەو ئـەنـدام پەرلەمانانە دەیـکـەن کە سەر بە ئۆپۆزسیۆنن. ئەوە خەتاو کفر نییە کە پەرلەمانتارێک قسە بۆ خەڵک بکاتو شێوازی خەباتی پیشانبدات بۆ بەدیهێنانی داخوازییەکانی، ئەوە تاوانە کە پەرلەمانتارێک لە ڕێگەی توندوتیژییەوە تاکی وڵات هانبداتو بیەوێت ئاژاوە بنێتەوە لە جیاتی بەدەستهێنانی داخوازییەکان.

دەبێت دانیشتوانی کۆشکو دەستە بەڕێوەبەرەکانی ئەوە دەرک پێبکەن کە مەرج نییە هەموو داخوازییەکانی خەڵک لە ڕێگەی نامەو بەرزکردنەوەی سکاڵاوە بگاتە دەستیان، چونکە زۆرن ئەوانەی بەرژەوەندیی خۆیانی تێدا بەپارێزراو نابینو ناهێڵن داواکانیان بگاتە جێی خۆی، بۆیە دەڕژێنە سەر شەقام، با دانیشتوانی کۆشکەکانی بڕیار بێنەدەرو بەپێی خۆیان ئەو شوێنانە بەسەر بکەنەوە کە خاڵی گلەیی خەڵکن، نەماندی چ بە ئاشکراو چ بە نهێنی بەرپرسێکی حیزبی یان بەڕێوەبەرێکی گشتی لەسەر کار لاببرێتو لە ڕۆژنامەکاندا بەڕاشکاویی باسی لێبکرێت کە ئەمە لەسەر گەندەڵی وای لێکراوە تا کاکی بەڕێوەبەری شارەوانیی پیرەمەگروونیش ترسێکی لە بەدینەهێنانی کارە خزمەتگوزارییەکانی لە دڵدا بێتو ڕێزیش بۆ تاک دابنێتو بە دوو چاوی تێرەوە خەڵک بە کوێر نەبینێت.

# با لە ئێستاوە لە ئامادەباشیدا بین

**ئازادی کاک مستەفا**

(١)

ئاشکرایە بەر لە ڕووخاندنی بلۆکی سوشیالیستیی ڕۆژانە میللەتانی لاوازو بێ هێزی دنیا لە نێوان ململانێی هێزە زلهێزەکان دەهاڕدران... دیارە بەشی شێری بەر کورد کەوتووە لەو چەوساوانە لە لایەک دابەشکراوە لە هەموو بەشەکانیش مافی ژیانی مرۆڤی ئاسایی نەبوو لەوەی کە نەتوانرێ زمانی خۆی بە ئازادیی بەکاربهێنێ لێرەوە دەست پێ بکە، تاوەکو ئەوەی نەتوانێت کیانێکی بچووکی خۆی هەبێت.

(٢)

پاش ئەم کراوانەوەیە، کە ئێستا هەموو دنیای گرتووەتەوە، خۆشبەختانە پرسی کورد هاتووەتە پێشەوە، بە جۆرێک هاتووەتە پێشەوە، کە ناتوانرێت پرسی کورد پشتگوێ بخرێت، لە عێراقدا پرسی کورد چووەتە ناو پارسەنگەوە واتا کورد قورساییەکی خۆی هەیە بە تایبەتی لەلای وڵاتانی زلهێز ئەوانەی لە ناوەوەنو لە دەرەوەش، سەرەڕای بوونی دوژمنێکی زۆر لە دەرەوەی ئەو بازنەیەدا... ڕۆژانە هەوڵی لەبیرچوونەوەو لێدانی کورد دەکرێت بە هەموو شێوەیەک لە شێوەکان!!

(٣)

گەورەترین ژمارەی کورد لە دابەشکردندا بەر تورکیا کەوتوون ئەم بەشە لە هەموو ڕوویەکی ژیانیشەوە زۆر لە دواوەیەو داننان بە بوونی کورددا، لەو وڵاتە ئەوە هەر مەحاڵ بوو سەرەڕای بوونی شۆڕشو ڕێکخستنی کوردیی، بەڵام ئەوانە زۆر لەوەش گەورەتر کاریگەریی ئەوتۆی نەبوو گرفتەکە لە تورکیادا بۆ پرسی کورد، تەنیا لەلای حکومەتەکانی تورکیا نییە، بەڵکو لەلای میللەتی تورکیشە، چونکە تاکە تاکەی ئەوانیش بڕوای بە بوونی کورد نییە... دیارە هەر لە سەرەتاوە وا پەروەردە کراوەو گۆشکراوە «کاتی خۆی لە هەشتاکاندا ئینوستووتی کورد لە پاریس دامەزراو سەفیری تورکی داوای لە پاریس کرد، کە ئەو ئینوستووتە دابخرێتو ڕێگەی پێ نەدرێت، فەرەنسا پرسیاری لێ کرد، کە ئەوە تایبەتە بە کورد، ئایا چ پەیوەندییەکی بە ئێوەوە هەیە؟ بۆچی کورد لای ئێوە هەیە؟ تورکیا لەبەر ئەوەی نەڵێت بەڵێ کورد هەیە لای ئێمە دەمکوتی لێکرد وازی لە داواکەی هێنا، تەنیا بۆ ئەوەی نەڵێت بەڵێ کورد هەیە لای ئێمە».

(٤)

تورکیا هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ نەبوونی کورد پیادە کردووە، هەر لە حەشاکردنەوە تاوەکو کاری سەربازییو دیارە ئەمانە هەمووی کاریگەریی خۆی هەبووە بۆ سەر کورد، ئەمەش بۆ ماوەیەکی ئێجگار دوورو درێژ، بەڵام ئەوەی لەبەردەم کورددا مابوو تەنیا بەرگرییە لە بوونی خۆی لە ڕێگەی شۆڕشەوە، خۆڕێکخستنو دەستبەردارنەبوون بوو لە هەوڵەکانی خۆی تەنیا بۆ مانەوەو زیندوویی پرسی کورد.

(٥)

ئەم کەشو هەوایەی، کە پێیدەوترێت دنیای کراوەو مافی مرۆڤو عەدالەت لە دونیادا تورکیاشی گرتووەتەوە، کەواتە چاری ناچارە دەبێت باس لەم پرسە بکات، دیارە ئەمە زۆر عاقڵانەیە تورکیا دەزانێت، کە چیتر نە بەوشێوەی جاران دەتوانێت مامەڵە لەگەڵ کورد بکات، نە بۆشی دەکرێت بیخاتە ژێر لێوەوەو بەنهێنی بیهێڵێتەوە.. دیارە ئەمە ئازایەتییەکی دەوێت حکومەتی تورکیا بیکات. وەک باسمکرد ئەو هەموو پەروەردەکردنو گۆشکردنەی تورک بەرامبەر بە کورد وا بە ئاسانی میللەتیان بۆ پەشیمان ناکرێتەوە...

ئەوەتا ورد ورد هەنگاو دەنێن بۆ ئاشنابوونی پرسی کورد لە ناوخۆدا.. گرنگ ئەوەیە باس لەوە دەکەن، کە کورد هەیە ئێستا ئەندام پەرلەمان هەیە، (TV) هەیە، ڕۆژنامە، حیزب... هتد، ئەگەرچی زۆر کەمە، کەواتە پرسی کورد دونیای لێ بەئاگایە، ئەی چۆن چارەسەر دەکرێتو چی بۆ دەکرێت؟، کەی؟ ئەمانە هەموو زۆر دەخایەنێت... ڕەنگە پرسیارێک بکرێتو بڵێین؛ ئەی بۆچی هەتا ئێستا کاری سەربازیی ڕانەگیراوەو تازەش دەکرێتەوە، بەڵێ ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەوە بۆ دەمکوتکردنی ئۆپۆزسیۆنو نەیارەکانی کوردە، چ لە ناوەوەو چ دەرەوەی تورکیا.

(٦)

مەبەستی سەرەکیم لەم خاڵەی کۆتاییدایە، ئەویش ئەوەم بەبیردا هات، کە کاتی خۆی بۆچوونێک هەبوو، کە بریتیی بوو لەوەی بەشی عێراقو تورکیای کوردستان «کوردلاند» یەک بخرێت، واتە بەشی کوردستانی عێراق بخرێتە سەر تورکیا... ئەمە بۆ؟

لە لایەک ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دڵی تورکیا ڕازی دەکەن، کە کێشەی موسڵیان بۆ چارەسەر کردو پانتایی وڵاتەکەیان بۆ زیادکردووەهەموولایەنەداراییوئابوورییەکانی بۆ چارەسەر دەکات، ئەمە بێ لەوەی مەبەستی سەرەکی بۆ تورکیا هەنگاوێکی گرنگە، کە بچێتە ناو بازاڕی ئەوروپاوەو پەیوەندییە سیاسییو ئابوورییەکانی لەگەڵ هەموو ئەو وڵاتانەدا بەهێزتر دەبێتو گەشە دەکات، لە پاشدا پێگەیەکی بەهێزی دەبێت لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەمە لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە ڕەنگە ئەمریکاو هاوپەیمانان بیانەوێت کورد ڕزگار بکەن لەدەست حکومەتەکانی عەرەبو فارس، لە لایان ئاشکرایە ئەمەندەی حکومەتی تورک دڵسۆزە بۆیان، ئەوەندە عەرەبو فارس دڵسۆزو گوێڕایەڵ نین بۆی.

ئەگەر هاتوو ئەم ئەگەری یەکگرتنەوەی دوو بەشی کوردلاندە ڕوویدا، دەبێت بەشی عێراق خۆی ئامادە بکات بۆ چەند گیروگرفتێک، دیارە هەردوو بەشەکە لەژێر باڵی سیستمی جیاوازدا ژیاونو کالچەریان لە یەک جیاوازە، پاشان بەشی عێراق ماوەیەکی زۆرە لەچاو ئەواندا خەریکی ڕێکخستنی ماڵی خۆیەتی بەبێ دەست تێوەردانی حکومەتی ناوەندی بە هەرحاڵ زۆر جیاوازی هەیە لە زۆر ڕووەوە، لەڕووی ژمارەوە ئەوان زۆر زیاترنو بچووکترین شت جۆری نووسینو ئاخاوتنە، کە ڕەنگە ئەوە گرفتێکی گەورە دروست بکات پاشان ئابووریی زۆر جیاواز لە هەموو ڕوویەکەوە.

بۆیە دەڵێین؛ دەبێت هەرێم لە ئێستاوە ئەو ئەگەرە بە جدیی بگرێتە بەرچاو.

> **لە عێراقدا پرسی کورد چووەتە ناو پارسەنگەوە واتا کورد قورساییەکی خۆی هەیە**

**ڕوونکردنەوە**

لە لاپەرە (٨)ی ژمارەی ڕابردوودا لێدوانێک بەناوی ڕزگار عەلی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوکەوە بڵاوکراوەتەوە، ئەو لێدوانەی بۆ ڕۆژنامە نەبووە بۆیە داوای لێبوردنی لێدەکەم.

**شاڵاو محەمەد**

# پەرلەمان ئاگای لە سەرۆکی حکومەتە؟



**مەهدی ئەبوبەکر**

د.بەرهەم ساڵح، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێش ئەوەی ببێتە سەرۆکی حکومەتو بە ئێستاشەوە کە خاوەنی دامەزراوەی ڕۆژنامەوانیی خەندانەو ئەو دامەزراوەیەش خاوەنی چەند ڕۆژنامەو گۆڤارو سایتێکی ئەلەکترۆنییە، لەپاڵ ئەو دامەزراوە میدیاییەدا خاوەنی هەردوو پڕۆژەی (هیواو ئەلواعیدون)ە کە مانگانە پارە بە خوێندکارە یەکەمەکانی زانکۆ دەدات لەسەر ئاستی کوردستانو عێراق.

با تۆزێک بەوردتر باسی ئەو پڕۆژانەی بەڕێز سەرۆکی حکومەت بکەین: یەکەمیان کە دامەزراوە میدیایەکەیەتی، مانگانە ڕاستەوخۆ لەلایەن د.بەرهەمەوە (١٠٠)هەزار دۆلاری پێدەدرێت، ئەوە جگە لەو پارەیەی کە بە گۆڤاری ئەلئسبوعییەی دەدات کە بە زمانی عەرەبی لە بەغدا دەردەچێت کە ئەویش بە دڵنیاییەوە لە (٥٠)هەزار دۆلارێک کەمتر نییە.

پڕۆژەکانی هیواو ئەلواعیدونیش پارەیەکی زۆر بێشوماریان بۆ خەرج دەکرێت، بۆ نموونە تەنها پڕۆژەی هیوا کە تەنها لەسەر ئاستی زانکۆکانی کوردستان کار دەکات، مانگانە بڕی (١٠٠)هەزار دینار بە زیاتر لە (٢٠٠٠)خوێندکار دەدات کە بە لێکدانەوەیەکی کەم دەکاتە نزیکەی (٢٠٠)هەزار دۆلار. ئەلواعیدونیش کە لەسەرانسەری عێراقدا کار دەکات، چەند قاتی ئەوە پارە دابەش دەکات.

ئەو هەموو پارەیە کە مانگانە دەکاتە زیاتر لە نیو ملیۆن دۆلار، هەمووی ڕاستەوخۆ لەلایەن د.بەرهەمەوە دەدرێت!

دەپرسین: بەڕێز د.بەرهەم کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، ئەو پارە قەبەیە لە کوێ دەهێنێتو چۆنی پەیدا دەکات؟ ئایا سەرچاوەی پارەکەی ناوخۆییە، یان دەرەکییە؟

لەوانەیە، ئێمە بە قەد پەرلەمان مافی ئەو پرسیارەمان نەبێت، بۆیە هەقێکی یاسایەی پەرلەمانە، پرسیاری لێبکات تا بزانێت سەرچاوەی ئەو پارەیەی سەرۆکی حکومەتەکەی لە کوێوەیەو کێ بۆی دابیندەکات؟

بە گوێرەی سەرچاوە ئاگادارەکان، لایەنێکی دەرەکی ئەو پارەیە بۆ د.بەرهەم دابین دەکات، تا ئەو کارە میدیاییو «خێرخوازییانە»ی پێ بەڕێوەبەرێت.

دیسان مافی ڕەوای پەرلەمانە، بانگی بکاتو پرسیاری لێبکات، ئەو لایەنە دەرەکییە ئەو پارەیە بۆچی دەداتە د.بەرهەمو لەبەرامبەر ئەو پارەیەدا د.بەرهەم چی بۆ ئەوان دەکات؟

بەڕێز، سەرۆکی حکومەت زۆربەی ژیانی لە ئەورووپاو ئەمریکا بەسەربردووە، بەڕێزیان لە هەمووان باشتر دەزانن کە لەو وڵاتانەدا وەرگرتنی چەند سەد دۆلارێک نەک ئەو بڕە پارە زۆرە نەک تەنها لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە، بەڵکو لەلایەن وەزیرێک یان پەرلەمانتارێکەوە لەلایەنێکی دەرەکی تەنانەت لە کۆمپانیا خۆماڵییەکانیش، ئەنجامی یاسایی قورسی لێدەکەوێتەوە کە هەندێکجار دەگاتە بەندکردن.

ئەگەر وەڵامی د.بەرهەمو یارانیشی ئەوەیە کە ئەو پارەیە سەرچاوەکەی ناوخۆییە، دیسان پرسیاری ئەوە بەرۆکیان دەگرێت، ئایا ئەو لایەنە ناوخۆییە، ئەگەر کۆمپانیایە یان هەر شتێکی ترە بۆچی پارە بە بەڕێزیان دەدات بۆ کاری میدیاییو «خێرخوازیی»؟ ئایا د.بەرهەم لەپای ئەو پارەیە چ پاداشتێکیان دەداتەوەو چۆن بەرژەوەندییان دەپارێزێت؟ ئایا ئەو لایەنە، یان ئەو لایەنانە بۆچی تەنها پارە بە جەنابیان دەدەنو تەنانەت بە بەڕێز ئازاد بەرواری، جێگری د.بەرهەمی نادەن؟ دیارە ئەگەر سەرچاوەکە ناوخۆیش بێت هەر موویەکی تێدایە.

لەهەموو بارەکاندا سەرچاوەی پارەکە ناوخۆیی بێت یان دەرەکی، لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە ئەو کارە نایاساییەو لەو ڕاستییەش ناگۆڕێت کە پێویستە پەرلەمان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکات.

باشە پەرلەمان کاری چییە ئەگەر ئەو مەسەلەیە نەکاتە کەیسێکی یاسایی لەسەر سەرۆکی حکومەت؟ پەرلەمان کاری چییە ئەگەر لێی نەپرسێتەوە کە بۆچیو بە چ یاسایەک ئەو پارەیە وەردەگرێت؟

**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٥٣٣١٩٢٠٠٣ - ٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان ڕەشید** - **هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨
serwan_rm@yahoo.com
٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

# ڕاگەیاندنێک لە KNNەوە

**بۆ بەڕێزان:**

- **سەرۆکایەتی پارلەمانی کوردستان**
- **سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان**
- **سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
- **سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان**
- **ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی کاری ڕۆژنامەوانی..**

دوای سڵاوو ڕێز...

کەناڵی (KNN) (تۆڕی هەواڵی کوردی) کەناڵێکی کوردیی هەواڵی سەربەخۆیەو کاردەکات بۆ گەیاندنی هەواڵو زانیاریی ڕاستەقینە بە خەڵکی کوردستان، لەماوەی ساڵێکی تەمەنی کاردکردنیدا ڕووبەڕووی حاڵەتی جیاوازی کاری ئیهانەو سوکایەتی پێکردنو لێسەندنی کامێراو دەستبەسەرا گرتنی کاسێتی پەیامنێرو وێنەگرانی بووەتەوە، دوا کاری سەرپێچی شکاندنی یاسا بەرامبەر (KNN)لە شاری خانەقین بوە لە کاتی یادی عاشورادا، ڕۆژی ٢٠٠٩/١٢/٢٧ بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیان بە ناوی (حسێن مەنسور) ڕێگریی لە کارکردنی تیمی کەناڵەکەمان کردووەو کامێرای لە پەیامنێرمان (هێرش سەنگەری)سەندووە، بە بیانوی پاراستنی ئاسایشو ئارامیو وەک ئەوەی مامەڵەی لەگەڵ چەکدارێک کردبێت، پاش ماوەیەک لە ئیهانەو وشەی ناشیاوو لێسەندنی کامێرا، دەستی بەسەر کاسێتەکەدا گرتووەو نەیهێشتوە مەراسیمەکە بکاتە ڕاپۆرتو کاری ڕۆژنامەوانی.

**بەڕێزان..**

- بەگوێرەی یاساکانی کاری ڕۆژنامەوانی نێودەوڵەتیو پەیماننامە دانپیانراوەکانی ئەو بوارە مامەڵەی هاوشێوە پێچەوانەی یاسا ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستانیو نێودەوڵەتییە.. بۆیە داواکارین سنوورێک بۆ ڕێگرییو دژایەتیکردنی میدیای ئازاد دابنێن بەتایبەت کە جگە لە دژایەتی ڕاستەوخۆ بەردەوامیش سیاسەتی بێبەشکردنو ئاگادارنەکردنەوەمان لە کۆنگرەو کۆبوونەوە فەرمیەکانی ئەنجومەنی وەزیران بەرامبەرمان ئەنجام دەدرێت.. لە کاتیکدا نەبوونی زانیاریی یا زانیاریی چەواشە بەشێوەیەکی بنەڕەتی کاردەکاتە سەر ئاستی (کوالێتی) بەشداربوونی هاوڵاتییان لە پرۆسەی بڕیارداندا. هاوڵاتییان پێویستییان بەوەیە لە ڕێگەی میدیای ئازادەوە بگەنە زانیاریی بۆ ئەوەی گونجاوترین میکانیزم هەڵبژێرن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گرفتەکانیان هەموو کەس مافی ئەوەی هەیە ئەو زانیاریانەی دەستکەوێت کە دەیانەوێت، ئەرکی حکومەتە کە هاوڵاتییان ئاگاداربکاتەوە لە بڕیارو یاساو ڕێساکان.

ئەم مافە ڕێ بە هاوڵاتییان دەدات کە دەستی بگاتە تۆماری گشتییو کۆنووسی کۆبوونەوەو نامەو ڕاپۆرتە تەکنیکییەکانو ڕوپێوی زانستیو هەر بەڵگەنامەیەکی تر کە لایەن بودجەی گشتییەوە پارەی بۆ دابیندەکرێت. هەروەها ئەو زانیارییانەی کە تایبەتن بە پلاندانان وپرۆگرامو پرۆژەکان.

داواکارین ئەم یاداشتەمان ببێتە هۆی بەدواداچوونو ڕێگرتن لە دووبارەبوونەوەی کاری لەوشێوەیە.

**تۆری هەواڵی کوردی (KNN)**
**info@knnc.net**
**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سلێمانی ٢٠٠٩/١٢/٢٧**

# بۆ بانگەشەکردن لە کەرکوک، تکایە وریابن!



داناعەسکەر

**چەندە ئێوەمانان خۆتان بۆ بانگەشەکردن ئامادەدەکەن، نەیارەکانیشمان دەیان قات چاوەڕوانی پێکدادانی هەوادارانی ئێوە دەکەن**

زۆرجار بوونی دیموکراسی بەتایبەتی لەسەرەتای بوونیدا، تەنها لەسیاقی ئازادیدا تەماشادەکرێتو ئەوەی لەپشتی دیموکراسییەوە کێشەی لێدەکەوێتەوە کە هەمیشە لەبیر دەچێتەوە ئەوەیە کە ئێمە چۆن دیموکراسییانە بیردەکەینەوە، ئێمە بڵێینو نەڵێین لەسەرەتاکانی دیموکراسییەتدا هەنگاو دەنێین، بەڵام هەنگاونان بۆ دیموکراسیو ئازادیی رادەربڕین پێوەری تایبەتی هەیە، دەبێت ئێمەی کورد زۆر بە وریاییەوە لێی بڕوانینو بەردەوام مەرجەکانی دیموکراسی تەنها لە سیاقی ئازادیدا تەماشا نەکەین، بەتایبەتی لەوڵاتێک کە لەسەرەتای دیموکراسیدایە، هەموو لەبیرمانە لە کاتی بانگەشەکردن بۆ لیستو قەوارەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکانی هەرێمو دواتر کە ململانێکان ئاڕاستەی توندوتیژییان وەرگرتو لە زۆر شوێندا تەنانەت سووکایەتی بە یەکترکرا، ئەمە لە کاتێکدا ئەو سێ شارەی هەرێمەکەمان زیاتر لە (١٨)ساڵە بەشێوەیەکی ئارام ژیان دەگوزەرێنن، ئەوەی لای من مایەی قسەکردنە لەسەر ئەو دیموکراسییە، ئەوەیە کە بەداخەوە لیستو قەوارەسیاسییەکانی کوردستان، دەبوو پێش دیاریکردنی ژمارەو ناوی قەوارەکان، بیریان لەو ئەزموونە تاڵەی بانگەشەکانی هەڵبژاردنی هەرێم بکردایەتەوەو لە بەرامبەر کەرکوک هەوڵی جیدی بدەن تاکو هەمان سیناریۆ لە کەرکوک دووبارە نەبێتەوە، چونکە بە راستی کەرکوک ئەو جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ بانگەشەکردن هەڵناگرێتو دڵنیابن ئەگەر بە هەمانشێوەی هەرێم بێت، ئەوا ریسی هەنگاوەکانمان لێدەبێت بەخوریو هێندەی تر لە نەزەری نەیارەکانی کورد ناشرین دەبینو مەسەلەی کەرکوک هێندەی تر ئاڵۆز دەبێت، راستە بوونی ئۆپۆزسیۆن بوو بە ئەمری واقیعو هەموو قبوڵیانەو خەڵکیش ئازادە لە دەنگدان بەکێ، ئەوەی نابەجێیە دەبوو قەوارەسیاسییەکان بەر لەهەموو شتێک بیرێکیان لەواقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کەرکوک بکردایەتەوەو هەوادارو لایەنگرانی خۆیان لە بەیەکداچوون ئاگاداربکردایەتەوە کە بە بڕوای هەموان لە ئاسات ئەم مەسەلەیەدا یەکران، ئەگینا کێشەی زۆرمان بۆ دروست دەبێتو ئەوسا کەس ناتوانێت پێش لە هەوادارانی خۆی بگرێت، وەک ئەوەی لە شارەکانی تری هەرێم روویاندا. هەر لیستو قەوارەیەک ئازادە بانگەشە بۆ خۆی بکات، بەڵام دەبێت لە کەرکوک زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا بکرێتو هەوڵبدرێت لایەنە سیاسییەکان، ئەگەر لە هیچ مەسەلەیەکدا یەک نەگرنەوە لەسەر ئەم حاڵەتەی کەرکوک دیدێکی قوڵیان هەبێت، دەنا ئەگەر ئەوە نەکرا دڵنیابن رۆشنبیرانی کەرکوک بێدەنگ نابنو قسەی خۆیان دەبێت، چونکە مەسەلەی کەرکوک پەیوەست نییە بە لایەنێکی دیاریکراوەوە، کەرکوکماڵی گەورەی هەموومانەو دەبێت هەموومان بەچاو بیپارێزینو نەهێڵین بەرژەوەندی سیاسی، کەرکوکمان لێبکات بە دۆزەخ. ئەوەی ئەمڕۆ تەنانەت نەیارەکانیشمانی خستووەتە حاڵەتی ئامادەباشییەوە، مەسەلەی کەرکوکە لەنێوان هێزە سیاسییە کوردەکانو داهاتووی بانگەشەی هەڵبژاردن لە کەرکوک، بۆیە تکا لەهەموو قەوارەسیاسییە کوردەکان دەکەین، زۆر بە وریاییەوە لەم مەسەلەیە بڕوانو هەوادارانی خۆیان لەم مەسەلەیە ئاگاداربکەنەوە، بەتایبەتی بیرتان نەچێت، خەڵکی تریش دەیان چاوی قەرزکردووە بۆ تێکدانی بارودۆخی کەرکوک، ئەوەی رۆژانە لە مەسەلەی تیرۆرکردنی خەڵکو تەقینەوە کە بەئاسانی ئەنجام دەدرێت، دڵنیابن ئێستا بیر لەوەش دەکەنەوە کە چۆن پەشێویو نائارامی بخەنە دڵی دانیشتوانی کەرکوکەوە، بەتایبەتی لەنێوان لیستی گۆڕانو کوردستانیدا، حەقوایە لایەنە پەیوەندیدارەکانی کوردو قەوارەسیاسییەکان بەجیدی کار بۆ ئەم مەسەلەیە بکەن، ئەگینا چەندە ئێوەمانان خۆتان بۆ بانگەشەکردن ئامادەدەکەن، نەیارەکانیشمان دەیان قات چاوەڕوانی پێکدادانی هەوادارانی ئێوە دەکەن، بەتایبەتی بیر لەوەدەکەنەوە پەشێوی لە کەرکوک دروست بێتو نەتوانن هەڵبژاردنی تیا ئەنجامبدرێت کە خواستی نەیارەکانمانەو لەلایەکی ترەوە بۆ دونیای بسەلمێنن کە کورد ناتوانێت لە کەرکوک متمانە بە نەتەوەکانی تر ببەخشێت، ئەگەر نەتوانێت تەنانەت لەناو خودی کوردیشدا دیموکراسییانە مامەڵە لەگەڵ ئەم حاڵەتەدا بکات کە هەڵبژاردنە، سیاسەتکردن لە کەرکوک حاڵەتێکی تایبەتەو مەسەلەکان تەنها لە هەگبەی کورددا نین، بەڵکو زۆر لە مەسەلەی بانگەشەکردن هەستیارترە کە دەرئەنجام دەبێتە مایەی نیگەرانیی کوردی کەرکوکو لەوانەیە بوونی هەر حاڵەتێکی لەم جۆرە ببێتە مایەی کشانەوەی خەڵکی کورد لە پڕۆسەی دەنگدانو دەرئەنجام چۆن لە خورماتوو خەڵکی کورد لەسەر مەسەلەی ململانێی نێوان حیزبە کوردییەکان، هەمان سیناریۆ لەکەرکوکیش دووبارە دەبێتەوەو بەکەسیش پینە ناکرێتو تاوانەکەی دەکەوێتە ئەستۆی لیستو قەوارەسیاسییەکانی خۆمانو مێژووش لە بەرامبەر ئەم حاڵەتەدا رەحم بە کەس ناکاتو بۆ هەتایە کەرکوکمان لەکیس دەچێتو ئارەزووە نەتەوایەتییەکان دەبنە قوربانی ئارەزووە سیاسییەکان.

# کە تۆ لە مانای پۆپۆلیزم ناگەیت!

د. ئارام عەلی

**لە هەڵبژاردنی هاوینی ئەمساڵی هەرێمدا، زۆر دروشمی پۆپولیستیو دیماگۆگانە بە رادەی جۆراوجۆر چ لەلایەن دەسەڵاتو چ لەلایەن ئۆپۆزیسیۆنەوە بەرزکرانەوەو زۆر خەڵکیش هەبوون کە بڕوایان بەوە هەبوو، ئەو پارتو هێزانە دەتوانن خەونەکانیان بەدیبهێنن**

زۆر سەرم لەو کەسانە سوڕدەمێنێت کە بەبێ ئەوەی لە هەندێک زاراوەو تێرمین بە زمانە ئەوروپییەکان بگەنو سەر لە زۆر شت دەربکەن، کەچی زۆر بە چاوقایمی خۆیان لە قەرەیان دەدەنو بیری خەڵکی پێ رۆشندەکەنەوە. نازانم خوێنەر بە گێلو نەزان تێدەگەن، یا خۆیان تەنیا هێندەیان پێیەو توێشەبەرەی بیرو گەنجینەی زمانیان هەر هێندەی تێدایەو زانیارییان لەو ئاستە بەولاوە بڕ ناکات.

رەنگە ئەو جۆرە «نووسەر»و «رۆژنامەنووسانە» زۆر ناهەقیان نەبێت، چونکە زۆربەیان کە ئەگەر بەشی راگەیاندنی زانکۆ یان پەیمانگایان تەواو کردبێت، لەوانەیە هەر هێندە فێرکرابێتنو ئاستی فێرکەرەکانیشیان لەوەندە بەرزتر نەبووبێت. بە داخەوە زۆر لەو فێرکەرە خاوەنبڕوانامە بەرزانە هەن کە زمانی کلۆڵی کوردی تەنیا زمانی سەرچاوەی زانستو زانیارییانە، هەژارییو دەستکورتی کتێبخانەی کوردییش لەو لاوە بوەستێت، لە کەسیش شاراوە نیە، بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دواییدا زۆر وەرگێڕراوی ناتەواوو نادروست لە زمانەکانی ترەوە پەیدابوون کە شایەنی خوێندنەوە نین، چجای ئەوەی وەک سەرچاوەی زانستیی پشتیان پێ ببەسترێت. بە هەرحاڵ ئەوە بابەتێکە مشتومڕ زۆر هەڵدەگرێتو پێشئەوەی لە بابەتی سەرەکی ئەم نووسینە بدوێم، دەمەوێت بڵێم کە ئەرکێکی نیشتمانییو نەتەوەیی زۆر گەورە لەسەر شانی سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانی رۆژنامەو گۆڤارەکانە، چونکە بێجگە لەوەی کە ئەوان لە پاڵ ئەرکی رۆژنامەگەرییاندا کە گەیاندنی زانیاری راستو دروستە بە خوێنەر، دەبێت رۆڵی فێرکەریش ببینو بۆ نووسەرو رۆژنامەنووسە بەهرەمەندەکانیش فێرگەیەک بن، هەرچەندە گەنجینەو هەگبەی هەندێکیشیان بۆ خۆیان ئەوەندە پڕو رەنگین نییە، تا بتوانن بەو ئەرکەیان هەڵسن.

رۆژنامەنووسو سەرنووسەرو دەستەی نووسەرانەکانمان کە بەداخەوە خەریکە ژمارەیان بە ژمارەی خوێنەرانی چاپەمەنییەکان بگەنەوەو هەر رۆژەیشی ناوێکی سەیرو سەمەرە لەناو جیهانی رۆژنامەگەریی سەرگەردانی کوردییدا پەیدا دەبێت، لە راستیدا نەک تەنیا کەموکورتی لە نواندنی رۆڵیاندا هەیە، بەڵکو لە خودی ناونیشانەکانیشیاندا هەڵەو ناتەواویی هەیە. ئەگەر سەرنج لە دوو تێرمینی نادروستی دەستەی نووسەرانو سەرنووسەر بدەین، دەبینین کە تەنیا لە زمانی کوردییدا هەن، ئەگینا لە زمانە ئەوروپیو تەنانەت لە زمانی عەرەبیشدا، تێرمینی ریداکتۆر یان ریداکسیۆن(محررو هيئه التحرير) بەکاردێت کە مەبەست لێیان ئەو کەسانەیە کاری چاککردنو پوختەکردنی دەستنووسو ئامادەکردنی بۆ چاپ دەکەن، بەڵام بەداخەوە، ئێمە هەروەکو لە زۆربەی بوارەکانی تری ژیانی تایبەتو جڤاکیماندا، ناومان گەورەو دێمان وێرانە، لە بواری ماسمیدیاشدا ناوی هەڵەی قەبەو رۆڵی هەستپێنەکراومان هەیە.

پۆپولیزم یەکێک لەو وشەو تێرمینانەیە کە لە ژمارەی پێشووی «رۆژنامە»دا ببووە ناونیشانی بابەتێک. راستە گەلپەرستی شتێکی باشەو ئەگەر خۆشویستنی گەل ئامانجی سەرەکیمان بوایە، رەنگە رۆژگارمان گەشتر بوایە. راستیشە پۆپولیزم لە پۆپۆلۆس populusی لاتینییەوە وەرگیراوەو لە کوردیدا بەرامبەر گەل یا جەماوەری خەڵک دێت، بەڵام پۆپۆلیزم populism تەواو جیاوازەو واتایەکی نێگەتیڤانەی هەیەو دوورونزیک گەلپەرستی نییە. پۆپولیزم لە سیاسەتو ژیانی کۆمەڵایەتییدا هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە لە رێگەی دڵخۆشکردنی جەماوەری خەڵکو دروستکردنی بڕواو هیوا لە لایەن، بەوەی چارەسەری خێراو ئاسانی کێشە کۆمەڵایەتی، سیاسیو ئابوریيە سەختەکان لە ئارادا هەیە. پۆپولیستیش ئەو کەسەیە، کە لە رێگەی بەڵێندانی درۆو گفتی بێبنەماوە خەڵک هەڵدەخەڵەتێنێت کە باوەڕ بە بەرنامەو نەخشەکانی بکاتو بەبێ ئەوەی ئەوە بە بیری خۆیو خەڵکی دەنگدەریش بهێنێتەوە کە چاکترە بەردێک هەڵبگرین کە توانای هەڵدانیمان هەبێت.

لە ئەوروپادا کە کۆمەڵگەو پارتەکانی چەندان قۆناغ لە پێش ئێمەوەنو ئەزمونێکی زۆریشیان لە پابەندبوونو پەیوەستبوون بە گەمەی دیموکراتیو یاساو رێساکانیەوە هەیە، بەڵام تا ئێستاش پارتو کەسانی وا هەڵدەکەون، بەڵێن بە دەنگدەر دەدەن کە ئەگەر لە هەڵبژاردندا سەرکەوتن بەدەستبهێنن، ئەوا دەتوانن بە خێراترینو ئاسانترین شێوە بنەبڕی بێکاریی، یا گرفتی پەنابەریی، یاخود هەر کێشەیەکی تر بکەن، بەبێ ئەوەی کەرەسەی داراییان بۆ دۆزینەوەی هەلی کار هەبێت، یاخود هۆکارەکانی کۆچو پەنابەرێتی شیبکەنەوەو بنبڕبکەن.

مەحمود ئەحمەدی نەژاد سەرۆک کۆماری ئێران لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی یەکەمی بۆ سەرۆک کۆماریی، گفتی ئەوەی بە گەلانی ئێران دا کە ئەگەر بە سەرۆک کۆمار هەڵیبژێرن، ئەوا راستەوخۆ داهاتی زۆروزەوەندی نەوتی ئێران بەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵدا بەشدەکات، بەڵام کاتێک هەڵبژێررا نەک هەر نەیتوانی ئەو کارە بکاتو بەڵێنەکەی بەجێ بگەیەنێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە باری ژیانی خەڵکی رەشوڕووتی ئێرانی قورستر کرد، هەر بۆیە لە هەڵبژاردنی ئەمجارەیدا بەشێک لە دەنگدەرانی وریاو هۆشیار دەنگیان بۆ نەداو بینیمان هەڵبژاردنەوەی چ هەرایەکی دروستکرد.

بە داخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەو ژیانی سیاسیماندا دەیانو سەدان نموونەی پۆپولیزمو پۆپولیست هەبوونو ئێستایش هەن. گرفتەکەیش لەوەدایە کە خەڵکێکی بەرچاو بۆ ماوەیەک باوەڕ بەو جۆرە هێزو کەسانە دەکەنو لە کاتی هەڵبژاردنیشدا دەنگی خۆیانیان پێدەدەن.

لە هەڵبژاردنی هاوینی ئەمساڵی هەرێمیشدا، زۆر دروشمی پۆپولیستیو دیماگۆگانە بە رادەی جۆراوجۆر لە لایەن چ دەسەڵاتو چ ئۆپۆزیسیۆنەوە بەرزکرانەوەو زۆر خەڵکیش هەبوون کە بڕوایان بەوە هەبوو، ئەو پارتو هێزانە دەتوانن خەونەکانیان بەدیبهێنن.

کاتێک سەرکردەیەک یا پارتێک، چ لە پێش هەڵبژاردنو چ دوای هەڵبژاردن، حکومەت بێت یان ئۆپۆزسیۆن، بەرنامەیەک بۆ چارەسەری کێشەکان یاخود دروستکردنی پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەو چاکسازیی ژیانی کۆمەڵایەتی، ئابووریی یان رامیاریی پێشنیاز دەکات، بەبێ ئەوەی ئامڕازو کەرەستە یان زەمینەی جێبەجێکردنی هەبێت. کاتێک دەسەڵات نەخشەو پلانی پڕۆژەی ئاوەدانکردنەوەو چاکسازیی بە گەل رابگەیەنێت، بەبێ ئەوەی لایەنە پێویستەکانی دەستبەرکردنو جێبەجێکردنی پڕۆژەکەی ئامادەکردبێت، ناتوانرێت بێجگە لە پۆپۆلیستو رەفتاری پۆپولیستانە بەولاوە بە شتێکی تر ناوببرێن.

لەم چەند ساڵەی رابردوودا، زۆر جار زۆر پڕۆژەی خەیاڵپڵاویی هەبوونو لە رێگەی ماسمیدیاوە بە خەڵک راگەیەنراون کە زۆربەی جار تەنیا نیاز یان زیندەخەوێک بوونو هیچی تر. من باسی ئەو پڕۆژانە ناکەم کە بەهۆی گەندەڵییو دزیی راستەوخۆوە جێبەجێ نەکراون یان لە نیوەیدا بەجێهێڵراون، بەڵکو باسی ئەو پڕۆژانە دەکەم کە لەبەرچاونو بە شادەماری وڵاتو میکانیزمی بەڕێوەچوونی کۆمەڵگایەکی سەردەمییانە دادەنرێن، هەر بۆ نموونە، کاتێک باس لە دروستکردنی حکومەتی ئەلکترۆنیو بەستنەوەی هەموو فەرمانگەکانی هەرێم بە تۆڕی ئەلکترۆنییەوە دەکرێت، بەڵام هێشتا سەرچاوەی پێویستی وزەی کارەبا بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە رۆژانەییەکانی خەڵک، وەک روناککردنەوەی ماڵانو سەرشەقامەکان نییە، چجای لێت بمێنێتەوەو بەبەردەوامی تۆڕی ئەلکترۆنی، کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتی پێ بەگەڕ بخەیت، یاخود هەر ئەوەی کاتێک وەزارەتی کارەبا لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکەی هەرێمو دواتریش نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، دڵی خەڵک بەوە خۆش دەکات کە ئیتر لەمەودوا رۆژانە (١٦-١٨) کاتژمێر کارەبای نیشتمانی دەبێتو تا کۆتایی ساڵ هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم پێویستی بە کارەبای کەرتی تایبەت(واته محويله) نامێنێت، ئەمە جگە لە هەڵفریواندن، دەستبڕینو پۆپۆلیزم بەو لاوە شتێکی تر نییە.

ئەوەی من لەم نووسینەدا مەبەستم بووە، دەستنیشانکردنی ئەو کەسو هێزانەی کوردستان نییە کە بۆ راکێشانی دەنگدەرو بەدەستهێنانی پشتیوانیی خەڵک پۆپولیستانە رەفتار دەکەن، بەڵکو مەبەستی من ئەوەیە: با بزانین لە سەرەتادا چۆن زاراوە بەکاردەهێنین، ئەو کاتە دەست بە نووسین بکەین، دەستەی ریداکسیۆنو گەورە ریداکتۆر یان ریداکتۆری یەکەم (کە پێشنیازدەکەم لەبری دەستەی نووسەرانو سەرنووسەر بەکاربهێنرێن) دەبێت بە کارو ئەرکی خۆیان هەڵبسنو زۆرتر خۆیان ماندوو بکەنو نەهێڵن زانیاریی هەڵەو چەواشەکەر بە خوێنەر بگەیەنرێت کە وابزانم ئەمەش یەکێک لە سەرەتاییترین ئەرکو کاری ئەو بەڕێزانە.

# ٢٠١٠
# ساڵە خەتەرەکە


سیروان رەشید

بۆ کـورد، چوونە ناو ساڵی (٢٠١٠)وە تـەنـیـا گـۆڕیـنـی ژمـارەیـەکی حیسابی نییە، بەڵکو سەرەتای گۆڕانێکی خەتەرناکە کە چاوەڕواندەکرێت بەسەر کۆی کایەکانی ژیانی سیاسییو ئیداریی خەڵکی کوردستاندا بێت.

لە کاتێکدا چەند رۆژێکی دیکە دەچینە ساڵی (٢٠١٠)وە، دەسەڵاتداران بەکۆمەڵێک شکستی زۆرەوە دەمانخەنە ساڵێکی نوێوە کە پێدەچێت سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغێکی دژواربێت کە رووبەڕوومان دەبێتەوە.

لەسەرئاستی ناوخۆیی؛ نارەزایی هاوڵاتییان لە کەمیی خزمەتگوزارییو ئەدای حکومەت تا دێت رقئەستوورتر خۆی نمایشدەکاتو بێئومێدییەکی زۆر رویتێکردوونو لەحاڵەتی تەقینەوە نزیکبووەتەوە، چونکە حکومەتی هەرێم سەرباری ئیمکانیەتێکی دارایی باش کە بودجەی ساڵانەکەی لە وڵاتانی وەک؛ ئـوردونو سوریا زیاترە، بەڵام نەیتوانیوە هیچ یەکێک لە گرفتەسەرەکییەکانی هاوڵاتییان چارەسەربکاتو کارنامەی تازەی کابینەی نوێش بەشێوەیەکی گشتگیر باس لەچارەسەرکردنی گرفتە خزمەتگوزارییو کۆمەڵایەتییەکان دەکات بەبێ ئەوەی ئەولەویەت بۆ چارەسەرکردنی گرفتە سەرەتاییەکانی رۆژانەی هاوڵاتییان دابنێت.

هەروەها لە رووی ئیدارییەوە هێشتا بەهۆی سیاسەتە بەرژەوەندخوازییەکانی پارتیو یەکێتییەوە، کورد ناوماڵی خۆی رێک نەخستووەتەوەو ماڵێکی پەرتەوازەی هەیە کە بەفیعلی سیستمی حوکمڕانیی حکومەتی هەرێم دوو ئیدارەیەو پێشمەرگەو ئاسایشو بودجەی وڵات، حیزبی حوکمڕانیی سلێمانی بەجیا تەحەکومی پێوەدەکاتو هەولێریش بەهەمانشێوە، کە سەد لە سەد وەک (٤)ساڵ پێش ئێستایە.

لەسەر ئاستی عێراقی؛ مانگی ئازاری داهاتوو پرۆسەیەکی گرنگو مەترسیداری وەک هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق ئەنجامدەدرێت، کە بەنیسبەت کوردەوە ساڵێکی چارەنووسسازە، چونکە بەهەموو ماناکان، ئەو هەڵبژاردنە داهاتووی سیاسیی عێراق دیاریدەکاتو کوردیش سەنگو پێگەی لاواز دەبێتو لەناوەندی بڕیاردان لە بەغدا ئەگەری پەراوێزخستنی دەکرێت کە پێدەچێت مەترسییەگەورەکان لەم رووەوە بن:

* کارکردن بە (ئیستیحقاقی ئینتیخابی) لەبری (تەوافوقی سیاسیی)، بەمانای کار بە حوکمی (زۆرینەو کەمینە) بکرێت. تاریق هاشمیی گەورە سەرکردەی سوننە، هەفتەی ڕابردوو لە بەرنامەی (بلاحدود)ی کەناڵی جەزیرەدا وتی «هەولدەدەین لەمەودوا عێراق لەحکومەتی مکەوناتەوە بگۆڕین بۆ حکومەتی مواتەنە». ئەم لێدوانەش ئاماژەیە بۆ کارکردن بە حوکمی زۆرینەو پەکخستنی تەوافوقی سیاسیی.

* ئەگەری ئەوە دەکرێت حکومەتو پەرلەمانی داهاتووی عێراق، سیاسەتی (تەحجیمکردن) بەرامبەر بە مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمو حکومەتی هەرێم بەکاربهێنێت لە جۆری بچووککردنەوەی چالاکیو سەردانەکانی بۆ دەرەوە، کە بە دووریـش نازانرێت هەر لەو رووەوە، وەزارەتـی دەرەوە بە رەسمیی رایبگەیەنێت کە سەرۆکی هەرێم وەک هاوڵاتییەکی عێراقی بۆی نییە بەبێ پرسی ناوەند بە ئارەزووی خۆی سەردنی وڵاتان بکات، جگە لەوەی هەولی داخستنی پاشکۆی کوردی لەباڵیۆزخانەکانی عێراق لە دەرەوەی وڵات دەدات.

* مەترسییەکی دیکە ئەوەیە؛ مانگی ئابی ساڵی داهاتوو، ئەمریکا هەموو کەتیبە جەنگییەکانی لە هەموو ناوچەکانی عێراق بە کوردستانیشەوە دەکشێنێتەوەو تائێستا کوردیش روئیای لەوبارەیەوە رۆشـنو دلخۆشکەر نییە، ساڵی رابـردوو بارزانی بە رۆژنامەی شەرقولئەوسەتی وت «لەپاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، ئامادەین لەهەرێمی کوردستان رێگە بەکردنەوەی بنکەی سەربازیی ئەمریکا بدەین»، نوری مالیکیش لە (٢٠)ی ئابی هەمان ساڵدا رەخنەی لە کاربەدەستانی هەرێم گرتو چوار پرسیاری ئاڕاستەکردن، کە یەکێک لەوانە ئەوەبوو: «کێ مافی ئەوەی بە دەسەڵاتی کوردی داوە، بڕیاری دامەزراندنی بنکەی سەربازیی ئەمریکا لەهەرێم بدات؟».

* مەسەلەیەکی دیکە کە ئێستا بووەتە جێی نیگەرانیی حکومەتی بەغداو زۆرێک لە لایەنە سیاسییەکان بە سوننەو شیعەوە، بوونی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمە بەسەر کۆنترۆڵکردنی سنوورو هاتنو چوونەدەرەوەی وەفدو خەڵکانی بیانییەوە، بەغدا نایەوێت هەرێم ڤیزای هاتنەناوەوەو چوونەدەرەوە دەربکاتو فڕۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانی لەلایەن هەرێمەوە ئیدارەبکرێن. جگە لـەوەی هەولی لێسەندنەوەی دەسەڵاتی کۆنتراکتە نەوتییەکان لە حکومەتی هەرێم، دەدات.

تەنگژەکانی هەرێم لەگەڵ بەغدا، نەک هەر چارەسەر نەکراون، بەڵکو لە گرژیی زیاتردا دەخولێنەوە.

(٢٠١٠) ساڵێکی چارەنووسسازە بۆ کوردو پێدەچێت سەرەتای کۆتاییهاتن بێت بە مانگی هەنگوینی کورد لەگەڵ بەغدا.

serwan_rm@yahoo.com












چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩